# ئازادی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکییە

ژمارە(ئەزمونی)٣٠-١١-٢٠١٥



کاوە نادر



د.سالار باسیرە



بەیان دەربەندی



نەجیبە قەرەداخی



عەبدوالرحمان خەلیفە

- خۆپەرستی سیاسی و گوتاری پەرتکردن
- پرۆژەی بە هەرێم (کانتۆن) کردنی پارێزگاکانی هەرێمی (باشوری) کوردستان
- (٢٥)ی نۆڤەمبەر ڕۆژی بەرەنگار بوونەوی توندوتیژی دژ بە ژنان
- قەتیس بوون لە نێوان دەوڵەت و ئازادی دا
- تورکیا و پرسی هەڵبژاردن

# ناوەڕۆک




دۆخی ئاڵۆز و پڕ ململانێی حەشدی شەعبیی

یاسین تەها ٢٤



ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیا،
وڵات بەرەو شەڕ بردن

سەردار ستار ٤٨



لەدایکبوونێکی نوێ گۆڤاری "ئازادی کۆمەڵگە"

د.محمد کیانی ٣




٤

ڕێکەوتنی هێزەسیاسیەکان و شکسپێهێنانی پەرلەمان



## ئازادی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکییە



**خاوەن ئیمتیاز:**

محمد کیانی عبدالرحمان(د.محمد کیانی)

**سەرنووسەر:**

گۆران علی حسن (گۆران پێنجوێنی)

**دەستەی نووسەران:**

د.سالار باسیرە — سەردار ستار

بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی

کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

**ڕاوێژکاری یاسایی:**

پارێزەر هیلال ئیبراهیم

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان.
سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)

gmail.com@azadi1
www.facebook.com/Azadi Komelge
نرخ (٢٠٠٠) دینارە

# لەدایكبوونێكی نوێ گۆڤاری «ئازادی كۆمەڵگە»

لەگەڵ پێزانینمان بەوەی بازاڕی چاپەمەنی كوردستان گۆڤار و رۆژنامەی زۆری تێدایە، بە پێویستمان زانی گۆڤارێكی تر، بە تایبەتمەندییەكی تر زیاد بكەین. گۆڤاری ئازادی كۆمەڵگە وەك ناوەكەشی ئاماژە دەكات، تایبەتمەند دەبێ بە بواری گرنگی دان بە چەمكی ئازادی و چۆنیەتی بەدەستهێنان و پیادەكردنی لە كۆمەڵگەی كوردستان. لە كۆمەڵگای ئازاددا، مافی تاكەكانە كە هەڵگری بیروڕای تایبەتی خۆیان بن، مافی رێكخستنی ئازادانەیان هەیە لە كۆمەڵە و كۆمیون بە گوێرەی ویست و پێویستیەكانیان و مافی هەوڵدانیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانیان بێ ئەوەی ترسیان هەبێت لە لێپێچینەوە و ڕاوەدونان و ئازاردانی دەروونی و جەستەیی. لە كۆمەڵگەی ئازاد دا تاك هەلی بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی زیاتری بۆ دەرەخسی بەهۆی لابردنی ڕێگری لە بەكارهێنانی تواناكانی و دەربڕینی ویستەكانی و كاركردن و و بازاڕی ئازاد و چۆنیەتی بەدەستهێنانی سامان و رێكخستنی پەیوەندیەكانی بە كۆمەڵەوە لە چوارچێویەك لەگەڵ خواستی خەڵكانی دی ناهەموار و دژبەرنەبێ. بە دەستهێنانی ئەم جۆرە كۆمەڵگەیە، پێویستی بە ئاستێكی هۆشیاری باڵا و ئاگاداری تاكەكەكانی كۆمەڵگە هەیە بە مافەكانی خۆیان و هاوڵاتیانیان و چۆنیەتی كاركردن بۆ بەدەستهێنان و پیادەكردنیان لە كۆمەڵگە، بێ پێشێلكردنی مافی تاك و گروپەكانی دی. هەروەها بە سیستەمكردنی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگە بەجۆرێك بێت یاریدەدەری دەستەبەركردنی پێوستیەكانی مسۆگەر كردنی مافەكانی ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری، ئاخافتن و بیروڕای سیاسی و ئابوری و دینی و یەكسانی جێندەری و هەلی یەكسانی كارو پارێزگاری لە ژینگەییێكی تەندورست...هتد بێت. ئەم جۆرە ئازادیە دەستەبەر نابێت بەبێ هەبوونی دیموكراسی و پیادەكردنی بە مانا فراوانەكەی كە بێجگە لە دیموكراسی نوێنەرایەتی (Representative Democracy) پێوستی بە دیموكراسی بەشداری (Participatory Democracy). چونكە ئازادی تاك تا بەرفراونیش بێت بەبێ دیموكراسی دەبێتە هۆی ئافراندنی دیموكراسی نائازاد (Illiberal Democracy) كە لە خۆیدا جۆرێكە لە دكتاتۆریەت وەك ئەوەی ئێستا لە كوردستان پیادە دەكرێت. تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردستان دەبێ قاڵ بكرێنەوە بەوەی ئەوان خاوەنی ئەم خاك و وڵاتەن، مافیان هەیە و دەبێ بەدەستیان بهێنن وئاگادار و رێنمایی بكرێن، بە گوێرەی ئەزمونی گەلانی جیهان، لە چۆنیەتی دەستەبەركردنی مافەكانیان. گۆڤاری ئازادی كۆمەڵگە دەرگەی كراوە دەبێت بۆ شەن و كەو كردنی ئەم بابەت و بۆچوونانە. لە هەلومەرجی ئێستا كوردستانی پارچە پارچەكراو، هەر پارچەییێكی كوردستان تایبەتمەندییێكی خۆی وەرگرتووە، بەڵام لە هەمانكاتدا، پرسی نەتەوایەتی كوردستان و دۆزەكەی پێكەوە بەستنێكی ئۆرگانیكی هەیە كە پێویستی بە مامەلەییێكی ژیرانە هەیە لە چۆنیەتی گەڵاڵەكردنی پڕۆژەی ناوچەیی (پڕۆژەی پارچەكانی كوردستان) و نەتەوەیی سەرتاسەری كوردستان و پەیوەندی پارچەكانی كوردستان و هێزە سیاسیەكانی كاریگەریان هەیە لە كاتێكی وەك ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم كاتەی ئێستا ئاوسە بە هەلی دەستكەوتی لەبار و مەترسی چەقبەستن و دۆڕان. بێگومان لەكاتێكی وادا كە كوردستان بە بارێكی واهەستیار دەرباز دەبێ كە بەشەڕی جیهانی سێیەم بەناو دەكرێت، گۆڤاری ئازادی كۆمەڵگە كە گۆڤارێكی سەربەخۆیە و لەهەموو لایەنێكەوە پشت بەخۆی و نوسەر و رۆژنامەنوسەكانی دەبەستێت، هەموو هەوڵێكیشی بۆ ئەوەیە كە بەرەی خەڵك و نەتەوەیی و ئازادیخوازان پتەو بكات. گۆڤارەكەمان كە بە راپۆرت و دۆسیە و لێكۆڵینەوە و بەدواداچوون و نووسینەكانت دەرازێتەوە، لەسەر ئەو بنەمایی كە ئەم گۆڤارە لایەنی هزری، سیاسی و جڤاكی لەپێشە، پرسە كەلتوری و رۆشنبیریە گشتیەكانیش لەبیرناكات، لەسەر ئەو بنەمایەیە دەڵێین دەركەوتنی گۆڤارێكی وا كارێكی هەستیار و ستراتیژیە. سەركەوتوبێ راگەیاندنی ئازاد، سەركەوتوبێ گۆڤاری ئازادی كۆمەڵگە.



د.محمد كیانی
خاوەن ئیمتیاز

## ڕێکنەکەوتنی هێزەسیاسیەکان و شکستپێهێنانی پەرلەمان




یەکەمین ئەزموونی هەلبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی لەکوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە(١)ی بەرەی کوردستانی لە ١٩\٥\١٩٩٢ بەسەرپەرشتی و چاودێری نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی بیانی لەبواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپاو ڕۆژنامەنووسانی بیانی ئەنجامدرا.

### (لە پەرلەمانی کوردستان کەس لەماڵ نیە وپشوی هاوینەیە)

ئەگەر سەرنج و گوێ لە ڕاگەیاندنەکانی هەردوو حزبی دەسەڵات بگرین دەبینین شەری سیاسی لەنێوان ناوەندو بەغدا گۆڕاوە بۆ کێشمە کێشمی سەربازی و حاڵەتی ئامادە باشی بۆ پێک دادان ودروست کردنی پشێوی ئاڵۆزی سەربازی و هەروەها بەیانامەکانی مەکتەب سەرۆکی هەرێم وکۆبونەوەی سەرکردەی حیزبەکان وتەنانەت لە کۆبونەوەکە داوای ژووری عەمەلیاتیش کراوە و دڵە ڕاوکێ جەماوەرو ئاڵۆزی سنوری سوریا و ئیراق وهەرەشەکانی دەوڵەتی عوسمانی وسەفەویەکان و مالیکیەکان کەچی لە پەرلەمانی کوردستان کەس لەماڵ نیە وپشوی هاوینەیە، باشە ئەگەر کێشەکان لە سیاسیەوە گۆڕاون بۆ سەربازی ئەی حکومەتە شەراکەتەکەی بەغدا بۆ جێگیرەو ئەندام پەرلەمانتارە کوردەکان و جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیراق ووەزیرەکوردەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵات چی دەکەن لە بەغدا.

### (پەرلەمانی ئەمڕۆ لەنێوان کێشمەکێشەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی باشوری کوردستان)

لەساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئێستا، پێنج کەس سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیان کردوە، دو پارتیو دو یەکیتیو گۆڕانێک.

**جەوهەر نامیق**
**پارتی**



**ساڵی لەدایکبون: ١٩٤٦**
**ئاستی خوێندن: کۆلیژی ئابوری زانکۆی موستەنسریە لەبەغدا**
**ڕەوتی ژیان: پێشمەرگەیەکی چوست و چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە دوای هەرەسی ١٩٧٥ لەناوچەی بادینان بە«سەلیم سۆرانی» بەناوبانگ بوە، بەرپرسی لقی یەکی پارتی بووە ساڵی ١٩٧٩ بوە بەئەندامی مەکتەبی سیاسی، دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کراوەتە بەرپرسی سنوری کەرکوک لەبەرەی کوردستانی، ساڵی ١٩٩٢ وەکو یەکەمین سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە، ساڵی ٢٠٠٠ کراوەتە سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانو لەدوای ٢٠٠٣شەوە وازی لەدەسەڵاتو پۆستە حزبییەکەی هێناو وەک کەسایەتییەکی سیاسی سەربەخۆ کاری بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لەهەرێمی کوردستاندا دەکرد. ئەو ساڵی ٢٠١١، لەتەمەنی ٦٥ ساڵیدا لەوڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد.**

**عەدنان موفتی**
**یەکێتی**



**ساڵی لەدایکبون: ١٩٤٩**
**ئاستی خوێندن: کۆلیژی ئابوری لەزانکۆی موستەنسریە**
**رەوتی ژیان: لەساڵانی ١٩٧١ – ١٩٧٤ لێپرسراوی قوتابیانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان بوە لەزانکۆی موستەنسریە، ساڵی ١٩٧٨ وەک پێشمەرگە لەسوریاوە گەڕاوەتەوە کوردستانو یەکێک بوە لەدامەزرێنەرانی حزبی سۆسیالیستو بوە بەئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە، دوای راپەڕین چوەتە ناو یەکێتییەوەو لەساڵی ١٩٩٥ بوەتە ئەندامی سەرکردایەتیو لێپرسراوی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، پاشان بۆ ماوەی سێ ساڵ نوێنەری یەکێتی بوە لەقاهیرە، ساڵی ١٩٩٩ لەحکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) پۆستی وەزیری شارەوانی وەرگرتوەو دواتریش بۆتە وەزیری داراییو پاشان بۆتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان. لەکۆنگرەی دوەمی یەکێتی بەئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە، ساڵی ٢٠٠٥ بەسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە**

**کەماڵ کەرکوکی**
**پارتی**



**ساڵی لەدایکبون:** ١٩٥٤

**ئاستی خوێندن:** بەهۆی کاری سیاسیەوە وازی لەخوێندن هێناوە کاتێک کە لەکۆلیژی پزیشکی بوە

**ڕەوتی ژیان:** لەکۆتایی دەیەی ١٩٧٠ بەرپرسی لقی دوی پارتی بوە، لەسەرەتای دەیەی ١٩٨٠ دوجار برینداربوەو بەمەبەستی چارەسەرکردن نێردراوە بۆ ئەوروپا، لەکۆنگرەی نۆی پارتی بەئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە، دوای ڕاپەڕین بۆ ماوەیەک نوێنەری تایبەتی بارزانی بوە لەپاریسو دواتریش بەرپرسی لقی حەوتی پارتی بوە کە ئەمەریکاو کەنەدای گرتوەتەوە، لەکاتی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە کوردستانو فەرماندەیی هێزێکی پێشمەرگەی کردوە بۆ چونە ناو کەرکوک، ئەندامی یەکەمین ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بوە تا ساڵی ٢٠٠٥ کە بوە بەجێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانو لە٢٠٠٩ش پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمانی پێسپێردراوە.

**ئەرسەلان بایز**
**یەکێتی**



**ساڵی لەدایکبون: ١٩٥٠**
**ئاستی خوێندن: دکتۆرا لەئەدەبی کوردی لەزانکۆی سلێمانی**
**رەوتی ژیان: ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیکردوە بەکۆمەڵەی مارکسیی لینینی کوردستانەوە، لەساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ خاڵە شیهابو چەند سەرکردەیەکی دیکەی کۆمەڵە لەلایەن رژێمی بەعسەوە زیندانیکراوەو تا ساڵی ١٩٧٨ لەزیندان بوە. ساڵی ١٩٧٩ پاش ئازادکردنی، دەبێت بەپێشمەرگە تا کاتی راپەڕین، ساڵی ١٩٩٢ یەکەم سەرنوسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ بوە، لەیەکەم کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ١٩٩٢ بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوەو ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ١٩٩٦ لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی هەولێر بوە، پاشان بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستن بوە. هەر لەساڵانی نەوەدەکان چەند ساڵێک وەزیری پەروەردە بوە، ساڵی ٢٠١٢ بەسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا.**

**یوسف محەمەد سادق**
**گۆڕان**



**ساڵی لەدایکبون: ١٩٧٨**
**ئاستی خوێندن: هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرایە لەفەلسەفەی زانستە سیاسیەکان**
**رەوتی ژیان: سەرۆکی بەشی زانستە رامیارییەکانی بووە لەکۆلیژی زانستە رامیاری و کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٠.**
**رێکخەری بزوتنەوەی گشتی هەتاکەی بوە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧ -٢٠٠٩ هەروەها بەشداری لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ – ٢٠١٠ چەندین چالاکی مەدەنی بەشداریکردووە، لەگەڵ رێکخراوە مەدەنییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی (کەی ئای ئی، دی ئێچ ئارڕ دی، ئێن ئی دی، یو ئێن دی پی).**
**بەشداری سەرەکی بوە لەئامادەکردن و داڕشتنی پرۆژەی ئۆپۆزسیۆن بۆ هەموار کردنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێم و پرۆژەو پاکێجەکانی چاکسازی کە لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕان و ئۆپۆزسینەوە لەچەندین ساڵی رابردودا ئامادەکراون.**
**لەساڵی ٢٠١٠ەوە رێکخەری ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان بووەو ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆڕان بوە.**

لەدانیشتنی دەسپێکی پەرلەمانی کوردستان رۆژی ٢٠١٤/٤/٢٩ بەسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەلبژێردرا.

## «دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٣ی حوزەیراندا کودەتا بوو»

دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٣ی حوزەیراندا کودەتا بوو، یان رێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمانو دەرکردنی وەزیرەکانی گۆڕان لە حکومەت بە بڕیاری مەسعود بارزانی، کام ڕووداویان ڕەگەزو بنەماکانی کودەتایان تێدایە.
لە فەرهەنگی سیاسییدا، کودەتا «کردەیەکی خێراو لەناکاوە، لەلایەن گروپێ لە سەربازانو ئەفسەران، یاخود چەند کەسانێکی ناو دەسەڵاتەوە دەکرێت، بە پێچەوانەی یاسا کارپێکراوەکانی وڵات، بە مەبەستی لەسەر کارلادانی دەسەڵاتداران، یاخود ڕوخاندنی حکومەتو، بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتو بەکارهێنانی لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیاندا.

## «جیاوازیی نێوان کودەتاو شۆڕش»

١- کودەتا لەلایەن گروپێک یاخود دەستەیەکی دیاریکراوی دەسەلاتەوە دەکرێت، بەلام شۆڕش ڕاپوونێکی جەماوەرییە دژ بە سیستمی فەرمانڕەوایی.
٢- لە ساتەوەختی کودەتادا زۆرجار گرنگی نادرێت بە پرەنیسپە یاسایی و مرۆیی و کۆمەلایەتییەکان، تەنها ڕەچاوی ئامانج و بەرژەوەندیی ئەو گروپە دەکرێت کە کودەتا دەکەن، بەلام لە ساتەوەختی شۆڕشدا زۆرجار ڕەچاوی بنەما مرۆییەکان دەکرێت و بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو دەگیرێ.
٣- زۆرجار لێکەوتەی کودەتا بەرهەمهێنی حکومەتێکی سەربازی دەبێت، بەتایبەت کە لایەنێک لایەنێکی تر لە دەسەلات دوور دەخاتەوە، بەلام شۆڕش زۆرجار ئامانجی بەرهەمهێنانی حکومەتێکی مەدەنیی دەستورییە.
٤- کودەتاچییان لەناو دەسەلاتدا خاوەن پێگەن و پرۆسەکەیان تاڕادەیەکی تەکنیکی و ڕێکخراوە، بەلام شۆڕش هەمیشە هاولاتییان و هاونیشتیمانیانی ستەملێکراو و کەسانی ئاساییین.
٥- ئاکامی کودەتا بە هەر فۆرمێک بێت دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا شێوازێکی نایاساییە ئامانج لێی وەرگرتن و پاوانکردنی دەسەلاتە، بەلام شۆڕش بە پێچەوانەوە هەلگری ڕەگەزێکی ڕەوایە بەو پێیەی لەلایەن گەلەوە دەکرێت، گەلیش سەرچاوەی شەرعیەتە.

## «بە تێڕوانین لە جیاوازییەکانی کودەتاو شۆڕش»

دانیشتنەکەی ٢٣ی حوزەیرانی پەرلەمانی کوردستان کودەتایە یان بڕیارەکەی مەسعود بەرزانی بۆ ڕێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان بۆ چوونە ناو شاری هەولێرو دوورخستنەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە حکومەت. ڕۆژی ٢٣ی حوزەیران لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆتایی هاتنی ویلایەتی درێژکراوەی سەرۆکی هەرێم، لەپێناو دروستنەبوونی بۆشایی یاسایی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) چوار پرۆژە یاسایان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد،و لە دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەماندا بە ئامادەبوونی ٥٧ پەرلەمانتار خوێندنەوەی دووەم بۆ ٤ پرۆژە یاساکەی ئەو حزبانە کرا. دوای دانیشتنەکەش فراکسیۆنی پارتی کە لەگەڵ فراسیۆنی سۆسیالیستو چەند فراکسیۆنێکی پێکهاتەکان بایکۆتی دانیشتنەکەی کردبوو ڕایگەیاند، دانیشتنەکە نایاسایی بوە، مەسعود بارزانیش لە بەرواری ٩ی ئابدا بە هەمان شێوە دانیشتنەکەی ٢٣ حوزەیرانی بە کودەتا دژ بە پارتی ناوبردو ڕایگەیاند «شێوازی کودەتا

هیچ ئەنجامێکی نابێت‌و قابیلی قبوڵیش نییە«. بەم جۆرە پارتی بە فەرمی ئەو ڕووداوەی ٢٣ حوزەیرانی بەکودەتا

ناودێرکرد، بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی یاسایی هەبێت. لەکاتێکدایە بە پێی مادەی ٤ ی پەیڕەوی ناوخۆ، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هاوتای سەڵاحییاتەکانی کە لەمادەی ١٧ برگەی ٩ ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوە، پاش دڵنیابوونی لە ژمارەی یاسایی دانیشتنەکەی پەرلەمانی دەستپێکردو خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکان کرا. جگە لەوەش تەنها خوێندنەوەی یەکەم بۆ چوار پرۆژە یاسا کرا، بە هیچ پێوادانگێک ناچێتە چوارچێوەی پرۆسەی کودەتاوە، چونکە لە بنەمادا کارێکی یاسایی بەڕێوەچوە، هەروەها هیچ ڕەگەزو بنەمایەکی کودەتای لەو هەنگاوەدا ئامادەیی نەبووە ئەوەی ڕوویداوە بە هیچ جۆرێک ناچێتە چوارچێوەی پرۆسەی کودەتاوە، چونکە لایەنێک بە ڕەزامەندیی خۆی‌و بەبێ هیچ فشارێک ئامادە نەبوە پرۆژەی هەبێت و ئامادەی دانیشتنەکە بێت.

**پارتی بۆ ئەو ڕێکارانەی بەرامبەر ستافی گۆڕان لە حکومەت و پەرلەمان گرتویەتیەبەر، تا ئێستا هیچ وەڵامێکی یاسایی بۆ ئەم پرسە نەداوەتەوە**

## «لە بازگەی پردێ ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان‌و ستافەکەی دەکرێت»



بەلام وەک ئەوەی دەوترێت لە ١٢ی ئۆکتۆبەر بە بڕیاری مەسعود بەرزانی لە بازگەی پردێ ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان‌و ستافەکەی کرا، بگەڕێنەوە بۆ هەولێرو، دواتر سەرجەم وەزیرو بەرپرسانی گۆڕان لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە. چونکە هەر لەبنەمادا کردەیەکی نایاسایی‌و نادیموکراتییە. پەراوێزخستن‌و وەدەرنانی لایەنێک لە حکومەت‌و ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان‌و دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتەکانیدا بەبێ ڕەزامەندیی خۆی ڕاستەوخۆ دەچێتە چوارچێوەی فۆرمێکی کودەتاوە. بەپێی پێناسەکەی ساموێل هانتگتۆن بیرمەندی ئەمریکیش ئەم جۆرە لە کودەتا بەوە دەناسرێتەوە، کە یەکێک لە دەسەڵاتە باڵاکانی دەوڵەت دەست دەگرێت بەسەر دەسەڵاتەکانی ترو گشت دەسەڵاتەکان لە دامەزراوە جیاوازەکانی حکومرانی لە دەست یەک دەستەدا کۆدەکرێنەوە.



گۆڕان پێنجوێنی

# پرۆژەی
# بە هەرێم (کانتۆن) کردنی پارێزگاکانی هەرێمی (باشوری) کوردستان

بەشی یەکەم:

یاخیبوون کاتێک ڕوودەدات، کە مرۆڤی یاخی هەست بکات لە شوێنێک
بە جۆرێک لە جۆرەکان لەسەر هەقە.
( ئەلبێرت کامۆ )

ناوەڕۆک

- بە هەرێم (کانتۆن ) کردنی پارێزگاکانی باشوری کوردستان لە ناو یەکێتیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا
- ئەم پرۆژەیە بۆچی؟
- سودەکانی ئەم فرە هەرێمیە (کانتۆنیە) فیدرالیە
- پارێزگای سلێمانی وەک نمونە
- باری ئابوری پارێزگای سلێمانی بۆ بوون بە هەرێم (کانتۆن)
- ئەزمونی سویسرا
- ڕێگری یاسایی نیە بۆ بە هەرێم بوونی پارێزگاکانی باشوری کوردستان
- دەستوری عێراق (ماددەی ١١٩)
- فیدرالی بۆ عێراق ، مەرکەزیەت بۆ کوردستان
- سیستەمە سیاسیە لامەرکەزیەکان

سەرنج

ئەم پرۆژەیەی بەندە گوزارشت نیە لە تێروانینێکی حیزبیی بەڵکو لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی نوسراوە، بەلام لەوانەشە لەگەڵ بۆچونی حیزبێکی سیاسی هەرێمی کوردستان یەکبگرێتەوە بێئەوەی خواستی نوسەر بێت ، مۆدێلێکە بۆ نەگەڕانەوە بۆ بیرۆکەی دوو ئیدارەییە حزبیە تەقلیدیەکەی ڕابوردوو لە هەرێمی کوردستان.

بە هەرێم (کانتۆن) کردنی پارێزگاکانی باشوری کوردستان لە ناو
یەکێتیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا

ئەو ڕاستیەی کە فکری مەرکەزیەت ئەقڵی دەسەلاتی سیاسی کوردیشی تەنیوە لە باشوری کوردستان و ئەو ڕاستیەش هەتا ئێستەش هەرێمی کوردستان سەرەڕای بوونی پەڕلەمان و حکومەت بەلام بە کردار دوو ئیدارەیە و هەروەها پارێزگای سلێمانی بە ڕوونی پەراوێزخراوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانە بە پێویستیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و ئیداری دەبینم وەک چارەسەرێکی مەنتقی پارێزگاکانی هەرێمی (باشوری) کوردستان ببنە هەرێمی (کانتۆنی) فیدرالی سەربەخۆ. دەکرێت پارێزگای سلێمانی هەرێمێک بێت ، هەولێر ، هەروەها پارێزگای دهۆک و هەلەبجەش ببنە هەرێمی (کانتۆنی) سەربەخۆ. هەمان ئەم مۆدێلە بۆ پارێزگای کەرکوکیش ئەویش بە پێی واقعی پارێزگای کەرکوک خۆی. بەلام ئەم فرە هەرێمیە (کانتۆنیە) لەناو جوگرافیای (فیدراسیۆنێکی) سەربەخۆی کوردستان ، تەنانەت لە ئایندەدا لەناو دەوڵەتێکی کوردیدا کە خواستێکی ڕیالیستانەی گەلی کوردە. مۆدێلێک بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر

یەکێتی و هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کوردستان دروستبکات.

**مۆدێلی بەلجیکا**

بڕوانە بەلجیکا دەوڵەتێکی فیدرالی و فرەنەتەوەیەو لە دوو فیدراسیۆنی هۆلەندی زمان و فەرەنسی زمان پێکهاتوە کە بریتین لە ناوچەی فلاندەرن (هۆڵەندی زمان) و سنوریان بە دەوڵەنداوە هەیە. ناوچەی ڤالۆن (فەرەنسی زمان)، سنوریان بە فەرەنساوەیە. هەر فیدراسیۆنێکیش لەم دووانە پێنج پارێزگای هەیەو کراون بە پێنج هەرێمی سەربەخۆ لە ناو فیدراسیۆنە یەک نەتەوەییەکەدا ، لەناو دەولەتێکی ئیتحادی بەلجیکادا.

بەم جۆرە دەکرێ باشوری کوردستانیش ، لانی کەم لەم دۆخەی ئێستەدا هەرێمی کوردستان بکرێتە فیدراسیۆنێکی کوردی و لەناو ئەم فیدراسیۆنەدا پارێزگاکانی بکرێنە هەرێم یان کانتۆنی سەربەخۆ. ئەڵمان زمانەکان لە بەلجیکا لە ناوچەیەکی ئاوتۆنۆم ئەژین و سنوریان بە ئەڵمانیاوە هەیە بەلام وەک هەرێمێکی تایبەت دیارینەکراوەو بە «کۆمەڵەی زمان ئەڵمانەکان» ناودەبرێن. ژمارەیان تەنیا ٧٦ هەزار کەسەو لە ناوچەیەکی جوگرافی بچوکدا دەژین لە ڕووبەرێکی ٨٥٤ کم دوجا. ژمارەی پەرلەمانتارەکانی بریتیە لە ٢٥ و حکومەتیش لە ٤ وەزیر پێکهاتوە. ئەم ناوچەیە هەتا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەر بە بەلجیکا نەبوو بەڵکو سەر بە ئیمپراتۆریەتی ئەلمانیا بوو. دیارە فاکتەری ژمارەی دانیشتوان و بچوکی شوێنە جوگرافیەکەیان هۆیەکە کە بەناوچەی چوارەمی بەلجیکا ناونەبراوە. ڕێژەی دانیشتوانی بە بەراورد بەدانیشتوانی سەرجەم بەلجیکا ١٪ کەمترە بەلام خاوەنی پیادەکردنی مافەکانی خۆیەتی. ئەزمونی ئەم کەمایەتیەی بەلجیکا دەشێت وەک مۆدێلێک وەربگیرێت بۆ تورکومان و مەسیحی و ئێزیدی زمانزانەکانی عێراق بە باشوری کوردستانیشەوە بەلام بێگومان لێرەدا گرنگە ژمارەی ئەو کەمایەتیانە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیدا ئەو مەرجە بەدی بهێنێت. ڕاستە ، بۆنمونە مەسیحیەکان ، یان تورکومانەکانی کوردستان پەرش و بلاون بەلام ئەگەر بڕوانینە مۆدێلەکەی سویسرا ئەوا چارەسەر هەیە بۆ پاراستنی مافی ئەو کەمایەتیە پەرش و بلاوانەش. کەواتە لێرەدا هەمان مۆدیلی سویسراشمان هەیە.

**ئەم پرۆژەیە بۆچی؟**

هەرێمی کوردستان ٢٤ ساڵە بە بارودۆخێکدا گوزەر دەکات کە لە ئایندەیەکی نزیکدا هیوام بە چارەسەر کردنی کێشەکانی نیە چ لە زۆنی زەرد و سەوزو نیلیدا بەم شێوەیەی ئێستەی و هەروەها مەسەلەی لامەرکەزی کە دانیشتوانەکەی باجی گەورەی هەلەو ئەقلی سیاسەکانی ئەدەن ، هەربۆیە گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە دروستبوونی ئیدارەی (کانتۆنی) سەربەخۆی فیدرالی پارێزگاکانی باشوری کوردستان بۆتە پێویستیەکی سیاسی و ئیداری و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

خۆئەگەر وەک واقیع بۆی بڕوانین هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەیە ، هەروەک ئەوەی دوو هەرێمی جیاواز بێت لەیەکتر هەرچەندە بە ناوی یەک پەرلەمان و یەک حکومەتی هاوبەشەوە قسەدەکرێ. بادینان (پارێزگای دهۆک) بە کردەوە لە لایەن پارتیەوە مامەڵەی هەرێمێکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێ و هەموو شتێکی لە سۆران جودایە تەنانەت ئاڵوگۆڕی نوسین لە نێوان دائیرەکانیداو بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە لە بادینان بە زاراوەی بادینیە ، لێرەدا خاوەنی زمانێکی ستانداریش نین بۆ تەواوی هەرێمی (باشوری) کوردستان.

**سودەکانی ئەم فرە هەرێمیە (کانتۆنیە) فیدرالیە**

* دەبێتە هۆی دابەشبوونی دەسەلات و ڕێگر دەبێت لە چڕبوونەوەی دەسەلات و مەرکەزیەت لە دەستی لایەنێکدا.

* فیدرالیەت و فرە هەرێمیی وەک خۆی دەبێتە بەهێزکردنی دیموکراسیەت و سەقامگیری سیستەمی سیاسی و کەمکردنەوەی گەندەڵی بەلام دیموکراسیەت و سەقامگیری مەرجی پێشوەختیشن بۆ دروستبوونی سیستەمێکی فیدرالی لامەرکەزی تەندروست.

※ سودێکی تری ئەم فرەهەرێمیە دروستبونی کێبرکێیە لە نێوان هەرێمەکان (کانتۆنەکان) و بە ڕوونی دەردەکەوێت کام لا توانیویەتی بوارە جیاوازەکانی ژیان ببوژێنێتەوەو ببێتە مۆدێلێکی باشتری حوکمرانی بۆ هەرێمەکەی (کانتۆنەکەی) خۆی.

※ دەبێتە هۆی ئاسانکردنی بەشداری سیاسی هاولاتیان. هەروەها بەڕێوەبردنی هەرێمەکە لەلایەن خەلکی ناوچەکە خۆیەوە ئەنجام بدرێ کە لە ڕووی کەلتوری و کۆمەلایەتی و سیاسیەوە نزیکە لێوەی.

※ خەلکی ناوچەکە باشتر ئاشنان بە کەلتورو سیاسیەکانی ناوچەکەی خۆیان وەک لەوەی کە ئاشنا نین بۆنمونە ناوچەی سلێمانی و هەلەبجە بەوانەی دهۆک و بادینان و هەروەها بە پێچەوانەشەوە. دیاردەیەکی خراپ بەلام لە ئەنجامی ئەقلی دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە خولقێندراوە.

※ بۆنمونە پارێزگای سلێمانی دەبێتە هەرێمێکی سەربەخۆ و دەبێتە خاوەن پەرلەمانێکی هەلبژێردراوی خۆی و حکومەتی هەرێمی خۆی بە وەزارەتە پێویستیە هەرێمیەکانیەوە.

※ لەم شێوازی سیستەمەدا دابینکردنی لامەرکەزی بۆ شارۆچکەو ناحیە و قەزاکان لەچوار چێوەی ئەو کانتۆنەدا (هەرێمەدا) بەپێی سیستەمی لامەرکەزی فیدرالی.

※ هەر هەرێمە توانای بەسەر ئیدارەکەی خۆیدا باشتر دەشکێت و کاری دانیشتوان خێراتر بەڕێوەدەچێت و کێشەو پێداویستیەکان (ئابوری ، کۆمەلایەتی ، ئیداری ، پەروەردە ، ژینگە..) باشتر دەبینرێن.

※ هاولاتیان دەتوانن بەهۆی کورتی ڕێگاکان لەم سیستەمی فرە هەرێمیە فیدرالیەی کوردستان زووتر پەیوەندی بە سیاسەتمەدار و دامودەزگاکانەوە بکەن و لە پرۆسەی سیاسی زۆرتردا بەشداربن ، هەروەها ڕێگای فشاری جەماوەرییش کورتتر و کاریگەرتر دەبێت. دیاردەیەک دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی زۆرێک لە گرفتەکان.

※ ئەو تۆمەتبار کردنانەش کە هەن لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا زۆر کەمتر دەبنەوەو ئەو کات دەردەکەوێ حیزبەکانی ناو ئەو هەرێمە تاچەند توانای دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی و هەرێمایەتی و ئیداریی کارای هەیە بۆ چارەسەری کیشەکانی هاولاتیانی ناو هەرێمەکەی.

※ لەم سیستەمی فرەهەرێمیە (فرە کانتۆنیە) فیدرالیە لامەرکەزیەدا مەترسی لایەنێک بۆ سەر ئەوەی تر کەمە.

※ لەم سیستەمەدا هەمان ئەو دەزگایانەیان هەیە وەک ئەوانەی لە دەوڵەتی ئیتحاد هەن (پەرلەمان ، حکومەت ، دادوەری...تاد). هەڵبژێردەر بە پێی بڕیاری پەرلەمان هەر چوار ساڵ جارێک ، لەناو ئەو هەرێمەی تێیدا تۆمار کراوە پەرلەمانی هەرێمەکەی خۆی هەڵدەبژێرێت و هەروەها توانای ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانیشدا (لەوانەیە) کەمتر بنەوەو ئاسانتر چاودێری دەکرێن و خوێندنەوەی باشتری بۆ دەکرێت.

※حیزبە سیاسیەکانی ناو هەرێمەکان (کانتۆنەکان) دەتوانن چۆنایەتی سەرکردەبوون لە هەرێمەکانیاندا تاقیبکەنەوەو بەم هۆیەوە دەتوانن ممارەسەی سیاسەت لەسەر ئاستی «ناوەند» بەرز بکەنەوە وەک ئەو پێکهاتە سیاسیە جیاوازانەی هەرێمی کوردستان ئێستە لە بەغدا پیادەی دەکەن. بۆ کورد لە باشوری کوردستان پیادەکردنی فەرمانڕەوایی سیاسی و مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی سیاسی لەسەر ئاستی هەرێم ئەزمونێکی گرنگە بۆ مامەلەکردن لەگەل دەوڵەتی ئیتحادیدا ، یان لە دوارۆژدا لەگەڵ ئەنجومەنی فیدرالی عێراق (ئەنجومەنی هەرێمەکان) هەروەها ڕۆژگارێک لە دەوڵەتێکی کوردیدا.

※ لەوانەیە زۆرێک لە کێشمەکێشی ناو ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەم ڕێگایەوە کەم بێتەوە.

※ بە پێی ئەزمونی دەوڵەتە فیدرالیەکان ، هەرێمەکان یان کانتۆنەکان بۆیان هەیە بە پێی سروشت و پێویستی هەرێمەکەیان هەندێک یاسا دەربکەن گونجاو لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمەکەی خۆیدا ، بۆنمونە لەسەر ئاستی پەروەردەو خوێندنی باڵا.

※ ئەم مۆدێلە کێشمەکێشی بودجە و نەوت و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەکرێ کەمبکاتەوەو سنوردار بکات ، لەوەدا بۆنمونە هەرێمی تازە دروستبووی سلێمانی بودجەی خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای بەغداوە بۆ دێت و ڕێگایەکیش بۆ ڕزگار

بوون لەو کێشمەکێشانەی پارتی لەگەڵ بەغدا دروستی کردوون بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە بە تایبەت پرسی نەوت. هەرێمە (کانتۆنە) نوێکە دەتوانێت مامەلە لەگەڵ سامانە سروشتیەکانی ناو هەرێمەکەی خۆی بکات بە پێی یاسا فیدرالیەکانی ناوەند. ڕزگار بونێکیش دەبێت لەو تۆمەتانەی ئێستە لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا هەیە بەرامبەر بە پەراوێز خستنی پارێزگای سلێمانی لە لایەن ئەو دەسەلاتانەی پارتی بەکاری دەهێنێت.

* لێرەدا دەبێت سەرجەم حیزبە سیاسیەکان توانای سیاسی و جەماوەریی خۆیان لە ناو ئەو هەرێمەدا تاقی بکەنەوە بە حیزبە گەورەو بچوکەکانیشەوە و لەوانەیە کۆتایی هێنانیکیش بێت بە حیزبەکانی سێبەر.

* هەر هەرێمە مامەڵەی خۆی لەگەل ئێتنیک و کەمایەتیە کەلتوری و ئاینیەکانی ناو هەرێمەکەی خۆی دەکات لە پێدان و ڕێکخستنی مافەکانیان. ئەگەر بڕوانینە پەڕلەمانی هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستیە دەبینین کە پارتی ١١ کورسیەکەی کۆتاکانی کڕیوەو هەروەها بە تەواوی دەستی گرتوە بەسەر هەردوو پارێزگای دهۆک و هەولێرداو حیزبەکانی تریش لە بارودۆخێکی وادا نین بتوانن یان بیانەوێ ئەو هاوکێشەیەی ئێستە لە پێویستیەکی نەتەوەییدا بگۆڕن.

* هەرێمی (کانتۆنی) نوێی سلێمانی و هەڵەبجە سیستەمی سەرۆکایەتی لابەرێت و دەسەلاتەکان بەسەر پەڕلەمان و حکومەت و دادوەریدا دابەش بکات.

پارێزگای سلێمانی وەک نمونە

سەبارەت بە هەرێم (کانتۆن) بوونی پارێزگاکانی هەرێم پێویستە پەنا بۆ ڕێکارە مەدەنی و یاساییەکان ببرێت ئەویش وەک هەنگاوی ئەنجومەنی پارێزگاوە نوسراوەکانی دەستوری بۆ بە دەست هێنانی دادپەروەری کۆمەلایەتی دۆخی پارێزگاکە بە سلێمانی سوودمەند دەبێت ڕێگایەوە دەکرێ مەترسی دوور بخرێتەوەو بۆ هەر و هەڕەشەی لایەنێکی تر پەڕلەمان و حکومەتی یەکەم بە ڕێگای بە پێی یاسا عێراقی. ڕێگایەک ئارامی و ئاشتی و و ئاسایی کردنەوەی تایبەت پارێزگای لەم بیرۆکەیە. بەم شەڕی ناوخۆش ئەگەرێکی نەخوازراو بۆ سەری دەکرێ هەرێمی سلێمانی ، یان هەرب□مە نوێکان بڕیاری خۆی بەرامبەری دەربکات وەک ئۆرگانێکی یاسایی و دەستوریی و شەرعیەتی یاسایی و جەماوەریی بدات بە خۆی بۆ هەر بەرگریکردنێک لە بەرژەوەندی هەرێمەکەی.

(بەواتا ئەم مۆدێلە بێئەوەی کاریگەریی نەگەتیڤ بکاتە سەر یەکێتی نیشتیمانی و هەست و هوشیاری نەتەوەیی و پاشە کشە نیە لە ئامانجە نەتەوەییەکان).

هەر پارێزگایەک دەتوانێت ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. ئەم مافە لەماددەی ١١٥ی دەستوری عێراقدا هاتووە دەلێت:

«هەر پارێزگایەک یان زیاتر مافیان هەیە هەرێمێک پێکبێنن لەسەر داوایەک کە ڕاپرسی لەسەر بکرێت ، بە یەکێک لەم دوو ڕێگایانە پێشکەش دەکرێت:

یەکەم: داوایەک لەسێ یەکی ئەندامانی هەر ئەنجومەنێک لە ئەنجومەنەکانی ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت هەرێم پێک بهێنن.

دووەم: داوایەک لە دەیەکی (١/١٠)ی دەنگدەران لەو پارێزگایانەی دەیانەوێ هەرێم پێک بهێنن. دواتر لە ڕاپرسیەکداو

بەپێی دەستور دەکرێ ئەم داوایە ببێتە واقع. پارێزگای سلێمانی و ...تاد. دەتوانن سوودمەند بن لەم یاسا نوسراوەی پەڕلەمانی ئیتحاد کە کورد خۆشی دەنگی پێداوە.
ئەوە ڕەفتاری چەوتی حیزبە کوردیەکانە بەرامبەر بە کەرکوک بووە هۆی دروستبوونی بیرۆکەی هەرێمی سەربەخۆ لای کەرکوکیەکانیش.

**باری ئابوری پارێزگای سلێمانی بۆ بوون بە هەرێم**

لە راپۆرتێکی تایبەتی ڕێکخراوی دۆر سەبارەت بە نەوت و گازی پارێزگای سلێمانی کە لە مسای ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە ، هاتوە: پارێزگای سلێمانی خاوەنی ٧٠٪ ی نەوتی هەرێمەو ١٥٪ یەدەگی نەوتی عێراقە.. دوەم پارێزگای عێراقە دوای بەسرە لە ڕووی یەدەگی نەوت و گازی سروشتی و بەشێکی زۆری ئەم ڕێژەیە دەکەوێتە ناوچەی گەرمیان. کەواتە پارێزگای سلێمانی لە ڕووی ئابوریشەوە ، نەوت و بواری کشتوکال و پیشەسازی محەلی و .. تاد. لە توانایدایە کێشە ئابوری و داراییەکانی خۆی چارەسەر بکات و دانیشتوانی هەرێمەکەی خۆی خۆش گوزەران بکات ، بەلام ئەگەر دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت و خاوەنی سیستەمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی ئەقلانی نەبێت ، ئەوا بارودۆخی ناو ئەو هەرێمە (کانتۆنە) نوێیانە سیستەمی سیاسی دیکتاتۆر و ڕوتێنەر دەبن و ، زوو یان درەنگ ڕوبەڕوی کاردانەوەی توندی دانیشتوان دەبنەوە.
پارێزگای سلێمانی پەراوێز خراوە هەروەک پارێزگاکانی بەسرەو ئەنبار هەربۆیە کاردانەوەکانیش لای ئەمانە بەهێزە بۆ دروستبوونی هەرێمی سەربەخۆ.

**ئەزمونی سویسرا**

سویسرا کە لە چەندین نەتەوەو ئێتنیک پێکهاتوە خاوەنی ٢٦ کانتۆنە (شەشیان نیو کانتۆنە). زۆرینەی دانیشتوانی سویسرا لە ناوچەی زمان ئەڵمانەکان دەژی کە شارو شارۆچکەکانی دابەشکراوە بەسەر ١٨ کانتۆندا (هەرێمدا ، خۆبەرێوەبەریدا). وەک ئەوە وایە بوترێ پارێزگاکانی باشوری کوردستان و شارۆچکەکانی وەک گەرمیان (کەلار و کفری) ، ڕانیەو قەلادزەو کۆیە، چەمچەماڵ و سۆران و زاخۆو ئاکرێ و شەنگال...تاد. لەناو باشوری کوردستانداو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کە فیدرالیزمی کردۆتە دروشمی خۆی بەسەر کۆمەلێک کانتۆندا دابەش بکرێت و ئیدارەو خۆبەرێوەبەری لامەرکەزی و بودجەی خۆیان هەبێت بێئەوەی کاریگەریی لەسەر هەست و هوشیاری نەتەوەیی و نیشتیمانی هەبێت ، باشترین مۆدێل بۆ ئیدارەو چارەسەری کێشەکانیان کە خۆیان باشتر لێی تێدەگەن و ڕێگا بیرۆکراتیەکانیش کورت دەکاتەوە.

دانیشتوانی هەرێمی (کانتۆن)ی Zrich بریتیە لە ملیۆن و نیوێک بەلام کانتۆنی Uri دانیشتوانەکەی بریتیە لە ٣٥,٠٠٠ کەس و هەردوکیشیان کانتۆنی سەربەخۆن و سیستەمەکەش دەڕوات بە ڕێگاوە. ڕێژەی کەمە نەتەوەو ئاینی ریتۆڕۆمانیش کە دەکاتە ٠,٥ ٪ ی دانیشتوانی سویسرا بچوکترین گروپی زمانی سویسریە (وەک تورکومان و مەسیحیەکان لە عێراق و لە کوردستان) بەلام خاوەنی ئاوتۆنۆمی کەلتوریی خۆیانن.
پەڕلەمانەکانی کانتۆنەکان ژمارەی ئەندامەکانی لە نێوان ٤٩- ١٨٠ یە بە پێی ژمارەی دانیشتوانی دیاری دەکرێت. ئەمانە ئاسایی لەلایەن گەلەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەلام لە کانتۆنەکانی Freiburg و Waadt بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن.
لەم تێڕوانینەوە دەکرێ ژمارەی ئەندام پەڕلەمانەکانی کانتۆنی (ئیدارەی) سلێمانی ، هەولێر و دهۆک یان هەڵەبجە دیاری بکرێت. حکومەت بەرپرسە لە جێبەجێکردنی یاساکان. ئەو یاسایانەی کە پەڕلەمان و گەل بریاریان لەسەرداوە. کۆتای بەشی یەکەم



سالار باسیرە




ئایا ئەم رستەیەی سەرەوە بووە بە هۆکارێک بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی یاخود تەنها سومبولە ؟ وا ئەمساڵیش لە (٢٥) ی نۆڤەمبەر نزیک دەبینەوە رۆژێک کە تەرخان کراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژ بە ژنان لەسەرتاسەری جیهاندا رۆژێک کە بەهەرپێوەرێک بێت کەمە بۆ هەموو ئەو توندو تیژیانەی لەسەر ژنان بەڕێوەدەچن، خۆی لە خۆیدا ناهاوسەنگیەکی یەکجار مەزن بەرچاو دەکەوێت کە کێشی توندوتیژی لەسەر سەنگی لای تەرازوەکە بە (٣٦٣) هێندەی بەرەنگاربوونەوەکە قورسترە !

لێرەدا با کەمێک ئەو توندو تیژیانە بە بیربهێنینەوە کە لە رۆژی ئەمڕۆدا وەک کلتورێکی لێهاتووەو بە کلتورێکی ئاسایی دەبینرێ نەک تەنها لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو لە هەموو جیهاندا توندوتیژی دژ بە ژنان بەردەوامی هەیە.

**توندو تیژی چیە؟**

ئەو دیاردەیەیە کە لە دەرەوەی سروشتی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا پێشکەوتووە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە راستیەکان بشێوێنێت بەتایبەت لەلایەن سیستمە دەسەڵاتدارەکانەوە هەروەها وەک بەشێک لە ژیان و پێویستی مانەوەی مرۆڤ ناسینراوە لە ڕاستیدا دیاردەیەکی دەرەوەی سروشتی مرۆڤە، بەڵام مشەخۆری دەسەڵاتە، هەر بۆیە مێژوونوسان و ئەو کەسانەی توێژینەوەیان لە کۆمەڵناسیدا کردووە لە ڕیگەی شرۆڤەو لێکۆڵینەوەی چڕوپڕەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ ئەسەلمێنن کە تەمەنی توندوتیژی لەگەڵ تەمەنی کۆیلایەتی و پیاوسالاریدا هاوتەمەنن، واتە یەکەمین کۆمەڵگا کە کۆمەڵگای سروشتیەو لەسەر دەستی ژن ئاوا کراوە مرۆڤەکان دوور لە توندوتیژی و بە یەکسانی ژیاون.

**بوارەکانی توندوتیژی چین ؟**

دیارە لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکیتر شێوازی توندوتیژیەکان دەگۆڕی ئەگەر بۆ نمونە باس لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین چەندین بواری توندوتیژی لە خۆ دەگرێت، ئاشکرایە کە کۆمەڵگا بەگشتی دەچەوسێنرێتەوە و توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، بەڵام زۆرترین ڕێژەی توندوتیژی لەسەر ژنان بەرجەستە دەکرێت، یەکێک لەو توندوتیژیانە توندوتیژی کۆمەڵایەتیە کە لە ناو کۆمەڵ و خێزندا بەڕێوەدەچێت کە زۆرترین ڕێژەی توندوتیژی پێک دەهێنێت وەک (کوشتنی ژن لەژێر ناوی ناموس، فرەژنی، ناپاکی هاوسەری، تەحەروش، فشاری دەرونی، دەستدرێژی سێکسی، ناچار کردنی ژن بە خۆکوشتن....... هتد).

لایەنێکیتری توندوتیژی زەوت کردنی ماف و ئازادیەکانی ژنە لەلایەن باوک و برا و هاوسەرەوە بەبیانوی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و جیاوازی کردن لە پلەو پایەیدا لەسەر

بنەمای جیاکاری ڕەگەزی.

یەکێکیتر لە توندوتیژیەکان توندوتیژی یاساییە کە لە ڕێگای دانانی یاساوە بەڕێوە دەچێت کە یاسا کۆنەکان بەگشتی لەسەر بنەمای جیاکاری ڕەگەزی داڕێژراون و لە ژێر عەقلێتێکی پیاو سالاریدا دانراون کە زۆربەی ئەو یاسانە دژ بە ژنن کە تا ئێستاش کاری پێ دەکرێت. بەتایبەت یاسای ئەحوالای شەخسی کە ڕێگا بە فرە ژنی دەدات.



توندوتیژی سیاسیش هەیە کە لە ئێستا زۆر باوە ئەم جۆرە توندوتیژیە زیاتر لە ناو پارتە سیاسیەکان و لەناو دامودەزگا حکومیەکان و جێگەی بڕیار گرتندا بەڕێوەدەچێت ئەتوانرێ بوترێت سیاسەت تەنها ڕەنگی پیاوی پێوە دیارە، هەندیک جار ژن وەک جەوهەرو ڕازاندنەوەی پرۆگرامی پارتێک دادەنرێت، بەڵام لە بڕیارگرتن و پلەو پایەدا دیسان جیاکاری دەکرێت .

ئەگەر بێت و باس لە توندوتیژیەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بکەین ئەوا توندوتیژی خراپتر ئەبینرێت بەجۆرێک کە مرۆڤ لە دروست بوونی خۆی پەشیمان بێت ئەو وڵاتانەی کە لەژێر ناوی شارستانیەت و ناوی پێشکەوتووی کۆمەڵگایان لەخۆیان ناوە کەچی هێشتا لە مەسەلەی کەمکردنەوەی توندوتیژی سەر ژنان مایە پووچن، تا ئێستاش ژنان لەناو جامخانەو بازاڕەکاندا بازرگانیان پێوە دەکرێت ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە، ساڵانە ژنانی دووگیان بوو بەرێگای ناشەرعی لەلایەن سەرکردەی گرووپە بازرگانەکانیانەوە ناچار دەکرین منداڵەکانیان پێ لەباربەرن ئەمەو جگە لە ئالودە بوون بە مادەی هۆشبەرو نادروستی خێزان ....هتد .

کەواتە ماوەتەوە بڵێن توندوتیژی یەکجار قوڵبۆتەوەو ڕۆچووە بەناو هەرتاکێکی کۆمەڵگادا کار گەیشتۆتە ئەوەی جێگای هەناسەدانی ژن بە ئەستەم بێت، بۆیە بە چاو لێکردن لە خەباتی ئەم دوایەی ژنانی کوبانێ تەنها چارەسەر بۆ ڕزگار بوون لە جەورو ستەمی توندوتیژی ئاواکردنی شۆڕشێکی زهنی و جەستەیی یە بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان کە خودی ژنان تیایدا پایەگیر بن وەک چۆن ژنان لە کوبانێ توانیان ئەو پەیامە هەژێنەرە بە گویی سەرجەم وڵاتە کاپیتالیزمەکان و بەگوێی عەقڵێتە کۆنەپەرستەکاندا دا، هەروەهاش لە ئێستادا پێویسمان بو شۆرشێکی زهنی لەو جۆرەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی.



بەیان دەربەندی

## نــووسینــەوەی مــێژووی ئێستـــا...!!!

یەکێک لەو کێشانەی کە لە داهاتوودا دووچاری نووسینەوەی مێژووی ئەو قۆناغەی ئێستای کورد دەبێت، زۆری سەرچاوەکان و هاوکات لە ئارا بوونی هەوڵدانێکی پرۆفیشنەڵانەو پلان بۆ داڕێژراوە، بە مەبەستی بە لاڕێبردن و ساختەکردنی مێژوو، بە دەیان و بگرە بە سەدان میدیای ئاڕاستەکراو هەن، کە ئەرکیان شێواندنی ڕاستییەکانە! ئەمە وا دەکات لەنێو ئەو هەموو زانیارییە هەڵانەدا، زۆر ئاستەنگ دەبێت، مێژووی ئێستا بەدروستی بنووسرێتەوە!

بە بۆچوونی من، لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا، چۆن دوژمنانی کورد هەوڵیانداوە مێژووی کورد بشێوێنن، ئەوانەی بەناوی کوردایەتیشەوە کاریان کردووە، بەهەمان شێوە خیانەتیان لە نووسینەوەی مێژووی میللەتەکەیان کردووە، هەموو خیانەت و ناپاکییەکانیان شاردۆتەوە، دۆکیومێنتەکان شاردراونەتەوە، یاخود دەسکاریان کراوە، ئەوانەی بەشداری دروستکردنی ئەو قۆناغەیان کردووە بە شێوەیەکی ساکارو ڕووکەشانە بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە، کە هەمیشە ئەوان قارەمان و پاڵەوان و دوژمن ترسنۆک لەرزۆک، هەمیشە دوژمن زاڵم و زۆردار و ئەوان زۆرلێکراو، هەمیشە دوژمن کراوەتە ئەو شەمعەیەو هەڵەو خیانەتەکانی خۆیان پێهەڵواسیوە، هەمیشە دوژمن وەک تاریکی تەواو کامڵ و خۆشیان وەک ڕووناکی تەواو کامڵ نیشان داوە! کە ئەمە وایکردووە مێژووی ئەو قۆناغە زیاتر لە حەکایەت و چیرۆکەکانی بەرئاگردان بچێت، نەک ڕووداوی ڕاستەقینەی خەباتی میللەتێک! چونکە ئەو ڕەش و سپییەی ئەو مێژووەوەی پێنوسراوەتەوە، لە سروشتی خودی مرۆڤدا بوونی نییە !!! مرۆڤ تێکەڵەیەکە لە چاکەو خراپە!!!.

ئەگەر ئەو شێواندن و ساختەکردنەی مێژوو بۆ ڕۆژگاری بەر لەنەوەکانی سەدەی ڕابردوو جارێک ڕاست بێت، ئەوە بۆ دوای نەوەدەکان و هاتنی شۆ□ڕشی گەیاندن بۆ کوردستان، بە سەدان جار ڕاست و ڕاستتر دەبێت، لەبەر ئەوەی تواناو ئامرازی زیاتر کەوتە بەردەستی ئەو هێزانە بۆ ساختەکردنی مێژوو!!! ماشێنێکی یەکجار گەورەی میدیای کەوتە کار بۆ بەرهەمهێنانی درۆ، بۆ شوێن بزرکردنی ڕاستییەکان، بۆیە دەبێت هەر لە ئێستاوە بیر لەوە بکرێتەوە و خەمی ئەوە بخورێ کە چۆن ئەو مێژووە لە بێژنگ بدرێت و ڕاستییەکان بۆ نەوەی نوێ ڕوون بکرێتەوە! کارەساتێکی گەورەیە کە ئەگەر کەسایەتی نەوەی ئایینەدەی کورد، لەسەر بناغەیەکی مێژوویی لەو جۆرە پڕ لە بەهەڵە دابردن و ناڕاستی و ساختەکارییە بینا بکرێت! کەسایەتیەک لەسەر ئەو بناغەیە مەعریفە مێژوویە بینا بکرێت بە دڵنیاییەوە شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەری لێدەردەچێت!!!.

> پێویستە مێژووناسان و ڕۆشنبیرانی لەو بارەیەوە زۆر هۆشیاربن و بە وردی لە ئەرکی ئەو قۆناغەی ئێستایان تێبگەن. پێویستە ئەو ڕاستیەش بڵێین. کە زۆر جاران ئەو ماشێنانەی کە ناڕاستییەکان بەرهەم دەهێنن و وەکو ئامرازێکی سیاسی بەکاریدەهێنن. هەرهەمان ماشێن. زۆرجاران خۆیان (خۆیان) بەدرۆ دەخەنەوەوە مێژوونووسی ڕاستەقینە زۆر ماندوو ناکەن بۆ ئەوەی بکاتە ڕاستییەکان

بـۆ نمونـە لـەو
ڕۆژانـە لـە کاتـی ڕزگارکردنـی (شـەنگال) بارزانـی
ڕایگەیاند کە تەنیا هێزەکانی پێشمەرگە لەو ڕزگارکردنەدا بەشداربووە!
بارزانی ئەمە لەبەر هەر بیانگەیەک و هەر فشارێکی سیاسیدا گوتبێت، پێچەوانەی
ئـەو ڕاسـتیانەبوو کـە میدیاکانـی تـری جگـە لـە میدیـای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان
دەیانگواستەوەو نیشانی خەڵکیان دەدا! بەتەنیا میدیاکانی تریش ڕۆڵی ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییەیان
نەبینـی، کـە جگـە لـە هێزەکانـی پێشمەرگە هێزەکانـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان لـە ژێـر نـاوی جیـا
جیـاوە بەشـدارییان لـەو ڕزگارکردنـەدا کـرد، بەڵکـو خـودی یەکێـک لـەو میدیایانـەی پارتـی کـە پەیامەکـەی
بارزانـی بڵاوکـردەوە، لەنـاو شـەنگالدا چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ فەرمانـدەی هێزەکانـی (هەپەگـە) کـرد !!! کـە
ئەمـەش واتـای ئەوەبـوو بـە پێچەوانـەی پەیامەکـەی بارزانـی، پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانیش ڕۆڵـی گرنگیـان لـە
ڕزگارکردنـی شـەنگالدا بینیـوە !!!.



ئەگـەر چاودێـری ڕووداوەکان بکەیت و سـەرچاوەکەی هـەواڵ و زانیارییـەکان شرۆڤە بکـەی، بـە سـەدان نمونـەی لـەو بابەتـەت بەرچاو دەکەوێت، بۆیـە پێویسـتە هـەر لـە ئێستاوە نووسـەران و ئەوانـەی بایـەخ بـە مێـژووی کـورد دەدەن، مشـوری ئـەوە بخـۆن کـە سـاختەکارییە پـلان بـۆ داڕێژراوەکانـی ئێسـتا، نەکرێـن بـە ڕاسـتەقینە مێژووییـەکان و ڕێـگا نەدرێـت لـە داهاتـوودا ، ئەقـڵ و بیـری تاکـی کـوردی لەسـەر بینـا بکرێـت، چونکـە چـۆن مێژوویەکـی پـڕ لەساختەکاری زیاتـر لـە پەنجـا سـاڵی ڕابـردوو ئـەم دۆخـەی ئێسـتای بەرهـەم هێنـا، بەهەمـان شـێوە سـاختەکاری و شـێواندنی ڕاسـتییەکانی ئێسـتا، نەوەیەکـی زۆر خـراپ و نابەرپـرس بەرهـەم دەهێنێـت، بۆیـە پێویسـتە چـۆن سـەرلەنوێ خوێندنـەوە بـۆ مێـژووی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان بکرێـت، بەهەمـان شـێوە ڕێـگاش نەدرێـت ڕاسـتییەکانی ئێسـتا بشـێوێنرێت!!!.



کامەران مەنتک

# هەڵوەستەیەک لەسەر هەڵوێستەکانی پەدەک

**پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو پارتێک کە شەست و نۆ ساڵی تەمەنی پڕکردۆتەوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە هەتا ئەمڕۆ یەکێکە لە دیارترین پارتەکانی کوردستان و مۆرکی خۆی لەگەلێک ڕوداوی باشووری کوردستان و بەشەکانی تری کوردستان داوە. سەرەڕای ئەوەی کە لەهەندێک قۆناخدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بۆتەوەو بەشێکی کۆمەڵگای باشووری کوردستان پێیان وایە کە پەدەکە خۆی نەیتوانیوە سیاسەتێکی سەرکەوتوو پەیڕەو بکات، هاوکات ڕێگەی نەداوە کە سیاسەتی ئەڵتەرناتیڤ گەشە بکات. هەر ئەمەش وایکردووە کە دۆزی کورد لە ناو بازنەیەکدا بخولێتەوەو نەگاتە ئەنجام. بەڵام سەرکردایەتی پارتی دیموکرات پێی وایە کە هەڵوێستەکانی ئەو بێ گەردن و ئەوەی لە باشووری کوردستاندا بەرهەم هاتووە دەرئەنجامی سیاسەتی ئەوانە. ئەو مێژووەو چەند هەڵوێستێکی ئەم دوو ساڵەی ڕابردووی ئەو پارتە وایکرد بە پێویستم زانی هەڵوەستەیەک لەسەر هەڵوێستەکانی ئەو پارتەو ڕۆڵی لەم قۆناخەدا بکەم.**

**ساڵی ٢٠١١ کاتێک ئاڵۆزی لەسوریا دەستی پێکرد، پەدەکە یەکسەر لایەنە وابەستەکانی خۆی ئاڕاستە کرد بە بێ مەرج بچنە ناو ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە، کەچی ئەو ئۆپۆزسیۆنە هەتا ئێستا ئامادە نەبووە کە دان بە هەبوون و مافەکانی گەلی کورددا بنێت! لەبەرامبەردا پەیەدەو تەڤدەم و ئەنجومەنی گەل و ژمارەیەک پارتی تر ئەو سیاسەتەیان بەڕاست نەزانی و کاریان بۆ ئەوە کرد کە ناوماڵی کوردی ڕێکبخەن و بە بێ مەرجیش بەشداری هیچ بەرەو هاوپەیمانیەک نەکەن، مەرجەکانیشیان ڕێکەوتن بوو لەسەر پێوەرە دیموکراتیەکان و چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردو گەلانی تری سوریا بوو بەبێ جیاوازی. ئەمەش ڕۆژئاوای گەیاندە ئەمڕۆ ڕۆژئاوا خاوەنی خۆبەڕێوەبەری خۆی و هێزی پاراستنی خۆیەتی. بووەتە جێگەی باوەڕی و هیواش بۆ گەلانی تری سوریا. باشە ئەگەر ئەم لایەنانەش هاوشێوەی ئەنەکەسە گوێڕایەڵی پارتی بوونایەو بەشێوەیە سیاسەتیان بکردایە ئەوا چارەنوسی ڕۆژئاوا چی دەبوو؟ باشە چاکتر نیە کە پەدەکە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و ئەنەکەسە و لایەنگرەکانی ڕابسپێرێت کە بە پێی یاساو ڕێساکانی ڕۆژئاوا هەڵسوکەوت بکەن و چی دی کێشە بۆ خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا دروست نەکەن؟ بێگومان بەڵێ. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوەستەیە ئەوەیە کە هەتا ئێستا پەدەکە ئامادە نییە ئیرادەی سیاسی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا پەسند بکات و ساڵی ٢٠١٣ کاتێک داعش هێرشی کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و بەشێک لەخاکی ئێراقیشی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، یەپەگە و یەپەژە ڕووبەڕووی ئەو هێزانە بوونەوە. هاوکات کەجەکە داوای لە پەدەکە و حکومەتی هەرێم کرد کە ڕووبەڕووی ئەو هێزانە ببنەوەی تەگبیر وەربگرن لەبەرامبەریدا. کەجەکە داوای ئەوەشی کرد کە پەدەکە ڕێگە بدات کەجەکە هێزی گەریلا بنێرێت بۆ شەنگال، کەرکوک، مەخمور و گەرمیان. بەڵام سەرکردایەتی پەدەکە نەک هەر ئەوەی پەسند نەکرد کە هێزی گەریلا بچن بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە، بەڵکو پێی وابوو کە یەپەگە**

> ئەنەکەسە کە سیاسەتەکانی پەدەکە لە ڕۆژئاوا پەیڕەو دەکات، بە هەموو شێوەیەک کار بۆ لاوازکردن و ناوزڕاندنی خۆبەڕێوەبەرێتی ڕۆژئاوا دەکات!

هەڵە دەكات كە شەڕی داعش دەكات، چونكە ئەوان پێیان وابوو كە داعش نوێنەرایەتی خەڵكی عەربی سوونە دەكات و دژی كورد نیە، بەڵكو دژی رژێمی ئەسەد و دەسەڵاتی شیعەیە لەئێراقدا، هەر بۆیە ئەو شەڕەی یەپەگە دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕی كورد و عەرەب. لەگەڵ ئەوەدا پێیان وابوو كە ئەگەر داعش هێرش بكاتە سەر شەنگال یان هەر ناوچەیەكی تری باشووری كوردستان، ئەوا ئەوان دەتوانن خۆیان بپارێزن و پێویستیان بە هاوكاری نی یە. بەتایبەت باسیان لەوە دەكرد كە ئەوان یازدە هەزار پێشمەرگەیان لە شەنگال هەیەو دەتوانن رووبەرووی هەر هێرش و دەستدرێژیەك ببنەوە. بەتایبەت باسیان لەوە دەكرد كە ئەوان یازدە هەزار پێشمەرگەیان لە شەنگال هەیەو دەتوانن رووبەرووی هەر هێرش و دەستدرێژیەك ببنەوە. بەڵام رووداوەكان پێچەوانەی هەڵوێستەكانی پەدەكەی سەلماند. ئەوەبوو شەڕی یەپەگەو داعش نەبووە هۆی بەرپابوونی شەڕی كورد و عەرەب، بەپێچەوانەوە بووە هۆی ئەوەی كورد و بەرخودانی كچان و كوڕانی كورد ببێتە جێگەی سەرنجی دونیا، لەلایەكی ترەوە هەڵوێستەكانی پەدەكە بوونە هۆی كارەساتی شەنگال. باشە ئەگەر یەپەگەو كەجەكە وەكو پەدەكە هەڵوێستیان نیشان بدایە، ئەوا چی رووی دەدا؟ بێگومان كارەساتی شەنگال و ئێزیدیەكان زۆر گەورەتر دەبوو، رەنگە بەشی زۆری باشوور و رۆژئاوای كوردستان رووبەرووی هەمان چارەنووسی شەنگال و ئێزیدیەكان ببونایەتەوە. رەنگە ئێستا هەولێریش هاوشێوەی موسڵ لەدەستی داعشدابوایە. باشە باشتر نیە كە پەدەكە دان بەم راستیەشدا بنێت بۆ ئەوەی كە بتوانێت خۆی راست بكاتەوە.

سیاسەتەكانی پەدەكە لەبەرامبەر حكومەتی ئێراقیشدا پێگەی كوردی بەبەراورد بە ساڵانی سەرەتای دوای روخاندنی رژێمی سەدام زۆر لاواز كردووە، بارودۆخی ناوخۆی باشووریشی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی كە قەیران لەسەر قەیران كەڵەكە دەبێت.

لە ئێستاشدا پەدەكە لەجێگەی ئەوەی مەمنوونی گەریلاو شەڕڤانەكان بێت و سوپاسیان بكات، چونكە بندەستی شەنگال چەندە بۆ هەر كوردێك شەرم بوو، بۆ پەدەكە چەندین جار جێگای شەرم بوو. هاوكات لە جێگەی ئەوەی كە هەوڵبدات لایەنەكانی تر بكات بە هاوبەش و لەو رێگەیەوە ئاشتیان بكاتەوە، كەچی دەبینین نكۆڵی لەرۆڵی هەر كەس و لایەنێك كرد! بێجگە لەراگەیاندنەكانی خۆی، رێگای لەهەموو راگەیاندنەكان گرت كە رووماڵی رزگاركردنی شەنگال بكەن. دوای رزگار كردنی ناوەندی شاری شەنگالیش، لە جێگەی ئەوەی كە داوا لایەنەكانی تر بكات كە هەرچی زووە پێكەوە ناوچەكانی باشووری شەنگال رزگار بكەن، لە هەوڵی ئەوەدایە وەكو پێش كارەساتەكەی شەنگال جڵەوی دەسەڵاتی شەنگال بگرێتە دەست، لەلایەكی ترەوە لەهەوڵی ناوزڕاندنی پەكەكەدایەو دەخوازێت بەو شێوەیە چاكەی گەریلاو شەڕڤانانی ئازادی بداتەوە. ئەمە لەكاتێكدایە بەشی زۆری خەڵكی ئێزیدی لەو ناوچانە نیشتەجێن و خەڵكی ئەو ناوچەیەش لە خەڵكی شاری شەنگال و باكووری شەنگال زیاتر زیانمەندبوون، ئەگەر ئەو ناوچانە رزگار نەكرێن ئەوا بەشی زۆری خەڵكی ئێزیدی ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. هەروەها ئەو ناوچانە رزگار نەكرێت ئەوا خەڵكی شەنگالیش

هەست بە ئارامی ناکەن و ناگەڕێنەوە، ئەمەش وا دەکات زۆربەی ئێزیدی لە پەنابەریدا بمێننەوە. ئەو کاتە پەدەکە دەبێتە حاکمی وڵاتی بێ خەڵک. ئەوەی جێگەی سەرنجە گەریلاو شەڕڤانانی و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال «یەبەشە» و یەکینەکانی بەرخودانی ژنانی شەنگال، بەبێ گوێدانە پڕوپاگەندەکانی پەدەکە دەستیان بە هەڵمەتی ڕزگارکردنی باشووری شەنگال کردووە. گومانیش لەوەدانیە کە هەنگاوەکە هەندێکیتر چووە پێشەوە ئەوا پەدەکە هەوڵدەدات خۆی بکاتە خاوەنی ئەو ناوچانەش!

**ئەمە مشتێکە لە خەرمانی هەڵوێستەکانی پەدەکە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چیمان پێ دەڵێت؟ ئایا ئەو هەڵوێستانە هەڕەمەکین یان بەرنامە بۆ داڕێژراون؟**

لەمانە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە هاوکاتی هەڵمەتی ڕزگارکردنی شەنگال، ئاڵۆزی لە نێوان بەشێک لە تورکمانە شیعەکان و بەشێک لە کوردەکانی خورماتوودا دروست بوو، لەئەنجامدا ژمارەیەک لەهەردوولا بوونە قوربانی. پەدەکە لە جێگەی ئەوەی کە هەوڵ بدات بارودۆخەکە هێور بکاتەوە، بەشێک لە بەرپرسانیان و ڕاگەیاندنەکانیان لە هەوڵی قوڵکردنەوەی ناکۆکیەکاندان، لەلایەک یەنەکە وەک بەرپرسیار نیشان دەدەن، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ڕێگەی داوە حشدی شەعبی بێنە ئەو ناچەیەوە، لەلایەکی ترەوە ڕووداوەکان گەورەتر قەبارەی خۆی نیشان دەدەن و زمانێک بەکار دێنن کە ناکۆکی مەزهەبی و نەتەوەیی قوڵ بکاتەوە. هەر ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە درەنگ بارودۆخەکە هێور ببێتەوە.

دوا نمونە ئەو هەڵوێستەیە کە ئەنەکەسە نیشانی داوەو بە ئاشکرا داوا دەکات لە حەسەکە ڕۆژی هەینی لەدژی خۆبەڕیوەبەری خۆپیشاندان بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە شەڕڤانان سەرقاڵن بە ڕزگارکردنی باشووری حەسەکەوە. ئەمە ئەو کاتەمان بیر دێنێتەوە کە شەڕڤانان بەشەڕی داعشەوە خەرکبوون لە دەوروبەری عامودێ، هەردوو پارتی پەدەکەو ئازادی لە عامودێ دژی یەپەگە خۆپێشاندانیان کردو ئاڵۆزی لێکەوتەوەو ئەوەیان بۆ ماوەیەک کردە داری دەستیان بۆ دژایەتی پەیەدە. لە ئێستاشدا بەچی ئامانجێک ئەوە دەکەن، مەگەر هەر خۆیان و سەرکردایەتی پەدەکە لەباشوور بزانن.

ئەمە مشتێکە لە خەرمانی هەڵوێستەکانی پەدەکە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چیمان پێ دەڵێت؟ ئایا ئەو هەڵوێستانە هەڕەمەکین یان بەنامە بۆ داڕێژراون؟ ئەگەر هەڕەمەکین، ئەو کاتە پێویستە سەرکردایەتی پەدەکە بە پێی سەردەم خۆی نوێ بکاتەوە. خۆ ئەگەر بەرنامە بۆ داڕێژراویش بێت ئەوا پەدەکە دەکەوێتە بەرەی نەیارانی کوردەوە، چونکە ئەو هەڵوێستانە هیچی خزمەتی کورد و کوردستان و پێوەری دیموکراتی ناکات. هەر بۆیە ڕاستتر وایە کە پەدەکە بەخۆیدا بچێتەوە. ئەگەر پەدەکە بە خۆیدا بچێتەوە ئەوا بێگومان گەلیش ڕێزی لێ دەگرێت، خۆ ئەگەر لەسەر هەمان سیاسەت بڕوات بێگومان بە دەستی خۆی کۆتایی بە خۆی دێنێت. چونکە مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە گەلان دەمێننەوە، دەسەڵاتەکان دێن و دەڕۆن!



دیار غەریب

# دۆخی ئاڵۆز و پڕ ململانێی حەشدی شەعبی

**پاش ئەوەی لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ لەشکری داعش کۆنترۆڵی شارەکانی موسڵ و تکریتیان کرد، کەڵکەڵەی کشان بەرەو بەغدادیش کەوتە مێشکیان؛ ئەگەر ئەم خەونەشیان بۆ جێبەجێ بکرابوایە، یەکەم ئەزمونی حوکمڕانیی شیعە لە عێراق دەکەوتە بەر مەترسیی لەناوچون، بەڵام ئایەتوڵڵا سیستانی لەڕێی فەتوا بەناوبانگەکەیەوە "الجهاد الکفائی"، قەرەبوی بەزین و هەڵهاتنی سوپای عێراقی بە چەکداریی خۆبەخشیی شیعە کردەوە. سیستانی مەرامی داعشی بۆ گەیشتن بە بەغداد شکستپێهێنا. ئەوەی جێی تێڕامانە، ئێستا وا دەردەکەوێت کۆنترۆڵی بەشێک لەم هێزە شیعییانە لە دەستی مەرجەعییەتی نەجەف دەرچووبێت، جگە لە ململانێی ناوخۆیی، بەئامانجکردنی کوردیش بووبێتە یەکێک لە ئەرکە نوێیەکانیان.**

- **چەتری یاسایی و مەزهەبیی میلیشیا شیعییەکان**

هەرچەندە فەتواکەی سیستانی کە لە وتاری هەینی عەتەبەی حوسێنی کەربەلا و لەڕێی بریکارەکەیەوە عەبدولمەهدی کەربەلایی راگەیەنرا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە خۆبەخشە شیعەکان دەبێت لەڕێی دامەزراوە ئەمنییەکانەوە بچنە بەرەکانی جەنگی دژە داعش. بەڵام ئەو میلیشیا چەکدارە شیعانەی کە ساڵانێک بوو نوری مالیکی بە شێوازی جۆراوجۆر کۆمەکی دەکردن لەگەڵ چەکدارەکانی موقتەدا سەدر و عەممار حەکیم و کۆمەڵێک میلیشیای تری سەر بە ئێران، داتەپینی دۆخی ئەمنییان قۆستەوە و لە سامەڕا و ناوچەکانی پشتێنەی دەوروبەری بەغداد سەنگەری خۆیان لێدا. بنکەو بارەگایان دامەزراند و خۆیان کردە ئەمری واقیع. بەمەش چەندین وردە سوپای عەقیدەیی خوێن گەرمی شیعیی لە تەنیشت سوپای دارماو و بەزیوی عێراقدا قوتبوونەوە کە ناوی "حەشدی شەعبی"یان لێنرا. هەر لەو ماوەیەشدا نوری مالیکی بە سیفەتی سەرۆک وەزیران بڕیارێکی دەرکرد بۆ ئەوەی دەزگایەک بەناوی "حەشدی شەعبی"ی لە حکومەتی عێراقدا پێکبهێنرێت. ئەمەش جگە لە شەرعییەتی ئاینی شەرعییەتی یاسایی بەم هێزانە بەخشی. لە مێژووی نوێی شیعەشدا لە عێراق ئەمە دووەم جارە لەپاش فەتوای ئایەتوڵڵا شیرازی لە «١٩٢٠» بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیز، هەزاران خۆبەخش بەفەتوای مەرجەعییەتی نەجەف کۆ ببنەوە بۆ پاراستن و داکۆکی لە بەرژەوەندیی ئەم تایفەیە کە سەرباری ئەوەی زۆرینەی عێراق پێکدەهێنن و حوکمڕانی وڵاتن کەچی هەمیشە چێژ لە کڕوزانەوە و گریان و لەخۆدان و تەمسیلکردنی قوربانی دەبینن.

ئەرکی پاڵپشتیی دارایی حەشد لە ئەستۆی حکومەتی بەغدادە کە تەنها لەساڵی ٢٠١٥ دا زیاتر لە ٥ ملیارد دۆلاری بۆ حەشدی شەعبیی تەرخانکردوە، بەڵام بەشی زۆری کاروباری مەشق و راوێژ و ئاراستەکردن و کۆمەکی سەربازیی ئەم هێزە بەدانپێدانانی وەزیری بەرگریی و لێدوانی سەرکردەکانی حەشد، دەوڵەتی ئێرانە. خاڵی پەیوەندیی و کۆکەرەوەی نێوان سەرجەم ئەم گروپانەش گەنەڕاڵ قاسم سلێمانیی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانە کە سەرپەرشتیی تۆڕێک میلیشیای چەکدار لە عێراق و سوریا دەکات.



ئەم گرووپانەش لەئەدەبیاتی هەندێ لە سوننەکاندا بە «ملیشیات ایران فی العراق والشام"ماعش" بەناوبانگن کە کورتکراوەی «ملیشیات ایران فی العراق والشام» واتا میلیشیا ئێرانییەکانی عێراق و شام.

ئەم هێزانە شەرعییەت لە شەڕکردن لەدژی داعش وەردەگرن، هەروەها دەیانەوێت نمونەیەکی شیعی ڕێکخراو و بە دیسپلین پیشانبدەن وەک جێگرەوە و ئەلتەرناتیڤ بۆ جیهانی ئیزعاج و پڕ لە تیرۆر و فەوزای سوننە، بەڵام زۆرێک هیچ جیاوازییەک نابینن لەنێوان ئەوان و لەنێوان داعشدا لە ئامادەیی بۆ خوێن ڕشتن، ڕاگواستن، تەکفیرکردن و تاڵانکردنی خەڵک، بەتایبەت پاش ئەوەی چەندین تاوان و سەرپێچیی هاوشێوەی تاوانەکانی داعشیان لەسەر ساغبویەوە کە هەندێکیان سەربڕینی خەڵکی بێگوناهی ناوچە سوننە نشینەکانن. هەم دواییانەش، لەگەڵ نارەزایی و تورەیی بەرپرس و چالاکە شیعەکان لە لێدوانەکانی بارزانیی لە شەنگال، وڵاتییانی سڤیل و پێشمەرگەی کوردیان لە دوز خورماتو کردە ئامانج، لە کاتێکدا ئەم شارە لەسەر نفوزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حسابە کە هاوپەیمانی هێزە شیعەکانە. حەشدی عێراقی

بەپێی ئەو زانیارییانەی بڵاوکراونەتەوە ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی دەیان هەزار کەسە کە بەسەر ٤٠ تا ٥٠ گروپی چەکداریی جۆراوجۆردا دابەشبون، دەکرێت سەرجەمیان لەسێ خانەی سەرەکیدا کۆ بکرێنەوە:

یەکەم، ئەو خۆبەخشانەی بەدەم فەتوای سیستانییەوە ڕۆیشتون بۆ بەرگریی و جیهاد و کۆمەکی دارایی لەپارەی مەرقەدەکان و مەرجەعییەت وەردەگرن، بەناوبانگترینیان بریتین لە: "لواو علی الاکبر"، "سرایا العتبه العباسیه"، "سرایا العتبه العلویه"، "سرایا العتبه الحسینیه.»

دوەم، هێزە شیعییە عێراقییە ناسراوەکان کە هەندێکیان دۆستی هەرە نزیکی ئێرانن.

سێیەم، ئەو میلیشیا و گروپە چەکدارانەی ڕاستەوخۆ سەر بە ئێرانن و نوێنەرایەتیی ئەجێندای ئەم دەوڵەتە دەکەن لەعێراق و ناوچەکە.

سەرجەم گروپەکانی حەشدی شەعبی لە کێبەرکێی خۆسەپاندن و موزایەدەکردن و مومارەسەکردنی دەستەڵاتی سەربازیی دان لە عێراق و ناوچە تێکەڵ و گەرمەکانی سەلاحەدین و دیالە کە دراوسێی هەرێمی کوردستانن. جارجاریش لەسەر دەستکەوتی دارایی و نفوزی سیاسیی و جیاوازیی مووچە و پیتاک دەکەونە حاڵەتی ناکۆکی و کێشمەکێشی توند و پەلاماری یەک دەدەن و هەڵدەکوتنە سەر بارەگاکانی یەکتر. بە شێوەیەکی نیمچە بەردەوامیش شەڕی ڕاگەیاندن و سارد لەنێوانیاندا هەیە و تەنها لە جەنگی داعشدا کۆکن، ئەگەر نا هێزە سیاسییەکانی دەمڕاستیان نزیکەی دوو ساڵە نەیانتوانیوە لەسەر سەرۆکێک بۆ هاوپەیمانیی شیعەکان ڕێکبکەون. سەرجەمیشیان پێکەوە لەگەڵ حەیدەر عەبادیی سەرۆک وەزیراندا لە کێشمەکێشی بچڕینی بودجە و کۆمەک و بودجە و گرنگیپێدانی زیاتری حکومەتدان و دژی کرانەوەی زیاتری عەبادیین بە حەشدی ئێرانی

هەندێکیتر لە میلیشیا شیعە چەکدارەکان ڕاستەوخۆ فەرمان لە

بەشێوەیەکی
گشتیی هێزە سەرەکییە عێراقییەکانی حەشدی
شەعبی پێکدێن لە:
ـ باڵە سەربازییەکانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی بە سەرۆکایەتی عەممار
حەکیم "وەك "سرايا الجهاد والبناو" و "سرايا عاشوراو" و "سرايا أنصار العقيده".
ـ ڕێکخراوی بەدری هادی ئەلعامری کە لە «٢٠١٢» لە عەممار حەکیم جیابوونەوە بۆ ئەوەی
ببنە هاوپەیمانی نزیکی مالیکی، بەدر چەکی قورس و شارەزایی سەربازیی زۆریان هەیە بەو
پێیەی لە هەشتاکانەوە چالاکن.
ـ عەسائیبی ئەهلی هەق بە سەرۆکایەتی قەیس خەزعەلی رکابەری سەدر و هاوپەیمانی نوری
مالیکی.
ـ "سرايا السلام" کە درێژکراوەی "سوپای مەهدی" سەر بە موقتەدا سەدرە، ئەوان بەوە جیادەکرێنەوە
کە زیاتر پشت بە سەدر و پاڵپشتیی بازرگانانی شیعە دەبەستن، ناکۆکیی زۆریشیان لەگەڵ عەسائیب
هەیە بەو پێیەی لە «٢٠٠٨» لە ڕەوتی سەدر جیابوونەتەوە.
سەرجەم ئەم گروپانەش دۆستایەتییان لەگەڵ ئێران هەیە بەتایبەت ڕێکخراوی بەدر و عەسائیب
کە بەشی زۆری سەرکردەکانیان بۆ تەقلیدی مەزهەبی لەجیاتی سیستانیی دەگەڕێنەوە بۆ سەر
فەتواکانی ئایەتوڵڵا خامەنەیی و بڕوایان بە بنەمای "ولايه الفقيه" هەیە کە لەنێو پەیڕەوانی
شیعەدا سنور ناناسێت و بریتییە لە هێز و توانای ئاینیی ڕێبەری شۆڕشی ئێران بۆ
هەڵسوڕاندن و بڕیاردان لە کاروباری دونیای جەماوەری شیعە وەکو بریکار و
جێگری ئیمامی زەمان؛ محەمەدی مەهدی.

**ئێران وەردەگرن و نوێنەرایەتیی ئەجێندای ئەم دەوڵەتە دەکەن لە عێراق. دیارترینیان بریتییە لە کەتائیبی ئیمام عەلی. ئەم گروپە لەدوای «١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٤» بەشێوەیەکی خێرا و دراماتیکی وەکو باڵی سەربازیی "بزووتنەوەی عێراقی ئیسلامیی" بە توانایەکی زۆرەوە هەڵتۆقیوە، شوێنی سەرەکیی چالاکی ئەم گرووپە ئامرلی و دوز و دیالەیە، هەندێک لەسەرکردەکانی بەشانازییەوە گرتەی ڤیدیۆیی خۆیان بڵاوکردۆتەوە لە کاتی سەربڕین و ئەنجڕئەنجڕکردنی جەستەی گیراوەکانیان و سوتاندنیان بەزیندویی، بەتایبەت ئەبو عزرائیل کە پێی دەوترێت رامبۆی شیعەکان.**
**بەدوای ئەمیشدا کەتائیبی حیزبوڵڵا دێت کە لەژێر فەرمانی ئەبو جەعفەری موهەندیسی گەورە فەرماندەی هێزەکانی حەشدی شەعبیی دان کە سودی لە ئەزمونی کاری ساڵانی هەشتاکانی لەناو حیزبی دەعوە و حیزبوڵڵای لوبنانییدا وەرگرتوە. پاش ئەوەی کەتائیبی حیزبوڵڵا «٤٠» کەسیان لە میانەی بەرگریی لە رژێمی ئەسەددا لێ کوژرا لەسوریا (٢٠١٣)، گەڕانەوە بۆ جەنگی داعش و بەرگریی لە شیعەی عێراق. جیاوازیی ئەوانیش لە کەتائیبی ئیمام عەلی، ئەوەیە کەمتر بە لای کاری حزبیی و سیاسییدا دەڕۆن و زیاتر لەکاری سەربازییدا قاڵ دەبنەوە و چالاکییەکانیان بەزمانی فارسییش بڵاو دەکەنەوە.**
**جگە لەم دوو هێزە سەرەکییەش چەندین گرووپی تری ئێرانی لە چەشنی "سرايا الخراسانی" و سرايا النجباو" هەن کە لە هەموو گرووپەکانی تری حەشد زیاتر پڕ چەکن و لە سوریاوە گەڕاونەتەوە بۆ عێراق. ئەم گرووپە داردەستانەی ئێران کە راستەوخۆ فەرمان لە سوپای پاسداران وەردەگرن ئامانجێکی دوور مەودایان لە جەنگی داعش هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی جارجار هەڕەشە و بەیاننامە دژی هەنگاوەکانی عەرەبستانی سعودیە بڵاودەکەنەوە و قسە لە کێشە ئیقلیمییەکان دەکەن. ئەمانە بەشێکن لە ئامرازەکانی هێزی ئێران لە ناوچەکەدا و هەر ئەرکێکیان لەلایەنی وەلی فەقیهەوە پێبسپێردرێت، ئەوە جێبەجێیدەکەن. ئەوانە خۆیان خزاندۆتە ناو فەتوای جیهادی سیستانیی و کەڵک لە بێدەنگیی ئەمەریکا بەرانبەریان وەردەگرن. ناو-بە-ناویش دەبنە ئامرازی گوشار لەسەر حەیدەر عەبادی کە زۆرجار لە ناوەندی شیعییدا بە لاواز بەرانبەر ئەجێندای ئەمریکی و پەلکێشانی کورد** >
**نازکێشانی هێزە سوننەکانی بەشدار لە پڕۆسەی سیاسیی وێنەدەکرێت.**


یاسین تەها

# میت لە هەناوی حەشدی شەعبیدا




ولاتانی داگیرکەری کوردستان بەهەموو ودەزگای بەناو خێرخوازی، دواتریش لە ئەوە بووە کوردی وابەستە بە خۆیان شێوازێ لە هەوڵی زیان گەیاندنن ڕێی کۆمپانیاکان و کردنەوەی قوتابخانە زیاد بکەن و زیاتریش هەوڵی بە بە گەلی کورد ودەسکەوتەکانی، بۆ و کۆلیژو زانکۆ و دەیان ڕێگەی تر تورکمانکردنی کوردیان داوە بە ئەوەش دەس بۆ هەر کارێکی نامرۆڤانە گەشەیان بە کارەکانیاندا، بێگومان ئامانجی ئەوەی ژمارەی تورکمانەکان دەبەن لە پێناوی بەئەنجام گەیاندنی لەو بوارەدا تورکیا پشکی هەرە زۆری زیاد بکەن، هاوکات نانەوەی ئاژاوەو پیلانەکانیادا، بێگومان پێش لەشکرو بەرکەوتووە، لە ڕێگەی ژمارەیەک دووبەرەکی لە نێوان لایەنە سیاسیە پیلاندارێژەری داگیرکەران و دوژمنانی دەزگای سیخوڕی کاری خۆی کردووە و کوردیەکان لەلایەک و کوردو پێکهاتە کورد لە ناوچەکەو لە ڕۆژهەلاتی بە شێوەیەکی بەربلاو سیخوڕەکانی لە نەتەوەیی و ئەتنیکی و ئاینی و ناویندا ڕژێمی تورکیایە، ئەو کوردستاندا بلاوکردووەتەوە، ئەوەی لە ئاینزایەکان لەلایەکی تر، وەک نمونە بابەتەش شاراوە نیەو ڕووداوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئاماژەی پێکراوە ڕووداوەکەی سلێمانی لە دوای پرۆسەی بەلگەو دیکۆمێنتی ئاشکرا ئەو ڕاستیە لە هەرێمی کوردستان چەندین تیمی بەناو ئازادی ئێراق بەلگەیەکی ڕونتردەکەنەوە، لە دوای ڕاپەڕینی جیاواز کاری سیخوڕی بۆ تورکیا دەکەن ئاشکرای دەستێوەردانەکانی ئەو دەزگا گەلی باشوری کوردستان و وەدەرنانی کە پێکهاتون لە: میت، واتە دەزگای ئیستخباراتیانەبوو، لە ساڵی ٢٠٠٤ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی ئیستیخباراتی تورکی MIT، ئۆزەڵ تیم هێزێکی فرەڕەگەز هەڵیانکوتایە سەر بەعسی لە ناوچوو، ئیدی دەرگا (واتە تیمی تایبەت Ozel ti)، ژیتەم یەکێک لە بارەگا تورکمانییەکان والابوو بۆ دەیان دەزگای سیخوڕی و دژە (ئیستیخباراتی عەسکەریی jit tem)، لە شاری سلێمانی، پێنج کەسیان کورد و پیلانگێڕ، لە پێناو بەئەنجام ئۆیاک (ئەمانە دەزگای هاوکاری و دەستگیرکردو تورەکەیان کردەسەریان، گەیاندنی نەخشەو پیلانەکانیان خۆیان پشتگیریی سوپایە Oyak)، مانگی کە بە وتەی لایەنە بەرپرسەکان خزاندە ناو چەندین حیزب و ڕێکخراو سووری تورکی، ئەو دەزگایانە کاریان ئەفسەری پلەبەرزی دەزگای

ئیستیخباراتی تورکی بوون، هەڵبەتە لە نوسینێکی بەم ڕەنگەدا ناکرێت ئاماژە بە سەرجەم کارە قێزەوەنەکانی تورکیا بکەین، بەڵام وەک دەڵێن مشتێ نمونەی خەرواریکە، ئاشکرا لە ئێستادا دەستی تورکیا لە باشوری کوردستاندا زۆر درێژتر بووە و لە ئاستێکی باڵای سیاسی ئابوری سەربازی پێگەی خۆی پتەوکردووە، دەمەوێ لەم کورتە باسەوە بچمە سەر ئەو مژارەی ئێستا ڕۆژەڤەو دەرگایەکی تری پیلانگێڕیە بەڕووی پیلانگێڕاندا کروەتەوە، بەڵام لە ژێر ماسک و دەمامکێکی جیاوازتردا،

> **لە کاتێکدا گەلی کوردو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەریلا و شەرڤانەکانی بەشەکانی تری کوردستان سەرقاڵی پاراستنی خاک و گەلی خۆیانن لە هەمبەر دڕندەکانی داعش**

، خەریکە بەرەیەکی تری شەڕ لە خورماتو بۆ کورد ساز دەکرێت، ئەو شەڕو دووبەرکی و ناکۆکیە نەتەوەیەیی لە خورماتو ڕوودەدات پیلانێکی زۆر ترسناکە و هەوڵێکی دوژمنکارانەیە بۆ نائارامی ناوچەکەو بەگژیەکدا کردنی پێکهاتەکانی دەڤەرەکە، هەرچەندە ئەوەی بووە بە هۆکاری شەڕو خوێن ڕشتن و ناسەقامگیری و تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی، میلشیاکانی حەشدی شەعبی شیعە مەزهەبی سەر بە ئێرانن، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە ئاژاوەگێڕەکانی ناو ئەو گروپە هەمەچەشنە تورکمانەکانن، ئەوانەی لە سەرناوی حەشدی شەعبی پڕچەک کراون موچەو پێویستیە لۆجیستیەکانیان لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە بۆ دابینکراوە گوایە شەڕی داعش دەکەن، لە ڕاستیدا ئامانجی ئەوان بە تەنها تیرۆریستانی داعش نیە، بەڵکو زیاتر بۆ شەڕی مەزهەبگەرایی ئامادەکراون ، ئەو چەکدارانەی شیعە کە ناسراون بە حەشدی شەعبی پێکهاتون لە چەند گروپێک بە ناوەکانی (سرایا ئەلخراسانی ،سرایا ئەلسلام ، کتائب حزب الله، کتائب ئیمام عەلی، عصائیب ئەهل ئەلحەق) هەروەها هێزەکانی بەدر وەک هێزێکی بەرچاو لە ناو حەشدی شەعبیدا خۆیان ڕێکخستووە، ماوەیەکە ئەو گروپانە بە بیانوی شەڕی تیرۆر هاتونەتە قەزای خورماتوو، بەشێکیان لە دەوروبەری و بەشێکی تریان لە ناو شارۆچکەکە جێگیرکراون، دیارە ئەو گرووپ و هێزانە هەمیشە مایەی سەر ئێشە بوونە بۆ خەڵکی دەڤەرەکەو بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام ماوەیەکە زۆر بەچڕوپڕی دەستیان داوەتە ئاژاوەگێڕی و گرتن و کوشتنی خەڵکی خورماتو، ئەوەی ئاشکرایە تەقەکەرەکان لە گەڕەکە تورکمان نشینەکانەوە تەقە لە کورد دەکەن و پێشمەرگە و ئاسایش و پیاوی ئاینی و گەنج و مناڵی کورد شەهید دەکەن، هەمو لایەک ئەو ڕاستیە باش دەزانین ئەو ناوچەیە بە کەرکوک و شوێنەکانی دەوروبەریەوە لەسەر یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەژمار دەکرێت لە بەر ئەوەی زۆرترین نفوزی ئەو حیزبەی تێدایە، هاوکات یەکێتی بەدۆستی ئێران ناودەبردرێت، ئەوەش ڕوونە کە حەشدی شەعبی هاوشێوەی سوپای پاسدارانی ئێرانە و ئێران هەر چۆنێک بخوازێت دەتوانێت بەو شێوەیە بەکاریان بێنێت، کەواتا بۆ دەبێت دۆستەکانی ئێران بچن بە گژ یەکتردا لە ناوچەیەکدا کێشەو نائارامی دروست بکەن کە چەتەکانی داعش زۆر لێوەی نزیکن و هەمووکاتێ جێگەی مەترسین؟ بڕواناکەم کەس تاوانە خوێناویەکەی کەرکوکی بیرچووبێتەوە، ئەو کاتەی لە (٢٠٠٨/٧/٢٨) دەیان هەزار کەس لە شاری کەرکوک خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان دەست پێکرد بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و بەتایبەتی مادەی (٢٤) کە تایبەت بوو بەشاری کەرکوک، ژنێکی خۆکوژ لەنێو ئاپۆرەی خۆپیشاندەراندا خۆی تەقاندەوە و دوای ئەوەش چەندین کەس تەقەیان لە

خۆپیشاندەران کرد و لە ئەنجامدا دەیان قوربانی لە شەهید و بریندار لێکەوتەوە کە هەموویان کورد بوون. دیارە ئەوە بە ئاشکرا لە بارەگای تورکمانەکانەوە تەقەدەکرا و دواتریش زانرا بە فەرمانی کێ کراوە، ئەو کەسەی فەرمانی تەقەکردنەکەی دابوو ئەفسەرێکی تورکمان و کە دواتر دەربازکراو گەێندرایە تورکیا، هیچ گومانێک لەوەدا نەبوو کە ئەوکردەوە تیرۆریستی و ئاژاوەگێڕیە بە پیلانێکی قێزەوەنی میتی تورکیا ئەنجام درابوو، لە ئێستادا گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان سات لە دوای سات سەرکەوتنی مەزنتر بەدەست دێنێت، لە باکوری کوردستان بەرخۆدانی گەل لە لوتکەدایە ولە هەڵبژاردنی حەوتی حوزیران و لە دوای کودەتاکەی یەکی یانزەی ئەکەپەشەوە گەل هەرجارەو لە شارو شارۆچکەیەک خۆبەڕێوەبەری ڕادەگەیەنێت، تاوانکاری و دڕندایەتی ئەکەپەو بەرخۆدان و تێکۆشانی گەلی کورد لە جزیرە و فارقین لەبەرچاوانە، لە باشوری کوردستانیش سەرای هەموو قەیرانە یاسایی و سیاسی و داریەکان، بەڵام لە بەرامبەر تیرۆر سەرکەوتوبووە، هەموو ئەوانەش مایەی نیگەرانی و توڕەیی و هەڵچوونی سەرانی ئەکەپەو شۆڤینیەکانی تورک بوون، بۆیە لە ئێستادا لە هەر سێ بەشەکەی کوردستان لە ڕێگەی سیخوڕو نۆکەرو بەکرێگیراوەکانیانەوە هەوڵی لەبەین بردنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد دەدەن، ئایا حەشدی شەعبی سیخوڕی تورکیای تێدایە بێگومان ژمارەیەکی زۆر لە تورکمانەکان و هەندێ کوردی هەڵپەرست لەو ڕێکخراوەدا چەکیان هەڵگرتووە، ئەوەش پێمان دەڵێت گومان نامێنێت لەوەی دەزگا سیخوڕیەکانی تورک خۆیان خزاندۆتە ناو ئەو ڕێکخراوەشەوە، لەم چەند ڕۆژەدا پێشمەرگەیەک لە کەرکوک بابەتێکی بۆ باسکردم کە هیچ گومانێکی نەهێشتەوە بۆ ئەوەی بڵێم میتی تورک لە هەناوی حەشدی شەعبیەوە پیلانە گڵاوەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، ئەو پێشمەرگەیە کە خۆی لە بەرەکانی شەڕدایە باسی ئەوەی کرد کە لە کاتی شەڕەکانی چەند مانگی لەمەوبەری دەڤەری کەرکوک کەسێکیان لە گەڵ بووە گوایە پێشمەرگەیە، بەڵام کەسێکی بێ مۆراڵ و ترسنۆک بوو، ئەوکەسە لە کاتی شەڕەکاندا هەمیشە هەوڵی ئەدا ترس و دڵەڕاوکێ لەناو پێشمەرگەکاندا بڵاوبکاتەوە، دواجار هەڵهات و وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، بەڵام لە ئێستادا لەناو حەشدی شەعبی پلەی پێدراوە و چەک و پاسەوان و ئوتومبێلی بۆ دابینکراوە، ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە و پێویستە هەڵوەستەی لەسەربکرێت ئەوەیە کە ئەو کەسە دوای ئەوەی چووەتە ناو میلیشاکانی حەشدی شەعبیەوە ناردویانە بۆ تورکیا و سێ مانگ لەو وڵاتە مەشقی پێکراوە !! جێگەی پرسیارە لە کاتێکدا شەنگالی شەهیدکراو لە دەستی چەتەکانی داعش ئازاد دەکرێت، هاوکات ئاژاوەو ئالۆزیەکانی خورماتو زیاتر چڕدەکرێتەوە و کوشتن و ماڵ سوتاندن و ڕفاندنی هاوڵاتیان و تەقەکردن لە بارەگای لایەنە کوردیەکان بەئاشکرا لەلایەن تورکمانەکانەوە دەس پێدەکات، بەڕاستی ئەرکی سەرەکی کورد و حکومەتی ئێراق لە ئێستادا ئەوەیە هەوڵی کونترۆڵکردنی دۆخەکە بدەن و ڕێگە بگرن لەو دەستە ئاژاوەگێڕەی بەئاشکرا لە هەوڵی تێکدانی نێوان پێکهاتەکاندایە، ئەرکی لایەنی ئاسایشی و پەیوەندیدار بە سەقامگیری بارودۆخەکەش ئەوەیە ئەو دەستە ژەهراویانە ببڕن کە هەمیشە لە هەوڵی زیان گەیاندنن بە گەلی کورد و دەسکەوتەکانی و کار بۆ داگیرکەران دەکەن، ئەوکارەش هەوڵێکی زۆرجدی دەوێت و نێت پاکی و هەستی پێکەوەژیان و مرۆڤدۆستی گەرەکە، چونکە هەتا ژیان بەردەوام بێت ئاژاوەگێڕی و دەستی ناپاکان کۆتایی نایەت.

**ئەرکی ئاسایش و پەیوەندیدارەکان تەنیا سەقامگیرکردنی بارودۆخەکەیە**



کوردۆ شوانی

# خۆپەرستی سیاسی و گوتاری پەرتکردن
## نارەزایەتی جەماوەرییەکانی کردە ململانێی حزبی

**پێشەکی**

بە پێی هەموو پێوەر و هێمای رووداوە گەرمەکانی نێو جومگە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان ، واقیعی سیاسی دواکەوتوانە لەنێو پاشاگەردانییەکی گەورەدا گوزەر دەکا ، خەباتی پتر لە٧٠ ساڵەی سیاسی و ٢٥ساڵەی دەسەڵاتی خۆماڵی گەواهی ئەو قسانەمانن و کێشەکە لەوەدایە دەسەڵات و ئۆپۆزسیون ، بە شێوەیەکی رێژەیی گوزارشت لەخواستەکانی خەڵک نەکراوەتەوە و ئەو بەڵێنانەی کە بە جەماوەریان دابوو نەیان توانییوە تیادا سەرکەوتوو بن، ئەوانەی کە داخوازی گۆرانکاری و ریفۆرمێشن لەو نێوەندەدا کار دەکەن لە ئاستی قۆناخەکەدا نیین و یاخود نیەتی ئەو پرۆسەیان نییە ، ئەو وزە مت بووە پەنگخواردوەی نێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردستانی کە هەست بە نادادوەری و نایەکسانی و فەوزای سیاسی و سوکایەتی بە بەهاو عورفی سیاسی و گەندەڵی تا سەر ئێسقانی دەسەڵات و دۆرانی ئۆپۆزسیون لە بەرامبەر دەسەڵات دەکات ، وزە کەڵەکە بووە شەرانییە توندرەوانی نێو حزبەکان خۆی بەسەر عورف و ستاندەری سیاسی سەپاندوە ، وێنایەک لەسەر سیاسەت دروست دەکات ، کە ئامرازی سوککردن و سوکایەتی بە سیاسەتە و مژارەکە لەوەدایە پانتایی ئەو تێروانینە لەگەڵ رۆژگاردا بەرفراوان دەبێت و بە تایبەت ئەو نەوەیەی دوای راپەرین پێگەیشتووە ، لەوەتەی چاوی کردۆتەوە هەر لەبەردەم بەردەشی ململانێی دووزلپارتی و تێکشکاندن و سوک سەیرکردنی کەسایەتی و فیکر و داخوازییەکانیدا خۆی بینیوەتەوە و خۆپەرستی سیاسی و تاکرەوی و توندوتیژی لەلایەن دەسەڵات قوڵتر دەبێتەوە .

**خۆپەرستی وەک ناوەرۆک**

خۆپەرستی خەسڵەتێکە لەمرۆڤدا بوونی هەیە ، زانستی سایکۆلۆژی و فەلسەفە وکۆمەڵایەتی را و شرۆڤەی خۆیانی جودا لەسەر هەیە ، لەئینگلیزیدا بە Egoism کە لەلاتینیەکەی Ego وەرگیراوە و بە مانای (خود)هاتووە ، لەقاموسی «المعانی » عارەبیدا بە» الانانیە» ئاوا پێناسەی دەکات ، »خۆشەویستییەکی بێ تام بۆ خۆد ، بێ ئەوەی حسابێک بۆ ئەوانەی دەرەوەی خۆی دابنێ و بهێڵێتەوە ، سەرسورمانێکی یەکجار بەخۆی هەیە و هەرچی لەدەرەوەی خۆی بێت بە ئەندێشەی دادەنێ»، لە ویکیپیدیاوە خودپەرستی پێناسەکەی وا هاتووە « ئەو کەسەی کە هەستێکی یەکجار بەرزی بەخۆی هەیە لەخۆ هەڵکێشان و هەڵدان و خۆی دەکاتە سەنتەری جیهانبینی هەموو کەسێک، بێ ئەوەی گرنگی بە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆی بدات».

گەورە فەیلەسوفانی کۆنی یونانی( سوقرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) گرنگی زۆریان بە خۆپەرستی داوە و لەسەری وەستاون بە تایبەتی لە «خۆپەرستی عەقلانیەت»دا ، کە تیادا بەرژەوەندی خودی تاک لەسەروی هەموو ئیعتیبارێکی دیکەدا دادەنێن ، هەروەها چەندین جۆری خۆپەرستی دیکە هەیە وەک خۆپەرستی نەفسی ، ئەخلاقی، نائەخلاقی، لێپرسراوەتی ، الرشد ،......، ئەوەی ئێمە گرنگی پێ دەدەین لەلایەنی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە کە لەناو هەڵبژاردە سیاسەتوانەکان هەڵدەکەوێ و رەنگدانەوەی نەرێنی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا دەبێت، بەتایبەت کاتێ وەک ناسانیل هاورون بە جۆرێک « بە نەخۆشیەکی خودی هەژماردووە » ، کاتێ ئەو نەخۆشیە رایەڵەی فراوان دەبێ و رەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەخۆییەوە دەگرێت.

گرنگە لێرەدا هەڵوەستەو جودایی لەنێوان خۆپەرستی و نەرجسیەت بکەین، خۆپەرستی هەندێک جار لایەنی ئیجابی هەیە، بەڵام نەرجسیەت تێکچونێکی دۆخی کەساتییە کە لوتبەرزی را لەخۆبوون و گەورەیی بێ تام لە خۆی دەبینێ و هەوڵ دەدات بەرژەوەندی تایبەت بە خۆی بپارێزی لەسەر حسابی خەڵکی دیکەدا .

فەیلەسوفێکی هۆڵەندی باروخ سبینۆزای سەدەی حەڤدەم دەڵێ « ئەوەی جولە بە ئینسان دەکات یاسای ئارەزووەکانە ، کەبە نایابی مرۆڤ دەکاتە خۆپەرست».

لەبەرامبەر «خۆپەرستی «، «مرۆڤ دۆستی» هیومانەتی هەیە کە تیادا ئینسان بەرژەوەندی خۆی و زۆرینە دەپارێزێ و ئاشتی و یەکسانی و دادوەری و خێر و بیری بۆ مرۆڤایەتی

خوازیارە کە لە ئینگلزی بە هیومانتی ولە عارەبەکیەیدا بە»الانسانوین« نێو زەد دەکرێ و ئێستا لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا ئەو خەسڵەتەی مرۆڤ لەزیادبوندایە لەلایەک لەکەلوپەلی چاک و بەردەوام پێشکەوتوو لەلای دووەم ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ئەدوات کە لەزۆریان شوێنپێی ئینسانی لەق کردوە و ئینسان بۆتە کۆیلەی ئەو کەرەستانە .

خۆپەرستی ڕێژەییە و ناکرێ بە رەهایی رەتی بکەینەوە ، لەبەر ئەوەی زۆرجار پاڵنەری بەهرەمەندی و ئەکتیڤ بوونی مرۆڤی لێ دەکەویتەوە، تا ئەو کاتەش رەوایی هەیە کە سنووری مافی خەڵکی دیکە نەبەزێنێ، کەچی خۆپەرستی سیاسی نەک هەر سنوور دەبەزێنێ، بەڵکووو کۆمەڵگە تووشی کارەسات و مەرگەسات دەکا، وەک شەڕەکانی ناوخۆیی و ململانێ نێوان حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا ، و کە کۆمەڵگە وچارەنووسی دەسکەوتەکانی خستۆتە بەر مەترسی جدی.

خۆپەرستی سیاسی تاکڕەوی لێ دەکەوێتەوە

خۆپەرستی سیاسی دیاردەیەکە لەزۆر شوێن و کاتدا لێرە و لەوێ لە دونیا سەرهەڵدەدا.

لە باشووری کوردستاندا ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت لە نێوان حزبەکاندا بەروونی خۆپەرستی دەبینرێ و هەست پێدەکرێ و دەرئەنجام و دەرهاوێشتەکانی بەسەر خەڵکدا خورد دەکرێتەوە، دیاردەیەکی نێگەتیڤانەیە، ئەو کەسە کە زۆربەیان کەسی یەکەمی ئەو حزبانەیە و تا مردن هەر لەو پۆستەکان خۆی دەهێڵێتەوە و بۆ دوای خۆشیان وەک کەلتووری پاشایەتی بە میرات بۆ کوڕ بەجێ دەهێڵێ، کۆمەڵێک خەسڵەتی نێگەتیڤانەی هەیە لەوانە، زۆر خۆی خۆشدەوێ و متمانەی بەکەس نییە و پەنا بۆ بەدگومانی و تیۆری پیلانگێڕی دەبا و کاری هاوبەش و هاوکاری و رای بەرامبەر و رەخنە و رای گشتی و بە هەموو شێواز و کارێکی ناعەقلانی و نا بابەتیانە بەڕیوەدەبات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و هیچ یاسایاک و بەهاو دابونەریتێک نامێنێ رەچاوی بکات، متمانەی بە نزیکترین کەسی خۆی ناکا و ناسنامە و شوناس و سەروەری وڵات، لای خۆپەرست مانای نامێنێ و بەردەوام لە هەوڵدایە «دەسەڵات بکاتە هێز و هێزیش بکاتە توندوتیژی شەڕ» و لە ململانێی سیاسی و شەڕی راگەیاندا، پەنا بۆ هەموو جۆرە سوکایەتی و تێکشکاندن و تانە لێدانێک دەبات، دیالۆگ و دانوستان ناهێڵێ و موحرەمات لەلایدا نامێنێ و هەیبەت بۆ سیاسەت و دامودەزگا سیاسییەکان ودەستوور و یاسا و عورفێک ناهێڵێ و لەو کاتانەدا دەرفەت دەدات بۆ کەسانی توندڕەوی شەڕانگێزی نێو خۆیی و دەوروبەریدا، خۆپەرستی لە بنەڕەتدا خۆخۆری و هێمای لاوازیی و بێ ئیرادەییە و لە کاتی تەنگانەدا، ئەو کەسەیە یەکجار ترسنۆک و دوو دڵ دەبێت لە بڕیاردان و تەنانەت ناتوانێ بەرگری لە خۆشی بکات.

**بەڕێوەبردنی سیاسی، هۆکاری دیکەش هەن کە پتر خۆی لەتواناییی و پەیوەندییە بەهێزەکانی ئەو کەسە دەبینێتەوە.**

هۆکاری سەرهەڵدانی خۆپەرستی سیاسی

سەرهەڵدان و خۆسەپاندنی خۆپەرستی سیاسی لەلایەک زەمینەی خۆی گەرەکەو لەلای دیکە هۆکاری خۆی هەیە، نیشانەی پارتی پێشڕەو خۆ بە شۆڕشگێڕترین کەس و رەسەنترین کەس پاشخانیەتی، دوکەوتنی گەشەکردنی کۆمەڵگە و کەلتووری فیودالیستی کە بەها و دابونەریتەکانی زەمینەسازی و ڕێخۆشکەرن بۆ ئەو دیاردە ناپەسەندە لەرووی سیاسییەوە، لەلای دیکە کەڵچەری سیاسی هۆکارێکی دیکە دەبێت بۆ خۆسەپاندنی ئەو خۆپەرستییە سیاییە، لەلایەک دەست نەگرتن بە ستاندەر و عورف و بنەما بنەڕەتییەکانی بەڕێوەبردنی سیاسی، هۆکاری دیکەش هەن کە پتر خۆی لەتواناییی و پەیوەندییە بەهێزەکانی ئەو کەسە دەبینێتەوە.

هەرچەندە هۆکاری سایکۆلۆژی لەهەمبەر لایەنی ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی شتێکی ئەوتۆ نییە، لەگەڵ ئەوەش خۆپەرستی پەیوەندی بە هاوکێشەی سایکۆلۆژی ناخی موستەبید هەیە، کەسانێک لەناخدا تووشی شکست و داروخانی نەفسی ببێ و بۆ ئەوەی ناخی خۆی راستکاتەوە، داکۆکی لەکۆمەڵگە و دابونەریتی کلاسیکی (پارێزگارێکی پاشقەڕۆ) دەکا، وەک ت. ئارتودوی ئەمریکی و نورمان

ئەرنولد و ئەدلەر و فرۆید و ..... ، شرۆڤەی لەسەر دەکەن و بە یەکەوەی دەبەستنەوە، ئەدلەر لەوەش پتر دەڵێ پەیوەندی بە باڵاش هەیە « قەیسەر و ناپلیۆن و هیتلرو فرانکۆ باڵا بەرز نەبوون « ، ئەوانە رقیان لە ئازادی رادەربڕین و رەخنە و رەتکردنەوەی راو بۆچوونی دژ بەخۆی، بۆیە ئەو حاڵەتە نەفسیە و عوقدەیە، پاڵیان پێوە دەنێ کە شەڕانگێز و توندوتیژی بن و وەحشیگەرانە بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی ئەو گرێ ئەوعوقدەیە لەناخی خۆی دامرکێنێتەوە و تفاعل لەگەڵ کۆمەڵگە بکەنەوە!!، هەر بۆیە ئەو حزبانەی پشت بە هێز دەبەستن! ، پێکهاتەی زۆربەیان لەکەسان و خەڵکی لاواز و نەفسیەت روخاوەوە پێکدێت !.

لەلایەنی بایۆلۆژیدا زانست دەڵێ «ئەوەی لەمێشکی ئینسان ئەو مەسەلەیە دەستنیشان دەکات و پێی هەڵدەستێت کاکلەی مێشکە «لوزە «نەک توێکڵەکەی کە لایەنی راستی مێشک دەگرێتەوە».

لەباشووری کوردستاندا، لە رووی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنگەریدا، هێشتا دابونەریتی فیودالیستی و خێڵەکیەت باوە و چاوتێبڕین و هاوسۆزی بۆ کەسێک لە بری سەرۆک خێڵ و شوێن کەسێکی بتریارکی بۆ خێل بوونی هەیە و رێگری لێ ناکرێت و زەمینەی بێ دەنگی و ملکەچی و بە پیرۆزکردنی کەسێک وەک سێبورییەک لە شوێن سەرۆکی خێڵدا، لە ماوەی پتر لە ٧٠ ساڵەی خەباتی سیاسی و چەکداری لە باشووری کوردستاندا، لەلایەکی دیکەدا، خەبات لە دژی داگیرکەری عێراقی لەماوەی نزیکە سەدەیەکدا، هەندێ کاریزمایی و قارەمانی و لەخۆبردویی و توانایی و لێهاتویی هەندێک کەس دەرفەتی خوڵقاند بۆ ئەوەی شوێنی سەرکردە و سەرۆک ببینێ کە لەرووی ئەدائی ئیداری سیاسییدا ئەو توانایە و خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی تێدا نەبووە، بۆیە لەکاتی تەنگانەدا لە ئەو پەڕی بێ توانایی و پەشۆکاویدا دەبینرێن کە لە کەسانی ئاسایی و دوور لەسیاسەت دەوەشێتەوە، لەلای دیکە پەیرەونەکردنی عورف و بنەما بنەڕەتییەکانی ستاندەری سیاسی لەباشووری کوردستان و کەڵچەری حزب سالاری و هەڵنەسەنگاندنی رێرەوی دەیان ساڵەی هەوراز و نشێوەکانی خەبات و هەر دیزە بەدرخۆنەکردنی شکست و مەیدان چۆڵکردنی خەبات لەکاتی پێویستدا، زەمینە بۆ خۆپەرستی سیاسی خۆش دەکات بۆ کۆنترۆڵکردن و خۆسەپاندن لە گۆڕەپانەکە، بە تایبەتی کە کەسە خۆپەرستەکە، کاریزمایی و مێژووەکی خەباتی هەبێ و توانای دیماگۆژیەت و پراگماتیکی بەهێزی لە ئەدائی سیاسیدا پێ بکرێت، بەم شێوەیە دەرگە بۆ تاکڕەوی و خۆسەپاندن لە گۆڕەپانی سیاسیدا دروست دەبێ و ئەوەی باج و هۆکاری رەوشەکە دەدات هەر خەڵکەکە خۆیەتی .

**خۆپەرستی و کاری هاوبەش**

مرۆڤ تەنیا لە خەسڵەتەکان و پێگەی جوگرافی و رەنگ و رەچەڵەک و ئاییندا جودا نییە، بەڵکو لە داخوازی و ئاواتەکانیشی جودایە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لە پێداویستی بۆ یەک و دوو و کاری هاوبەش، ئێشیان بە یەکترنەبێت، لەلای دیکە مەرج نییە مرۆڤ بۆ ئەو مەبەستە تەنیا خۆی بتوانێ پشت بەخۆی ببەستێ و هەرچی بیەوێ و بتوانێ بۆ خۆی دابینی بکات، بۆیە مسۆگەر پێویستی بە ئالیکاری مرۆڤەکانی دیکە هەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەڕێوەبردنی ژیانی ئاسایی ئەو تاکە، لەبەرامبەر ئەمەدا، هەندێک یاخۆد گروپێک هەن شێتی خۆیانن لە خۆشەویستی و خۆپرستن، ئەمانە لەگەڵ ئەوانەی مرۆڤایەتی رێچکەی ژیانیانە دەمارگرژییەک بۆ خود نییە، لە ململانێدان، ئەوانەی کە رایان وایە کە خوێنیان پیرۆزی ئاینی تیایە و بۆیان هەیە هەرچی بکەن بە حەلالی دابنێن، کۆمەڵگە لە پێناوەدا تووشی کارەسات و مەرگەسات بکەنەوە، بەردەوامیش ئەو جۆرە مرۆڤانە رقیان لە هەموو شتە کە گوزارشت لە بەرژەوەندی خۆیان نەکاتەوە و هەر دەسکەوتێکی دیکە بۆ خەڵکی دیکە بە زیانی خۆی و لەسەر حسابی خۆی دەزانێ و هەر زیانێکیش لە هەر کەسیک بکەوێ بە قازانجی خۆی دادەنێ، بۆیە روحی هاوکاری و هەریکاری بۆ کاری هاوبەش نابێ و وەک رێوی تەنیا ئەوەندە ئەو روحیەتە نیشان دەدات تا نێچیرەکەی دەست دەکەوێت، زۆر لەسەرکردایەتی باشووری کوردستان، لەو مەسەلەیە تاسەر ئێسقان خەتمی ئەو خۆپەرستییە بووینە، تەنیا لە گۆشەنیگەی بەرژەوەندییەکانی خۆییەوە سەیری ئیدارەی سیاسی و دۆزی کوردستان دەکات، بۆیە کۆدەنگی و کاری هاوبەش لەو پێناوەدا بە ئەفسانە دەزانێ و ئەو روحیەتەی تیا نەدەبینرێ و نە لە داهاتوشدا تیادا بەرجەستە دەبێ.

حزبسالاری یان پەیگەیاندنی سیاسی

یەکێ لەو نەهامەتی و ماڵوێرانیانەی روبەرووی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان بۆتەوە، حزبسالاری و قوڵکردنەوەی گیانی حزبایەتییە کە رایەڵەی شۆڕبۆتەوە خوارەوە بۆ نێو هەناوی کۆمەڵگە و لەهەموو جومگە سەرەکییەکانی ژیانی ئاسایی مرۆڤی کوردستانیدا رووبەڕووی دەبێتەوە، لە ڕێگەی بزواندن و وروژاندنی هەست و سۆزی بۆ دوارۆژ و کوردایەتیدا وەک کۆیلەی لێدەکرێ و وا سیخناخی مێشکی کراوە کە ئەوەی لەدەرەوەی ئەو ڕێبازە یاخود ئەو ڕێچکەیەدا بڕوا و مابێتەوە بەدژایەتی و ناحەزی هەموو کوردستان بزانێ و دابنێ، ئەم سیخناخیکردنە کوێری دەکا و ڕووناکی لەدەرەوەی بیری خۆی نابینێ و خۆپەرستی لە خۆشەویستی بۆ ئەوانەی وەک خۆی بیرناکەنەوە لەکۆمەڵگەدا بێبەشیان دەکات و گۆشەگیریان دەکات، لەکاتێکدا ئەوەی هەڵگری پەیامی ڕزگارکەری پەیامەکەی بێت و دوارۆژ بۆ دۆزەکەی بخوازێ دەبێ لەچوارچێوەی بەرژەوەندی تەواوی ڕێباز و ئایدیایەکان کاربکات و یەکیان بخا و بە کۆدەنگی و هاوبەشی بەرەو ئازادی بچن، ئەوەش لەرۆشنبیری و پێگەیاندنی سیاسی دەست دەکەوێ، نەک پارتی و گروپگەرایی کە عەقلی سیاسی لە باشووری کوردستان پێی گیرۆدە بووە، ناتوانێ دەستی لێ هەڵگرێ لە کاتێکدا ئەو جۆرە بیرکردنەوانانە لە بەرژەوەندی خۆشیدا نابینرێ، کە زۆرجار بە ناوی «ئەخلاقیەتی لێپرسراوەتی» ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و بەکاری دەهێنێ بۆ مەرام و خواستەکانی خۆی و خۆی لەسەرووی دام و دەزگا و یاسا و دەستوور دادەنێ، کارەسات لێرەدا دەست پێ دەکات.

ڕەمزی سیاسی بۆ سەرمایەی ئابووری

ئەگەر گەورە فەیلەسوفەکانی گریک، ئیدارە و سیاسەت بە ئەخلاق و ڕۆشنبیری ببەستەنەوە و میکافیلی لە فرت و فێل و خەپاندن و ئامانج شێوازەکان پووچ دەکاتەوە، داهێنا، ئەوا زۆرێک لەسەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان، ڕەمز و سەرمایەی سیاسی بەکاردەهێنن بۆ سەرمایەی ئابووری و سیاسەت و پێگەی لێپرسراوەتی تەوزیف دەکەن بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە ودارایی و وای لێهاتووە لەکۆمەڵگەی کوردستانی ئەو تێڕوانینە بەرەوی پێ بدرێ و شرۆڤە بۆ سیاسەت لەو ڕوانگەیە بۆ بکرێ کە سیاسەت وەسیلەیە بۆ ئابوورییە نەک پرۆسێسێکە بۆ بەرژەوەندی گشتی، کەسی یەکەمی کایەی سیاسی و ئیدارەی باشووری کوردستان، دەخوازێ وەک بت و کایەی بە پیرۆز سەیری بکرێ، نەک خاوەن متمانە و پێگەی جەماوەری، بۆی ببێتە سەرمایەکی کۆمەڵایەتی و» ڕەمز» بۆ کۆمەڵگە دروست بکات, بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە، ڕەمزی سیاسی پێگەی تەوزیف دەکات بۆ سەرمایەی ئابووری بەم شێوەیە متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەدەست دەداو بۆشای نێوان ئەو ڕەمزە و کۆمەڵانی خەڵک پەرەپێدەدا، بەم شێوەیە بەردەوام سەرمایەی کۆمەڵایەتی و مێژووی خەبات لەدەست دەداو ناتوانێ بینای داهاتووی خۆی لەسەر بکات، ناتوانێ گرۆ لەسەر ئەو سەرمایە کۆمەڵاتییە بکاو رایەڵەی خۆی بە خوێنی نوێ فراوان بکات، ئەزموونی شای ئێران و سەرکردە عارەبەکانی وەک قەزافی و موبارەک و بن عەلی، کە لەو گۆشەوە سەیری دنیادیتەی سیاسەتیان کردو بە پێچەوانەی ئەوانە، گاندی و گیڤارەو ماندێلا و ئۆج ئالان لەدیدی ڕەمزی کۆمەڵایەتی سیاسی بۆ داهاتوو سەیری سیاسەتیان کردو نموونەی یەکەم لە کاتی تەنگانە و لێقەومان وەک سەدام خۆیان لە کونە جورج دەریانهێناو سەری خۆشیان لەسەردانا و نمونەی دووەمیش بەزیندووی نەک لای گەلەکەی خۆیان بەڵکوو وەک ڕەمزێک بۆ تەواوی دونیا دەمێننەوە.

پێویستە هەڵبژاردەی سیاسی لە باشووری کوردستان بیر لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەک ڕەمزێک بکەنەوە و پارەو سامان و پێگەی ئابووری بۆ کەس تاسەر نامێنێتە و عەقل جولاندن لەبری ئارەزووە خودییەکان جولاندنی نارەوا، زێدە پێویستە لەو ساتەوەختانەدا.

ڕێگە چارەی فریادرەس بۆ داهاتوو

خۆپەرستی سیاسی دیاردەیەکە و لە نێو هەڵبژاردەی سیاسی لە باشووری کوردستان بوونی هەیە بە فراوانی و کارەسات و مەرگەساتی گەورەی لێکەوتۆتەوە و پێشهاتی ڕوداوەکان ئەوەمان پێ دەڵێ کە دەرئەنجام و دەرهاوێشتەی ئەو خۆپەرستییە

سیاسییە لەکارەساتێکی گەورەترمان نزیک دەکاتەوە کە ڕەنگە دەسکەوتە مێژوویە نەتەوەییەکانمان لەهەڕەشەی لەناوچوون نزیک بکاتەوە و برەو هەڵدێر و زەندۆرە شەقار شەقار گەورە بکات.

کۆمەڵگەی باشووری کوردستان کۆمەڵگەیەکی زیندووەو دۆگمایی بەستەڵەک نییە و دینامیکیەتی جوڵەکردنی تێدایە و ئەوەی بەردەستی گرتووە بۆ جوڵان و بڕیاری کۆتایی بەسەر ئەو هەڵبژاردە سیاسییە خۆ سەپێنەرە بەتایبەت لەلای نەوەی دوای ڕاپەڕین، ئەولەویەتی دیکەی لەپێشە، لەتواناو وزە کۆکردنەوە بۆ داهاتووی دۆزەکە و بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی و گشتی خەڵک، ئەوەندە هەست بە نایەکسانی و نادادوەری و گەندەڵییەکان دەکات تا سەر ئێسقان و دەزانێ ریفۆرم و گۆڕانکاری کە لێرە و لەوێ بانگەشەی بۆ دەکرێت روکەشییە و لە ئەسلی مەسەلەکان ناگۆڕێ، ئەوەتا ئەو ئاراستەی کە داوای گۆڕانکاری دەکردو دەیخواست ریفۆرم لەو نێوەندەدا ئەنجام بدات، ئەوە بە فیکەیەک هاتە ناو دەسەڵاتی گەندەڵ و دروشمەکانی مایەپوچ دەرچوون و سیاسەتەکانی لە جغزی پۆپۆلیستانە سوری خواردەو و خۆشی تووشی دۆڕانکردو متمانەی جەماوەریشی پێ لەق بوو، بەڵام هاوکێشە نێوخۆییەکانی کوردستان و هەرێمی بگرە نێودەوڵەتی، گۆڕانکاری بە پەلەی تیادا رویدا و ئەگەر قسە و کردار بۆ دۆزی کوردستان بەجدی و دڵسۆزی و بە گوتارێکی سیاسی کۆدەنگی و فرە رەنگی و گشتگرەوەی کۆمەڵگە بێتە مەیدان، دەرفەتێکی زێرینی بۆ هەڵکەوتووە بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ هەڵبژاردە خۆپەرستە بێ بەهرەمەندە کاوڵکارییە بەسەر کوردستان دابنێ و فریادرەس بدۆزێتەوەو ئەوەندە ئەو بڕیار و سەرهەڵدانە گرنگ و هەستیارە وەک بروسک وایە ئەگەر لە کاتی خۆی ئەنجام نەدرا ئەوا کە نارەزایەتی وەک دەنگ و هەڵوێست پەیدا بوو ئەوا نیشانەی داوکەوتنی ئەو ئاراستەیە لە ئەدائی لێپرسراوەتی خۆی لەبەرامبەر مێژوودا و مێژوو دووبارەکردنەوەی «شکست و هەڵسانەوە و شکست» ، بۆیە گووتەکەی لینین راستە کە دەڵێ « ئەورۆ زووە و سبەی درەنگە «.

**گوتاری کۆدەنگی و پەرتەوازەیی سیاسی**

مرۆڤ بونەوەرێکی سیاسییە و سیاسەتیش لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤە لە پێناو رێکخستنی ژیانی تێکەڵاوەیی کۆمەڵاتییەکەیەتی، بەو زمانەی کەدەتوانی گوزارشت لەبیروباوەڕ و فکری پێشنیارکراو و هەڵوێست سەبارەت بە کێشە سیاسییەکان بۆ فۆرمی دەسەڵات دەربڕێ، پێ دەگوترێ گوتاری سیاسی، یانی گوتاری سیاسی دەقی نێردراو «نص « بۆ نێردراو»مرسل الیە» و لەلایەن نێردەر»مرسل « هەیە بە سیاقێکی دیاری کراو، ئەمانە پێکهاتەی گوتارن و کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی کاریگەری لەسەریانە، ئایدیولۆژیا، هۆشیاری کۆمەڵگە و روناکبیری و دابونەریت و ئایین و....... هتد، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری و روناکبیری ئەنجام بدات، گوتار زمانی گۆڕینەوەی پەیام و دیالۆگە لەگەڵ یەکتر، بۆیە گوتاری سیاسی توخمی ئیقناع و لەپێناو راکێشان بە لای خۆی تێدایە و یەکێ لەئامانجەکانیەتی، شرۆڤەکردنی واقیع لەپێناو جوانکردنی دەسەڵات یاخود رەخنەگرتن لەدەسەڵات و سیستەمی سیاسییە، پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤی تازە بۆ ئازادی و یەکسانی و دادوەری و دیموکراسیەتی تیادا بەرجەستە بکرێ، وردی لەدەربڕین و روونی لەگوزارشت و بۆ ئەوەی واقیعەت و بابەتیانەی پێ بدرێت، دەبێ یەکانگیری پتەوی تیادا بەدی بکرێت و ئاو بخواتەوە لەو ئایدیۆلۆژیەی کەهەڵگریەتی ، بۆ ئەوەی «کاریگەری بکاتە سەر» المرسل الیە « بیوروژێنی بە جۆرێکی لێپرسراوانە و ئەخلاق ئامێز لەخۆ گرتوو»، بە ئینگلیزییەکەی بە Discourse کە لەلاتینەکەی Discourses هاتووە و لەناوەڕۆکدا دیالۆگ دەگەیەنێ، زاناکان پێناسەی جودایان لەسەری هەیە، ئەوەتا بنفست دەڵێ» ئەو پەیامەیە کە قسەکەر کاریگەری دەکاتە سەر گوێگر»-یاخۆد میشێل فۆکۆیاما دەڵێ « دەق و قسەن کە کۆمەڵێک وشەن دادەرێژرێ لەسەر سیستەمێک بە لۆژیکی بونیات دەکرێ «یاخۆد زاناو فەیلەسوفی فەرەنسی ئولیفی روبول دەڵێ « کۆمەڵێک دەستەواژەی بەیەکگونجاوە بۆ مەبەستی کاریگەرکردن لەسەر گوێگر». گوتاری سیاسی کوردستانی، شکاندن و سوکایەتی بەیەکتر و توخمەکانی دەمارگرژی و لەخۆبایی و خۆپەرستنی سیاسی، تژییە، لەرووی زانستی سیاسییەوە سادەیی و ساکاری تیادا دەبینرێت و وەک لەپێناسە جۆراو جۆرەکاندا دیارە و دەبێ حەکیمانە و لەخۆبردوانە بێت لەپێناو وروژاندنی بەرامبەر.

**پێناسەی چەمکی سیاسەت**

سیاسەت لەمرۆڤەوە بۆ مرۆڤە و وەک ئەفلاتۆن دەڵێ «مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاقلە» و ناتوانێ وەک تاک بەتەنیا

بژی بەڵکوو پێویستی بە کۆگەلی هەیە، پێناسەی جودای هەیە و لەسەر یەک پێناسە کۆک نەبوون و هەر یەکە بە پێی جیهانبینی تایبەت بەخۆی کە خواستێتی پێناسە دەکات، بەڵام تەواویان لەسەر ئەوە کۆکن کە» ئەو پرۆسێسەیە بۆ هێنانە کایەی بڕیاری دابەشکردنەوەی بەها ماددی و مەعنەوییە جوداکان، بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە» یاخود پراکتیزەکردنی کۆمەڵاتییە بۆ دەسەڵات نەک هەر بە تەنیا دەوڵەت یانی سەپاندنی بەرژەوەندی تاکێک دوورە لە ناوەڕۆکی مانای سیاسەت، شیوعییەکان بەوە لێکدەدەنەوە کە « توانای چینێکی کۆمەڵگەیە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی چیناتییەکەی »، زانستی کۆمەڵایەتی بە جوڵاندنی مرۆڤ بۆ مرۆڤی لێکدەداتەوە.

لەباشوور کوردستان سیاسەت تێکەڵی خواستی تاک کراوە و بۆتە پاراستنی کەسێک یاخود بنەماڵەیەک و گرووپێک، کە دەست بۆ هەموو شێوازێک دەباو « مەبەست و شێواز بێ مانا دەهێڵێتەوە « بێ ئەوەی توخمی کۆگەلی و ململانێی تیا بێت، هێز بەکار دەهێنێت وەک کریک» «crick دەڵێ، لەکاتێکدا سیاسەت دیالۆگێکی ئاقلمەندانییە و ئەو پەڕەکەی شەڕێکی ساردە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، یاساکانی دیوەخان و خێلەکیەت باڵادەستی بەسەر ناوەڕۆکی سیاسەت خۆی سەپاندووەو وای لێهاتووە سیاسەت و حزب و خێڵ و بەرژەوەندی بنەماڵە، هاوێرکردنی کارێکی ئەستەمە و سیاسەتی دەرەکی و لە سایەی نیمچە دەوڵەتی سەربەخۆدا،

> کە کۆڵەگەکان بریتین لە خاک و دانیشتوان و ئابووری و سەرکردەی سیاسی و هێزی پیشەسازی و سەربازی، بە یەکەوە هێزی کۆمەڵگە پەیدا دەکەن, بەڵام ئەوەی ئەوانە هەڵدەسوڕێنی دەسەڵاتی سیاسییە و ئەو دەسەڵاتە خۆ دەخزێنتە نێو هەموو چالاکییەکانی دیکە، و چەندە ئەو خاڵانە هەبوونی ئیجابیانە بوون ئەوا بەشداری ئەو خاڵە ئیجابیانە دەبێ لەکایەی دەوڵەتدا،

تەنیا لەخۆگونجاندن لەگەڵ ئەجندای دەرەکی بە جۆرێکی بێ بەرنامەیی دادەڕێژن و وای لێهاتووە بتەکانی ڕۆژئاوا لەلایەن مرۆڤی کوردستانی دەپەرسترێ بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن!؟ ، دروستکردنی فەزایەکی لەو جۆرە و ئینسانیگەلێکی بێ ئیرادەو بێ بڕوا بەخۆی بە توانا خۆڕسکی خۆی بۆتە بەدیهی و پێچەوانە کارکردن و هەوڵی خۆڕاتەکاندن بە توندڕەوی لێکدەدرێتەوە، وەک لەسەرەوش باس کرا سیاسەت بۆتە وەسیلەی پەیداکردنی سەرمایەو دارایی نەک بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە و لەگەڵ کشانەوەی کۆدەنگی و ململانێیەکان برەوی پێ دەدرێ و بەرەو بەرجەستەکردنی هێز و توندوتیژی وخۆسەپاندن کردنەوەی یەکتر دەچێ، لەکاتێکدا دونیای ئەورۆ ڕەنگڕێژی بە فرە بۆچوون و ڕێزگرتن لەرای بەرامبەرە.

**گرنگی بواری سیاسەت**

ژیانی گشتی هەر کۆمەڵگەیەک پشت دەبەستێ بە سێ بواری سەرەکی «سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی» ئەگەر بواری سەربازی لە سیاسەت جودا بکەینەوە ئەوا دەبێتە چوار بواری سەرەکی تێکهەڵکێشی کارلێکەر لەگەڵ یەکدا، ئیدارەکردنی کۆمەڵگە لەدێرزەمانەوە لایەنی سەرەکی و گرنگی هەر کۆمەڵگەیەک بووە بۆ دەستنیشانکردنی هێزی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەفلاتۆن کردویەتیە کۆڵەگەی سەرەکی کۆمەڵگە کە بە بابەت و ئامانج بەستەوەو میکافیلی بە بابەتەت و تەکنیکی بەستەوە، کە کۆڵەگەکان بریتین لە خاک و دانیشتوان و ئابووری و سەرکردەی سیاسی و هێزی پیشەسازی و سەربازی، بە یەکەوە هێزی کۆمەڵگە پەیدا دەکەن, بەڵام ئەوەی ئەوانە هەڵدەسوڕێنی دەسەڵاتی سیاسییە و ئەو دەسەڵاتە خۆ دەخزێنتە نێو هەموو چالاکییەکانی دیکە، و چەندە ئەو خاڵانە هەبوونی ئیجابیانە بوون ئەوا بەشداری ئەو خاڵە ئیجابیانە دەبێ لەکایەی دەوڵەتدا، هەندێ جار پان و بەرینی(ئیران) و خاک ژمارەی دانیشتوان (چین)، سامانە سروشتییەکان وەک نەوت و توانای سەربازی (ئەمریکا) و پیشەسازی (ئەوروپا) و توانای سەرکردایەتی سیاسی (ئیسرائیل)، هیچ چالاکییەکی مرۆی نییە نەکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەت، دەسەڵاتی سیاسی دەرفەت دەداتە بوارەکانی دیکە لەچوارچێوەی یاسا بەڕیووە بچێت بەژێر رمی سیاسەتدا ڕەت ببێت، دەسەڵاتی سیاسی تاکە بوارە لەناو کۆمەڵگە

کە ڕەوایی هەیە هێز بەکاربهێنێ بۆ ئاشتی و ئۆقرەیی کۆمەڵگە، ئاشتی و شەڕ و ئازادی و داخراوی دەسەڵاتی سیاسی دەستنیشانی دەکات.

**پێناسەی پارتی سیاسی**

پارتی سیاسی یەکێ لەدیاردە دیارەکانی ژیانی سیاسییە بە تایبەتی لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا، ڕەنگە کارێکی هێندە ئاسان نەبێ بۆ ئەوەی پێناسەیەکی پوخت بدەین لەسەر چەمکی پارتی سیاسی، بەهۆی ڕاوبۆچوونی جودا و پاشخانی ئایدیۆلۆژی بۆ نوسەر و توێژەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیین لە پێناسەیەک نزیک بینەوە کە بە شێوەیەک لەشێوەکان لەسەری هاوڕان، مارکسییەکان وای بۆ دەچن کە « گوزارشتێکی سیاسییە بۆ چینێکی دیاریکراو »، ماکس فیبر دەڵێ « ئینتیمایەکی ئازادانەی پەیوەندییەکی کۆمەڵاتییە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو و گەیشتن بە دەسەڵاتێکی تەواو یاخود جوزئی»، شلزنجر « دیاردەیەکە و ئامانجی سەرەکی گەیشتنە بە دەسەڵات» جیمس کولمان « ئامانجێ سەرەکی شراوە و دیاری گەیشتنە بەدەسەڵات و جۆرج بوردیو « کۆمەڵێک خەڵکن بە بیروڕایەکی سیاسی وەک یەک بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە و گەیشتن بەدەسەڵات و پراکتیزەکردنی ئەو بیروباوڕانە لەچوارچێوەی ئەو پێگە سیاسیەدا»، سایتی کۆلیژی یاسایی زانکۆی بابل دەڵێ» کۆمەڵێک خەڵکن یەک دونیادیدە و ئایدیۆلۆژیەتیی هاوبەشیان هەیە لەناو چوارچێوەیەکی سیاسی دیاریکراودا و هەوڵ دەدەن ڕای گشتی تەعبیئە بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات «، ویکیپیدیا دەڵێ « ڕێکخراوێکی سیاسییە ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات و پراکتیزەکردنی ئەو دەوڵەتە بە پێی بەرنامەی پارتەکەی لەبواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی»، لەکۆی ئەوانەدا وامان بۆ شرۆڤە دەکا کە پارتی سیاسی بریتیە لەکۆمەڵێک خەڵک لەناو چوارچێوەیەکی سیاسی کۆدەبنەوە لەسەر بنەمای جیهانبینیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر دەسەڵات و ئەو بیروباوەڕە بکەنە پراکتیزە لەنێویاندا، بۆیە دوای ئەوەی خەڵک ئایدیۆلۆژیایەک هەڵدەبژێرێ، هەوڵدەدا پاڵپشتی جەماوەری بۆخۆی پەیدا بکاو پێ بگاتە دەسەڵات «، پارت ئامانج نییە بەڵکوو وەسیلەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و بەشێکە لە کایەی سیاسی هەموو کایەی سیاسیەکە نییەو موریس دوڤرجیە دەڵێ « ئەو پێناسەی کە ئێمە بۆ پارتی سیاسی دەیکەین مێژووەکەی بۆ سەدە و نیوێک دەگەڕێتەوە(١٨٥٠) لە ئەمریکا و لە دوای یەکەمین شەڕی گەورەی دونیا پەڕیەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

**پارتی سیاسی لە نێوان ئامراز و ئامانجی سیاسی**

پارتی سیاسی، ئامانجی سەرەکی گرتنی دەسەڵاتەو ئامانجی ئامانجەکانیش ئەوەیە کە پراکتیزەی بیروباوەڕەکانیەتی لەنێو کۆمەڵگەدا و جێبەجێکردنی داخوازییەکانیەتی، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی بە ئازادانە، چاودێرکردنی حکومەت و دەسەڵات بەگشتی، بەتایبەتی کە پارتەکە لەدەرەوەی دەسەڵاتە و وەک ئۆپۆزسیون کار دەکات، بەم وەزیفەیەدا هەڵدەستێ، بۆیە کایەی سیاسی ئامرازە بۆ بەجێگەیاندنی پەیام و ئایدیولۆژیاکەی، دەکرێ پوختی بکەیەوە ئەرکی سەرەکی پارتی سیاسی بریتیە لە ئەکتیڤکردنی ژیانی سیاسی لە وڵات و بەشداری سەرەکی لە دروستکردنی ڕای گشتی و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان و پەروەردەکردنی کادیر و ئەندامەکانی وەک سەرکردەی سیاسی و دابینکردنی ئۆقرەی سیاسی و بەشداری لەچارەسەری مژارەکانی هاوڵاتیان بە جۆرێکی دادوەرانە و بەیەکەوە گەیاندنی دامودەزگاکانی دەوڵەت، یانی پارتی سیاسی دەبێتە ناوبژیوانێکی میانڕەوانە لەنێوان دەسەڵات و گەل، نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

**گوتاری یەگرتوو نەک پەرتەوازیکردن**

گوتاری سیاسی لەباشووری کوردستانی نەیتوانیوە وەک پێویست بە ئامانجی خۆی هەڵبستێ کە دەبێ گوتاری سیاسی ئەنجامی بدا، لە بری ئەوەی گوتاری سیاسی ببێتە چارەسەری کێشەکانی نێو کۆمەڵگەو دامودەزگاکانی فەرمی، لە بری یەکخستنەوە و کۆدەنگی لە نێوان پارتە سیاسییەکان بێتە دی، ئەوا حزبسالاری و پاوانخوازی و خۆسەپاندن بەرەوی پێ دەدرێت و لە ڕوداوەکانی ئەم دوایانەدا ناڕەزایی جەماوەری لە پێناو قوتی خۆی (مووچە) و کارەباو نادادوەری و نایەکسانی و گەندەڵی لەهەموو بوارەکان، ئەوا ئەو ناڕەزاییانە بە شێوەیەکی مەدنیانە پەرە پێ بدرێ و پانتایی لەڕووی جوگرافی و جەماوەری بەرفروان بکرێ، ئەوا وەک کاردانەوەیەک بووە، ناکۆکی نێوان «٤ بە ١» حزب و دوایی لەگەرمەی ڕوداوەکان بووە، «١به ١» کە نەدەبوو بەو ئاراستەیە بکرێ، ئەم ئاراستەیە

نە بەقازانجی دەسەڵاتەو نە ئۆپۆزسیون و نە جەماوەر کە داخوازییەکانی کرایە ململانێی حزبایەتی، ئەوەتا گۆڕان بۆ مەبەستێک هاتە نێو دەسەڵات و پارتیش بۆ ئەوەی شوێن پێی یەکێتی لاواز بکا لە سلێمانی و لەڕێگەی گۆڕان و بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی خۆی, بەڵام لەدرێژەی جوڵانەوەی رووداوەکان، ئەوەی لێ کەوتەوە، کە پارتی و گۆڕان کە هەریەکە بۆ مەبەستێک بەشداریان لەکابینەی هەشت کرد، کەچی ئێستا پارتی کەوتۆتە بەرەییەک تەواوی نارەزاییەکان ئاراستەی ئەو دەکرێ و لایەنەکانی دیکەی حکومەتی هەرێم خۆیان لێ دەرخستوە و گۆڕان بۆتە تەوەربەندی نارەزاتییەکان و پارتی ئەو شەرەفەی پێ داوەو کە لە ناوەڕۆکدا وا نەبوو، گۆڕانیش وەک پارتی و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو بەشداری سەرەکی نێو کابینەکەیە و ئۆپۆرتنیستەکانی نێو پارتی بەنزین بە ئاگرەکەدا دادەکەن و بەداخەوە سەرکردایەتی پارتیش گوێیان لێ دەگرن و ئەوانەی راستییەکان بە پارتی دەڵێن، پارتی وەک ناحەز سەیریان دەکا!!، مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم دوای ئەوەی ماوەی یاساییەکەی تەواو بوو، لەبری ئەوەی خۆی بکاتە مەرجەعی هەرێمی کوردستان، ئەوا دەرفەتی دا بەو توندڕەوانەی نێو پارتی، دەرفەتەکانی بۆ ئەو مەرجەعیەتە لەدەست داو و ئەستمە جارێکی دیکە ئەو هەلەی جارانی بە کۆدەنگی بۆ برەخسێتەوە !!؟ ، باشە ئەوا «٢٥» ساڵە گوتاری سیاسی باشووری کوردستان کۆمەڵگە لەت و پەت و تووشی ئەنگێزە دەکا، ئەوەتا هەدەپە لە زەروفێکی دژوارتر لەباشووری کوردستان کاری سیاسی دەکا، کەچی توانی کێرڤی سەرکەوتنەکانی بەسەربخا کە بە گوتارێکی تایبەت بە کۆمەڵگەی باکوور بە کۆدەنگی کاری کرد، کەچی لەباشووری کوردستان ئەو بەهرەمەندە شۆڕشگێڕیەی یەک هەڵوێستی و کۆدەنگی کە «راپەڕینی ١٩٩١» بە پراکتیکی ئەنجامی دا، ئەوا دوای ئەوەی شەڕێکی نێوخۆیی چەند ساڵەیان ئەنجام دا و کوردستانیان ئاور تێبەردا و شوێنەوارەکەی تا ئێستا هەر ماوە و ئێستا کەسی یەکەمی بەرلەمان رێگەی پێ نادرێ بێتەوە شوێنی کاری سەرەکی خۆی و وەزیرەکانی گۆڕان لەپۆستەکانی خۆیان دوورخراونەوە و شوێنیشیان پڕکرایەوە، درێژەدان بەو خۆسەپاندنی پارتی لە نێو دامودەزگاکان و نەخوێندنەوەی سایکۆلۆژیەتی پارتی لەلایەن سەرکردایەتی گۆڕان کە بە پەلە دەخوازن کش لە مەلیک بکەن بە یەک هەڵگرتە گەمەکە ببەنەوە و هەڵویست وەرنەگرتنی حزبەکانی دیکەی نێو چوار حزبەکە و وەخت کوشتن و چاوەڕوانیکردنی دەستی پارتی، رەوشەکەی نەک چارەسەری سەرۆکی هەرێم بەڵکوو پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانیشی لەو کێشانە گلاند و بەرەو دوو ئیدارەیی و لێکدابڕان دەبەن!!؟ لە کاتێکدا کوردستانیان لەچاوەڕێی ئەوەدا بوون بە رەهەندی نەتەوەیی و کۆدەنگی و فرەڕەنگی بۆ دەسکەوتی گەورەتر هەڵبکشێن، درێژەدان بەو گوتارە، لەدەستدانی بوارە ئەلماسییەکانە بۆ دۆزی کوردستان و شکستێکی نوێیە تۆمار دەکرێ!!؟.

سەرچاوەکان

١-ویکیبیدیا ، الموسوعه الحره / انانیه ، حزب السیاسی
٢- قاموس المعانی العربیه
٣- نبیل عوبید / فلسفه مبسگه: الأنانیه الأخلاقیه .www
alankabout.com
٤- فاروق رەفیق /بت سازی و بت شکێن / رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١٥١-١٥٢
٥- رێبوار سیوەلی / سیاسەت لە قەیراندا — چاپی یەکەم - کوردستان ٢٠١٣ خۆپەرستی سیاسی لاپەرە ٣٢-٤٢
٦- د.محمد الچو/ بین الأنانیه والإنسانیه / مختارات من فلسفه الإنسانیین / ٢٠١١/ مۆسسه فلسفه الإنسانیین سویسرا
الشبکه العربیه للأبحاپ والنشر / ترجمه رشا جمال/ بیروت ٢٠١٢ نستا ص٤٤_٤٧ ستیڤن دی٧
٨_مبادیو علم السیاسه ( مدخل .... موجز لدراسه العلوم السیاسیه ) کلیه القانون جامعه بغداد ص ٢-٧
٩- موریس دوڤرجیه / مدخل الی علم السیاسه / د. سامی الدروبی ، د جمال الأتاسی /دمشق ( التحلیل النفسی والسیاسه ص٤٠_٤٧
١٠_ هبه عبد المعز احمد/ تحلیل الخگاب / مرکز النور / ٣/ ٣/ ٢٠٠٩



کـــاوە نادر

# قەتیس بوون لە نێوان دەوڵەت و ئازادی دا



**قسە و شیکردنەوەی دۆخی باشوری کورستان کە بەشێکە لە جوگرافیای کوردستانی گەورە کە لە سنوری عێراق دایە و ئێستا لە چوارچێوەی خۆبەڕێوەبەریەکی فیدڕالی دایە**

ناکرێ جیا لە ڕۆژهەلاتی ناوین بکرێ. بۆ هەڵسەنگاندنی باشور ناچارین بە چەند دەستەواژەیەک پێناسەیەک بۆ سیستەمەکەی و مێژووەکەی بکەین کە کۆنترینە و ئامازەی بە کاریگەری لەسەر ئێستا بکەین.

عێراق بە پێی زانیاری و پێدراوە مێژووییەکان بە واتای عرق ، ڕیشە یان ڕەچەڵەک دێت کە خۆی لە خۆی دا ئەو پەیڤە واتادارە بۆ شیکردنەوەی باسەکە. عێراق مندالدانی یەکەم دەوڵەت - شار و دواتریش دەوڵەتە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا، جێی یەکەمین کەڵەکەبوونی بەرهەم یان بە واتایەکی تر بڵێین سەرمایەیە، چونکە هەڵەیەکی مێژووییە گەر سیستەمی سەرمایەداری تەنیا ببەستینەوە بە «٤٠٠» ساڵی ڕابردووەوە یان تەنیا لە سەدەی «٢٠» دا قەتیسی بکەین.

ڕیشەی دەوڵەت کە تەمەنەکەی بۆ «٥» هەزار دەگەڕێتەوە ناوەندەکەی عێراق یان میزۆپۆتامیای خوارو بووە. بەڵام ئەو سیستەمە بەدرێژایی مێژوو و تا ئێسستاش لە جیهان دا بە لە ناوبردنی کۆمەڵگە و جیاوازیەکانی درێژەی بە هەبوونی خۆی دا. لە هەموو جیهان ، لەسەر کاریگەریەکانی دەوڵەت لەسەر کۆمەڵگە گفتوگۆی چڕ و پڕ هەیە، بەڵام کەمترین ڕەخنە و گفتوگۆ لەسەر ڕیشەی مێژوویی عێراق لە ناوخۆی ئەو وڵاتە و باشوری کوردستان دەکرێ، ئەو هەڵە مێژووییە بۆ سیستەمی ئێستای باشوری کوردستانیش لە ڕووی کردەییەوە زۆر کێشە ئامێزە. بۆچی ؟

ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک ناوەندی قەیران و ئالۆزیەکانی جیهان دەناسرێ و هەرێمێکی پڕ لە وزەی سەرزەوی و بن زەویە، دانیشتوانە گەنجەکەی لە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێک دێنێ و زۆرینەیان دانیشتوانەکەی تەمەنی ناوینن، لەو ڕووەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە. ئێستا باشوری کوردستان و عێراق لە ژێر خراپترین کاریگەری پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوین مەزن یان نوێ یان هەر ناوێکی تری کە لێی دەنرێ کە لە دەرەوە ڕا دیزاین دەکرێ و کەمتر دینامیزمی ناخۆیی بە بنەما دەکرێ.

بە بونیادنانی دەوڵەت - نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی لە سەروبەندی باڵادەستی بەریتانیا لە عێراق، تا ساڵی «١٩٣٢» بەریتانیا بە پێی بەرژەوندیەکانی خۆی شێوەی بە دەوڵەتە دا ، ئەو باڵادەستیە تەنیا لە دوای ئەو مێژووە بە شێوەیەکی ڕووکەشانە وەلاوەنرا، لە سەدەی «٢١» دا بە دابەشکردنی کوردستان دوای پەیماننامەی سایکس بیکۆ دۆخی سیاسی، ئابوری، مۆدێلی بەڕێوەبردن و تەنانەت کۆمەڵایەتیش بەپێی ئەو ڕێکەوتنامەیە شێوەی پێ درا و بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی بۆ عێراق دۆخێکی سەخت و دژواری لەگەڵ خۆی دا هێنا بە تایبەتی کاریگەری ڕاستەخۆی لە باشوری کوردستان کرد.

عێراق دوای هەڵوەشانەوەی ڕژێمی پاشایەتی ساڵی «١٩٥٨» بە دواوە دان بە بوونی گەلی کورد دا نرا لە دەستوردا،

بەڵام لە ڕووی بەشداری سیاسی و ئیدارەی قەبوڵ نەکرا و دیسان مامەڵە بە چەمک و سیستەمی ناوەندیێتی دەوڵەت - نەتەوەی عەرەبی سوننی کرا و کورد وەک هاوبەشێک نەبینرا و بە دەر لە عەرەبی سوننی پێکهاتەکانی تر پەراوێزکران و تەنانەت هەوڵی پاکتاوکردنیان درا. کاتێ سیستەمی سەرمایەی جیهانی سەدام حسێنی وەک تەگەرەیەک بینی لە بەردەم نوێبونەوە و فراوانبوونی خۆی دا و پێویستی لەسەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەرژەوەندیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەتی لە گۆڕانکاری هەلومەرجی جیهان و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵپەی یەک جەمسەر بوونی سیستەمی سەرمایە، بەئۆپەراسیۆن و دەستوەردانێکی سەربازی دەستەڵاتداری پارتی بەعس کە تاکە مۆدێلی پارتی سیاسیە، لەسەر کار لابرا و ڕژێمی سەدام حسێن وەک سەمبولی دەوڵەتی عێراق ڕوخێنرا. لەڕاستی دا دەکرێ بڵێین عێراقی بەعس واتە سەرەتای کۆتایی دەوڵەت - نەتەوەی مۆدێرنییتەی سەرماداری بوو، بەڵام لە ڕووخان واوەتر گۆڕانکاری نەکرا. دەسەڵات لە عێراق دا دەستی گۆڕی لە عەرەبی سوننیەوە بۆ عەرەبی شیعە و لە ژێر کاریگەری ڕژێمی شیعەگەرایی ئێران دا لە عێراق دا بالادەستی خۆی ڕاگەیاند.

بەڵام لە باشوری کوردستان دۆخەکە چۆن بووە لە ماوەی ئەو «٢٤» ساڵەی ڕابردوودا و چ ئەنجامێک ئەو هەلومەرجە نوێیە هاتە ئاراوە؟ دەکرێ بە چەند ئاماژەیەک دۆخی باشوری کورستان پێناسە بکەین. لە دوای ساڵی «١٩٩١» باشور لە لایەن دوو پارتی سیاسی ( پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ) بەڕێوەبرا، بەڵام لە چەمکی بەڕێوەبەری ئەو دوو پارتەدا، مۆدێلی ناوەندگەرایی دەوڵەت - نەتەوەیی عێراق و پارتی بەعسی تێنەپەڕاند، هەوڵی یەکڕەنگ کردنی کۆمەڵگەیان دا و کەلتور و فرەڕەنگی کۆمەڵگەیان تا ئاستی بێ ئیرادە کردن لاواز کرد و کاریگەریان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کرد.

لە باشور سێ کێشەی سەرەکی هەیە و ئەو سێ کێشەیە کاریگەری لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی باشوری کوردستان کردووە.

یەکەم : نەبوونی دامەزراوەی دیموکراتیانەی حکومڕانی لە سەر بنەما و چەمکی هاوڵاتیێتی. ئەو دۆخە کاریگەری لەسەر زیاد بوونی ناشەفافیەت و نا عەداڵەتی کردووە. وەک دەزانرێ عێراق لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵ دایە لە جیهان دا بە پێی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ئەو دۆخە باشوری کوردستانیشی گرتۆتەوە. چونکە سیستەمێکە لەسەر بنەمای مۆنۆپۆلی ئابوری لە لایەن ئەو پارتانەوە و بۆ کۆمەڵگەش لەسەر بنەمای بەرخۆریە نەک بەرهەمهێنان. پەیوەندی کۆمەڵگە لەگەڵ دەسەلات لەسەر بنەمای فەرمانبەریتیە و بەستنەوەیە بە مووچە. خۆبە خۆ لەم ماوەی دواییەداش دا ئەوەش نیە. لە قۆناغی ڕابردووش و لەسەردەمی ڕژێمی بەعس بە بڕیارێکی سەدام حسێن هەموو کرێکارانیش ستاتۆی فەرمانبەریان پێدرا. گوندەکان تێکدران کە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنان بوو، سەدان هەزار کەس کوژران، لە ژێر ناوی شالاوی « ئەنفال کە سورەتێکی قورئان »ە و سەدام حسێن کەڵکی لێ وەرگرت بۆ پاکتاو کردنی گەلی کورد و هەروەها چەندین دەڤەری وەک هەڵەبجە کیمیاباران کران، بەڵام کێشە سەرەکیەکە ئەوەیە کە دوای ئەو هەموو کۆمەڵکوژیانە دەسەڵاتدارانی کورد لە باشور مۆدێلێکی نوێی حکومڕانی و مۆدێلێکی نوێی پارتی سیاسیان پێشکەش بە کۆمەڵگە نەکرد. هیچ پلان و پرۆژەیەکیان بۆ دامەزراوەیی کردن و بونیادنانی دیموکراتیانە نەبوو و تا ئێستاش نیە. نەیانتوانی لە دەروەی چەمک و دەرهاویشتەکانی دەوڵەت - نەتەوە بیر بکەنەوە.

ئەو دۆخەکە کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر ژنان کرد و هەندێ ئاماری توند و تیژی سەر ژنان کە تۆمار کراوە ترسناکە، ئەوەشی تۆمار نەکراوە لەوە ترسناکترە. بە پێی ئامارە تۆمارکراوەکانی دەزگاکانی مەدەنی و ڕاگەیاندنی « نیمچە سەربەخۆ» ویژدانهەژێنە لانی کەم لە ساڵێکدا «٣٧٠» ژن کوژراوە ، ئەوەش دەکاتە زیاتر لە ژنێک لە ڕۆژێک دا کە کوژراوە یان ناچارکراوە خۆی بکوژێ، تا ئێستا لە باشوری کوردستان مەیدانێکی ئازاد بۆ خۆدەربڕینی ژنان نیە نە لە سیاسەت، نە لە ئابوری مەبەست ئابوری خۆسەر و نە لە بوارەکانی تر دا. زۆر ڕێکخراوەی ژنان هەن، بەڵام کاریگەریەکی ئەوتۆیان لە بنەما و پێوەرە کۆنەکانی کۆمەڵگە نەکردووە کە لەسەر بنەمای خوێن و

موڵکداری و زهنیەتی ناوەندێتی، سەروەری پیاوە. ژن بە شێوەیەک بونیان هەست پێ ناکرێ کە دەسەڵات و کۆمەڵگە پیاوانە، ئەمە ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ڕۆژانە و دەربڕین دا بە ئاسانی دەبینرێ.
لە حاڵەتی توند و تیژی سەر ژنان و قوربانی کردنی ژن دا بۆ جارێک ژنانی ڕێکخراوەکان ئەو ڕچەشکێنییەیان نەکرد کە تابۆتی ژنێک لەو ژنانەی دەکوژرێن بخەنە سەر شانیان و خاوەندارێتی لێ بکەن لە کاتێکدا و لە زۆربەی حاڵەتیشدا مۆرکی شەرەف لەو جۆرە کوشتن و خۆکوشتنانە دەدرێ، ئەوەش دەبێتە مایەی سڵکردنەوە لە لایەن ژنان خۆشیانەوە. ئەو هەوڵانەی کە هەیە لە لەیەن ژنان و ڕێکخراوەکانیان لاواز، بێ ڕێکخستنە و لە دەستەبژێرێکی ژنان دا سنورداره و دووری کۆمەلگەن و کار بۆ ژنان لە تێکۆشان زیاتر وەک پیشە و فەرمانبەریە.
دۆخی ژنان لە کۆمەلگەی باشور دا تا قۆناغی «٢٠٠٣» زادەی مۆدێلی کۆمەڵگەیەکی عەشیرەتی و بنەماڵەیی ببوێ لە دوای ساڵی «٢٠٠٣» ەوە بە بەسترانەوەی باشوری کوردستان و عێراقەوە بە سەرمایەی جیهانی، سیستەمی سەرمایە تەنیا کاڵاکانی نەهێنا بەڵکو لەگەڵ خۆی کولتورێکی هێنا کە بارکرا لەو نۆڕمە کۆنەی کە هەبووە، ژن لە نێو دوو کەلتوری خۆجێی کە نەگۆڕاوە و تەگەرەیەکی زۆر بۆ هاتنە مەیدانەکانی ژیان هەیە، کەلتوری دەرەکی لە ژێر ناوی جیهانیبوون دا هێنایە کوردستانەوە، بەریەکەوتنێکی هێنا ئارا کە دەیان جار دۆخی ژنی خراپتر کردووە.
ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە داهاتەکانی پترۆڵ « ساڵانە بە ملیاران دۆلار مەزەندە دەکری « و خۆی بێ بەشە، بەڵام بۆ توێژێک مۆدێلێکی ژیانی بەسەردا دەسەپێنری کە لە ڕووکەش دا لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد و چەمکی نیۆلیبرالیزمە، بەڵام ئەم نۆڕمانە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەیەک بار دەکرێ کە هێشتا پەیوەندیە خوێنیەکان و چەمکی مۆڵکایەتی بڕیاردەرن. لەم کاتەی ئێمە قسە دەکەین چەندین مانگە سادەترین مافی فەرمانبەرەکان کە موچەیەکی مانگانەی ڕەنجیانە، بەڵام لەوەش بێ بەش کراون، سادەترین مافی وەک کارەبا، ئاوی پاکی خواردنەوە، ڕێگاوبانی باش، تەندروستی و پەروەردەیەکی هاوچەرخ و دیموکراتیانە نیە.
کێشەیەکی دووەمین لەگەڵ حکومەتی عێراقە. سەرنج بدەن کە پارتە سیاسیەکانی کورد، نوسەران، ئاکادیمیسیانان و ڕۆژنامەوان و هتد، ڕەخنەی توند لە حکومەتی عێراق دەگرن و بە گوتارێکی ناسیۆنالیستیانەی وشک بەرەنگاری سیاسەتی هەردوو پێکهاتەی سونی و شیعی عێراق دەبنەوە، بەڵام هەمان ئەو کەس و لایەنانە خۆشیان جیهانبینیەکی نوێ و مۆدێلێکی نوێی حوکمڕانیان پەیڕەو نەکرد، ئەو مۆدێلە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بواری بەرگری و خۆپاراستنیش کرد.
داعش لە ماوەیەکی کورت دا موسڵی داگیر کرد لەبەرئەوەی کە سوپای عێراق سوپایەکی نیشتمانی نیە و لە ژێر کاریگەری هەژمونی ئایدۆلۆژی دایە، ئەوەش ئاماژە بوو بۆ هەڵوەشانەوەی یەکجاری عێراقی کۆن لەگەڵ ئەوەی کە هێشتاش زۆر شتی تاریک و ناڕوون لە داگیرکردنی موسڵ دا، داگیرکردنی ئەو شارەش کاریگەری لە جێی تری عێراق کرد و ورەی بەداعش دا، بە تایبەتی هێرشی سەر شەنگال و داگیرکردنی. شەنگال خۆ بە خۆ برینێکە بۆ ئێمەی کورد کە ناچارین ڕەخنەگرانە لەخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو برینە بکەین، بۆچی ؟ کوردەکان یەک دەست و یەک بۆچوون نین بەڵکو چەند بۆچوون هەیە لە مەسەلە گرنگ و ستراتیژیەکان، بەڵام ئەو بۆچوونانە لە نێو دوو دونیا بینی دا دابەش بوون بەشێکیان ئەو دونیابینیە کە لە ڕووی ئیداری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوری و زۆر بواری دیکەوە، بەتایبەتی خۆپاراستن لە پەنجەرەی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە لە مەسەلەکان دەڕوانێ و ئەوەی دیکە لە دیدێکی نادەوڵەتیەوە لە پرسەکان دەڕوانێ کە ئەوەی دووەم لاوازە و ناڕێکخراو بوو.
لە مەسەلەی داگیرکردنی شەنگال لە لایەن داعش و ئێزدیەکان دا زۆر بە زەقی ئەوە دوو دیدە جیاوازە بینرا. هەم ئێزدیەکان لەوێ نەپارێزران و هەم ڕێ نەدرا کە یەکینەکانی پاراستنی خۆیان دامەزرێنن. لەشەنگالیش بەهۆی بەجهێشتنی هێزی چەکداری سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق و لە بەر نەبوونی سوپایەکی نەتەوەیی و یەکگرتووی کورد، شەنگال بۆ داعش بە جێهێڵدرا. شەنگال و ژمارەیەکی زۆر لە ئێزدیەکان کەوتنە دەست داعش.

بەپێی ئاماری ئافەرمی زیاتر لە «٣٧٠٠» لە ژنان و منداڵانی ئێزیدی کەوتنە دەستی چەتەکانی داعش و لە بازاڕەکانی ڕەقە و موسڵ دەفرۆشرێن.

ئەوەی من تا ئێستا باسم کرد دەرئەنجام و جیهانبینی توێژی دەسەڵاتداری و ئەو بەشەیە کە دەیانەوێ کۆمەڵگە بە دید و ڕوانگەی دەسەڵاتدارێتی و ناوەندێتییەوە بەڕێوەبەرن و ئەوانە ناتوانن لە دەرەوەی چەمکی دەوڵەت بیر لە ڕێگا چارەیەکی تر بکەنەوە نەک ئەوەی کە خۆیان پلان و ستراتیژیان بۆ دەوڵەتسازی هەبێ، بەڵکو وەک گوتارێکی لەرزۆک بەکاری دێنن و لە فەلەکی دەوڵەتانی تری هەرێمی دا هەڵسوکەوت دەکەن کە دەکەوێتە پۆلینی کێشەی سێیەمن و سەرەکی باشوری کوردستان.

دا، لە سەرەتا «٢٠١٥» ەوە ژنان لە هەموو ساڵانی تر جیاوازتر هاتنە مەیدان و داواکانیان خستە ڕوو، بەڵام هێشتاش ئەلبەتە بە پێی پێویست نیە و لە چوارچێوەیەکی ڕادیکال دا نیە. وەک تیۆری هەیە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە لاوازیەکی گەورە هەیە. ئەو دیدە پێی وایە کە لە جێی چاوەڕوانی کردن لە دەسەڵاتداران دەبێ ڕاستەخۆ کۆمەڵگە خۆی ڕێکخستن بکات. ئێستا بزووتنەوە ، تەڤگەری نوێی سیاسی ، گەنجان ، ژنان هەیە، ئەمانە جیان لەو دیدەی کە بەشێک ئیسلامین یان خۆیان بە سیکولار دەزانن، ئامانە پێیان وایە کە کاتێ بچنە سەر کورسی دەسەڵات دەتوانن گۆڕانکاری لە سیستەم دا بکەن. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی




ئەو دید و جیهانبینیە سیستەمی کاپیتالیزم وەک سیستەمێکی نمونەیی و کۆمەڵگەش وا تێدەگەیەنن کە ئەمە باشترین چارەسەریە، بەڵام دەبینرێ کە ئێستا ئەم دیدە خۆی لەخۆی دا گەورەترین قەیرانی بۆ کۆمەڵگە دروست کردووە. بەڵام داخۆ باشوری کوردستان هەر ئەوەیە ؟ نا بێ گومان. بەڵکو لە نێو کۆمەڵگەدا لێگەڕینێک هەیە بۆ ئازادی، لێگەڕینێک هەیە هەم لە چوارچێوەی میدیای ئەلتەرناتیڤ، هەم لە بەشێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان

دواییەدا ئەو ڕێبازە تاقی کرایەوە، بەڵام دەبینرێ کە شتێک لە پرسەکە نەگۆڕاوە و چارەسەریش بۆ پرسەکان نەبینرایەوە ئەوەش سەلمێنەرە کە لە دەسەڵاتەوە گۆڕانکاری ناکرێ، بەڵکو گۆڕانکاری لە ڕێکخراوبوونی کۆمەڵگەوە دەبێ. ئەم دونیابینیە ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەسەندن دایە و دەیانەوێ ئەو دیدە باوەی هەیە بشکێنن و تێپەڕێنن.

لە نێو ژنانیش دا دوو بۆچوونی جیاواز لە سەر

چارەسەری پرسەکانی ژنان هەیە: بەشێک لە ژنان پێیان وایە کە بەگۆڕانکاری لە یاساکان دا دەکرێ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بکرێ. لە ساڵی «٢٠١١» دا یاسایەک دەرکرا بۆ ڕێگرتن لە توند و تیژی سەر ژنان، بەڵام هێشتاش کار بەو یاسایە ناکرێ. هێشتا بە هەندێ مەرجی سنووردار کە کاریگەریەکی ئەوتۆی نەی ، پیاوان دەتونن لەگەڵ چوار ژن زەواج بکەن. پیاوێکی بە هۆی ئەو مەرجانەی دانراون نەتوانێ ئەوە لە دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان ئەو کارە دەکات.

بۆچونێکی تریش هەیە لە نێو ژنان دا ، هەم وەک کەسایەتی و ، هەم ڕێکخراوەکان پێیان وایە کە « ڕاستە یاسا گرنگە بەڵام هەم جێبەجێ کردن، هەم گۆڕانکاری زهنیەت لە نێو کۆمەڵگە بەڕێێ ڕێکخستن کردن گرنگە. ڕێبازی خۆڕێکخستن کردنی کۆمەڵگە لە ژێر بۆ ژوور کە لە دید و جیهانبینی بەڕێز ئۆجالان دا تیۆریزە کراوە. خۆ ڕێکخستن کردن لە چوارچێوەی ئەنجومەن، کۆمین، کۆمیتەی خۆسەر کە خۆیان هەم کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن، پەروەردە و زۆر بواری دیکە پشت بە خۆیان ببەستن. نە تەنیا لە شارەکان بەڵکو بەتایبەتی لە دەرەوەی شارەکان و لە گوندەکان ئەو مۆدێلە دەکرێ بچەسپێ.

لە ڕووی مێژووییەوە پێکهاتەی ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکە کە پرۆژە و پلانی دەرەوە ڕەت دەکاتەوە و هیچ مۆدێلێک لە دەرەوە ڕا ناتوانێ جێکەوتە ببێ و ناتوانێ پرسەکان چارەسەر بکات، مەگەر بە دینامیزمی ناوخۆیی خۆی بکرێ کێشەکانی چارەسەر بکرێ.

> راستیەک هەیە کە لە مێژووی سەدەی رابردوو رۆژهەڵاتی ناوین، عێراق و کوردستانیش بینرا کە ئەو ناوچەیەی ئێمە وەک گۆرستانی پلان و پرۆژەی دەرەکی بینرا

بە نمونەیەک دەمەوێ چەمکی نێرسالاری لە باشوری کوردستان ڕوون بکەمەوە. بە پێی بۆچوونی کلاسیکی کۆمەڵگەی ئێمە ئەو پیاوانەی کە خاوەن بۆچونی محافەزەکار و کلاسیکیان هەیە ژن وەک موڵک و ناموس دەبینن و هەمیشە خۆیان پارێزەری ئەو «ناموس»ە دەبینن، بەڵام تەنانەت ئەو چەمکەش لە شەنگال کاری نەکرد، چەکیان فڕێ دا و پشتیان لە گەلەکەی خۆیان کرد. بەڵام سەرنج بدە هەر دوای داگیرکردنی شەنگال، کاتێ گەنجانی کورد لە کوڕان و کچان هەر لە چوارچێوەی ئەو جیهانبینیەی دووەم کە ئێمە باسمان کرد هەر دەرکەوتنیان لە کەرکوک، شەنگال و جەلولا لە سەنگەرەکان دا لەگەڵ پێشمەرگە و پێکەوە شەڕی داعش دۆخێکی مۆراڵی نوێی هێنایە ئاراوە، لەو هەرێمانە کە لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی محافەزەکاردایە، بەڵام کاتێ پیاوەکان ژنانی گەریلا دەبینن لە سەنگەرەکان دا شەڕی داعش دەکەن ئەوەی پێی دەڵێن غروری پیاوێتی « کە هەمیشە خۆی وەک هێز دەبینێ « دەکەوێتە خۆ و دەبێتە نمونەی بەرگری. ئێستا ئەو غرورە کاریگەری لە دۆخی کۆمەڵایەتی کرد و لانی کەم کۆمەڵی پرسیاری لە نێو کۆمەڵگە دروستکردووە. ئێمەی کورد بەهۆی فرەڕەنگی ئاینی، زمان و کەلتوری، ناسنامەی سیاسیمان لە یەک جیا بین، بەڵام ئەوە یەکێتی ئێمەیە کە دەتوانێ گۆڕانکاری ریشەیی دروست بکات بە تایبەتی بە شیکردنەوەی ڕاست بۆ سیستەمی سەرمایە و دەوڵەت و تیپەڕاندنی ئەو مۆدێلە دەبێ بە دوای چارەسەری دا بگەڕێین و باوەڕ بە هێز و وزەی خۆیی کۆمەڵگەکە بکەین بۆ گۆڕانکاری و، لە پێش هەموانیشەوە باوەڕمان بە هێزی ژن هەبێ کە گەورەترین هێزی کۆمەڵگەبوونە.



نەجیبە قەرەداخ

# پرسی نەوت
## لە باشوری کوردستان و دەرئەنجامەکانی



نەوت لە باشوری کوردستان وەک سامانێکی سروشتی خەڵکی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو هەمیشە بە خانەوادەیی کراوە، زۆرجار خەڵکی لێرەولەوێ نەوت بە نەفرەت لە جیاتی نیعمەت وێنای دەکەن.
پارتی دیموکراتی کوردستان، دواتریش یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە کۆمپانیاکانی گەڕان بەدوای نەوتیان هێناوەتە کوردستان بۆ گەڕان و پشکنینی نەوت و دواتر دەرکردنی و ئینجا هەناردەکردنی بە قاچاخ.
ئەم نەوتەی کە دەرهاتووە و هەناردە کراوە، نەبۆتە هۆی گۆڕانکارییەکی جددی لە ژیانی تاکەکان، بۆیە هەمیشە بە نەفرەت ناوی دەبردرێت.
سیستەمی بەڕێوەبردن و موڵکایەتی ئەم مەلەفە، هەمان سیستەمی بنەماڵەیی شێخنشینەکانی کەنداوە، کە بلۆکەکانی کێڵگە نەوتییەکان بەسەر کەسەکانی بنەماڵە دابەشکراون.
دەسەڵاتداران، بەتایبەتی پارتی، ئەم مەلەفەی بەتەواوی بۆخۆی قۆرخکردووە، هەندێ دەسەڵاتداری ناو خودی یەکێتیش، بە شێوەیەک لە شێوەکان رازیکراون.
ئەم مەلەفە شەفاف نییە، نازانرێت، چەند بەرمیل نەوت دەردەکرێت و چەندیش رەوانە دەکریت، داهاتەکەی لە کوێیە.

- چەند گرێبەست کراون؟..

بە گوێرەی هەندێ زانیاری کە جێگای متمانە نییە، «٥٧» گرێبەست کراوە، لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت، لە بەرامبەردا، بەدەیان ملیار دۆلار وەک شیرینی گرێبەستەکان وەرگیراوە، کە بەشێکی هەرە زۆری ئەو داهاتە دیارنییە، چەندجار گووتەی ناکۆک لە نێوان بەرپرسەکانی پارتی سەبارەت بە چەند و چۆن خەرجکردنی ئەو داهاتە کراوە.

- چۆنیەتی گرێبەستکردنەکان :

گرێبەستەکان لە نێوان کۆمپانیاکان و ئەو چەند کەسەی کە دەسەڵاتیان لەلایەن پارتییەوە پێدراوە واژۆ دەکرێت، ئەوەی وردەکاری تێدابێت کە ببێتە هۆی گەیشتن بە چەند وە چۆنیەتی دەرهێنان و داهاتەکە.
ئەو کۆمپانیانەش کە واژۆی گرێبەستیان لەگەڵدا دەکرێت، وەک شەریکە بەش لەگەڵیاندا دەکرێت، کە لەوێدا گەندەڵی و بەهەدەردان دەست پێدەکات، بە پێچەوانەی عێراق کە گرێبەستەکان، گرێبەستی خەدەمێن، بۆ هەر بەرمیلێک بەشێکی زۆرکەم بۆ کۆمپانیاکە تەرخاندەکرێت بەرامبەر ئەو خزمەتەی لەگەڕان و دەرهێنان و چاککردنەوە پێشکێشی دەکات.

- چەند بەرمیل نەوت ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەردەهێنرێت؟

هیچ زانیارییەکی راست و دروست لەبەردەستدا نییە، کە چەند بەرمیل نەوت دەردەهێنرێت، هەرجارێ ژمارەیەک رادەگێنرێت دەکرێت، لە کاتێکدا لە ناوەندا، حکومەتی فیدراڵ، رۆژانە دەزانرێت چەند نەوت بەرهەم هاتووە و چەندیش رەوانە دەکرێت.

زۆرجار کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرزکردنەوەی پشکەکانیان لە بازاڕی دراو لە بۆرسەکان، ژمارەی راستی دەرەخەن، بەڵام هەر زوو ئەو ژمارە بە ژمارەی دیکە لەناوخۆدا تێکەڵ دەکرێت، مرۆڤ سەری لێدەشێوێت ئەگەر بەدواداچوون بۆ هەناردەی نەوتی باشور بکرێت، بۆیە ئەو مەلەفە لە سەرەتایی گرێبەستەکە تا وەرگرتنی پارەکەی شەفاف نییە.

- راستکردنەوەیەکی گرنگ بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی باس لە پرسی نەوت دەکەن!

وەزیری وزەی تورکیای پێشوو، یەلدز تەنەر، وەک وەزیری نەوتی هەرێمیش دەبێت قەبوڵمان بێت، لە لێدوانێکی فەرمیدا وتی: رۆژانە هەرێمی کوردستان یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار بەرمیلی نەوتی هەناردە دەکات، بۆیە ئەو ژمارە پێویستە وەک دۆکۆمێنت بۆ لێکۆڵینەوە و پرسی داهات هەژمار بکرێت.

پێویست ناکات ژمارەی دەرچووی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە هەند وەربگیرێت، چونکە چەند جارێک هەڵەی تێدا بووە، زیاتر پێویستی بە وردبینی هەیە.

سەبارەت بە نەوتی کەرکوکیش «٥٠٠ » هەزار بەرمیل لە رێگای بۆری دەرِوات و «١٤٠ » هەزاریش لە رێگای تانکەر.

بۆ چی داوای فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە سەربەخۆیانە دەکرێت؟

- بۆچی دەخوازرێت، نەوت بەسەربەخۆیی بفرۆشرێت؟

پرسیارگەلێک دەکرێت، بۆچی دەخوازرێت نەوتی هەرێم بە سەربەخۆیانە بفرۆشرێت؟ بۆ بنیاتی دەوڵەتە؟ بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستانە؟ چەندەها پرسیاری دیکە.

دیارە بۆ هەموو ئەوانە دەکرێت ، وەڵامی خۆی بدرێتەوە، دەوڵەتی کوردی لە تەنیشت دەوڵەتێک کە بوونی کورد نکوڵی دەکات، خۆی لەخۆیدا چەواشەکارییەکی مەزنە، چاودێرانی سیاسی رەوشی باشور و باکوری کوردستان و دەوڵەتی تورکیا ئەو راستییە باش دەزانن، دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە هەرێمۆکەیەکی دۆرپێچدراو لەلایەن داگیرکارانی کوردستان، بەتایبەتی تورکیا، قابیل بە ژیان نییە.

ئەو دەوڵەتەی کە پارتی بانگەشەی دەکات، تەنها دەچێتە چوارچێوەی دەوڵەتی ئەجندای تورکیاوە، واپێش دەچێت دەیەوێت باشوری کوردستان بکات بە ویلایەتێکی سەربەخۆی وەک ویلایەتی ئامەد و هەکاری مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

ناوەندی ستراتفۆری ئەمەریکی لە وتارێکیدا لە مانگی» ٤ ی ٢٠١٤ «، بەناونیشانی» In Iraq ,Barzani Bluffs «بە پێنووسی جۆرج فریدمان، دەنوسێت، تورکیا رێگا نادات دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری بۆ بارزانی دورست ببێت، بەڵکو دەیەوێت دەوڵەتێک بێت کە:

١- ببێ بە بەدیل و ئەلتەرناتیڤی پەکەکە لە باکور.

٢- نەوت و گازی هەرزان یا بەلاشی بەدەستبکەوێت.

بۆیە سەربەخۆ فرۆشتنی نەوت، بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، چونکە نایەتەوە لەگەڵ سەروەری هەر دەوڵەتێک ئەگەر بیەوێت سەربەخۆ بێت، لێ دەتوانرێت وەک ویلایەتێکی سەر بە دەوڵەتی تورکیا خۆی جاریدات. هەرچی سەبارەت بە هۆکاری سەربەخۆ فرۆشتن بۆ خۆشگوزارانی ژیانی خەڵکی بێت، ئەوەتا دەبینرێت، ئەو نەوت فرۆشتنە بەسەربەخۆیانە، بووە مایەی برِینی بودجەی» ١٧٪ «کە لە عێراقدا دەهات، بێ مووچەیی و بێ پارەیی رووی لە باشوری کوردستان کردووە، کە تەنگی بەژیانی تاک بەتاکی خەڵکی هەڵچنیوە. کەواتە ئەو بانگەشانەی کە دەکرا، نەوت سەربەخۆ فرۆشتن، بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ و خۆشگوزەرانی خەڵکییە، درۆیەکی رووتە.

- نەوت ، چۆن هەناردە دەکرێت؟:

ئەم پرسە گرنگە، نەوتی دەرهێنراو لە رێگای بۆرییەکەوە لە ناو باشوری کوردستان لە بۆرییەکەی عێراق --- جەیهان دەکاتەوە لە ناو خاکی تورکیا(باکوری کوردستان)، بە گوێرەی زانیارییەکان، بۆ شاردنەوەی برِی هەناردە، لەناو خاکی باکور لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تورک، میتەرەکان دانراون، بۆ ئەوەی هیچ کۆمیتەیەکی چاودێری و وردبوونەوە

نەتوانێ دەستی بگات بەداتا راستییەکان. هەناردەی نەوتی کوردستان لە رێگای بەندەری جیهانەوە وەک لە هەندێ میدیا تورکیاوە باسی لێدەکرێت بە فەزیحەت ناوی دەهێنرێت، لە رۆژنامەی تودەی زەمان بلاّبووە کە نەوتی هەناردەی کوردستان لە رێگای بەندەری جیهانەوە لەوێشەوە باری چەند کەشتییەکی بێ «دایک و باوک - ئیدیۆمێکی بلاّوە لە هەرێمی کوردستان بۆ شتێکە بناخەی قانونی نەبێت بێ خاوەن بێت» دەکردرێن، کە نەژمارەیان، نە ناویان نە برِی بارکراویان دیار نییە تەنانەت نازانرێت کەی باردەکرێت، ئاراستەکەی بەرەو کوێیە!.

رۆژنامای»زەمان» دەڵێت: هەندێ زانیاریمان بەدەستکەوتووە کە ئەو چوار کەشتییەی کە نەوتەکە دەگوازنەوە لە داتابێسی بەندەری جیهان بلۆک کراوە، هەموو کەس نایبینێت.

رۆژنامەکە دەڵێت: رەنگە ئەو کەشتیانە کێشەی «ئالاّ» یان هەبێت، هەرچەندە ویسترا زانیاری لەسەر ئەم حاڵەتە وەربگیردرێت وەزارەتی وزە و کۆمپانیای بەرپرس وەلاّمیان نەداینەوە.

کۆمپانیایەکی یۆنانی کە لە لیستی رەشی حکومەتی عێراقییە، نەوتەکە دەگوازێتەوە، کەشتی بەناوی "United Emblam" کەسەر بە کۆمپانیا یۆنانیەکەیە، نەوت دەگوازێتەوە.

رۆژنامەکە دەڵێت: نەوتی کوردستان بە بوری لە «٢٢ » ی مانگی مایسی «٢٠١٤» بۆ جیهان دەگوازرێتەوە، لەو رۆژەدا کەشتییەک بەناوی "United Leadership" یەک ملیۆن بەرمیلی لە نەوت بارکردبوو، کەدواتر بووە هۆی نارەزایی توندی ئەمەریکا و حکومەتی عێراق.

رۆژنامەکە تەئکید دەکاتەوە کە بەشێکی ئەو نەوتە بۆ ئیسرائیل دەچێت، تەئکیدیش دەکاتەوە بە پرۆسەیەکی ناشەفاف، برِ و ناوی کەشتییەکە و رێرەوەکەی دەشاردرێتەوە.

بە گوێرەی راپۆرتێکی گرنگ، تورکیا سوودێکی زۆرباش لە نەوتی کوردستان وەردەگرێت.

راپۆرتی پێگەیەکی هەواڵی ئیسرائیلی ئارۆتیز شیڤا، کە لینکەکەی، http://www.israelnationalnews.com/News/News.aspx/١٩٩٨٢٩#.Vdrclvmqqko، بلاّوی کردۆتەوە، بە پشتبەستن بە راپۆرتێکی فایناشناڵ تایمز، ئیسرائیل «٣/٢» پێداویستییەکانی لە نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەچێت، کە دەکاتە «٢٤٠» هەزار بەرمیل رۆژانە.

ئیتالیا زیاتر لە «١٧٪» پێداویستییەکانی کە دەکاتە «٤٥٠» هەزار بەرمیل رۆژانە لە هەرێمی کوردستان بۆ دەچێت.

هەرچی تورکیایە، «٩٪» پێداویستییەکانی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەچێت، یۆنانیش لە «٨٪» پێداویستییەکانی.

- لێرە پرسیارەکان ئەوەن:

١- ئەوەی دیارە «٧٠٠» هەزار بەرمیلە لە ئەسڵی»١،٦٧٦،٠٠٠»بەرمیل رۆژانە، واتە ملیۆنێک دیارنییە؟ ئەو ملیۆنە بۆ کێ دەنێردرێت؟

٣- پارەی ئەو «٧٠٠» هەزار بەرمیلە لە کوێیە؟

٤- بەرمیلی بە چەند دەفرۆشرێت؟

٣- ئەو «٩٪» کە پێداویستی تورکیایە، دەکاتە چەند بەرمیل رۆژانە، بەچەندپێی دەفرۆشرێت؟ یا بەخۆرایی پێدەدرێت؟ چونکە ئەگەر بەخۆرایی بێت یا هەرزان، ئەوا بەو سوتەمەنییەی کوردان فرۆکەکانی تورکیا و زرێپۆشەکانی کوردستان وێران دەکەن، ئەم کارە دەچێتە خیانەتی نەتەوەیی.

بە کورتی فایلی نەوتی کوردستان ، ناشەفافترین فایلە لە هەموو دنیادا، گەیشتۆتە ئاستی تالاّنکردنی موڵکی گشتی، بۆیە هەرچی زووە پێویستە بخرێتەوە بەر باس و لێکۆڵینەوەی جددیی .

- دوو ستاتیۆی نەوت هەرزان..

ئەگەرچی هەرێمی کوردستان، دامودەزگای رەسمی خۆی هەیە لە دەستوری عێراقی دانی پێنراوە و رێزی نێو دەوڵەتیشی تا رادەیەک هەیە، لێ بەلێ، نەوت بە قاچاغ دەنێرێتە دەرەوە و زۆر بە نرخێکی هەرزانتر لە بازارِ دەیدا بە کۆمپانیاکانی سەر بە ئەکەپە و ئەوانیش بە هۆی بێ دایک و باوکی ئەو نەوتە دەیفرۆشنەوە کۆمپانیاکانی دەستی

دوو و سێ. دیارە نەوتیش بەهەمان شێوە بە قاچاخ دەبردرێتە ئێران و لەوێوە بۆ کەنداو و دنیا دەنێردرێت.
لە بەرامبەریشدا ستاتیۆیەکی دیکەی تیرۆر هەیە، ستاتیۆی ویلایەتی ئەبوبەکر بەغدادی «والی موسڵ و رەقە « ی ئەستانەی خەلیفەی ئەردۆگان، پێشتر لە گرێ سپی و ئێستاش لە جەرابلوس ئەو نەوتە هەناردەی دەرەوە دەکات و دەیداتە کۆمپانیاکانی تورکی و ئەوانیش دەیفرۆشن بە نرخێکی هەرزانتر لە هی بازاڕی جیهانی.
ئەو دوو ستاتیۆیە هیچیان بەیەک ناچێت، جگە لە قاچاخچیاتی نەوت نەبێت و فرۆشتنەوەیان بە نرخێکی هەرزانتر لە بازارەکانی دنیا.
دیارە لە هەرێمی کوردستان، بازرگانیکردنیش بە نەوتی قاچاخی داعش هەیە، مەلەفی ئەو کەیسە هێشتا لە پەرلەمانە، دیار نیە بە کوێ گەیشتووە، بەڵام لای ئەمەریکییەکان ئاشکرایە.
پێشتریش لە مانگی مایس دا، لە پرۆسەیەکی نەوعیدا، تیمەکانی تایبەتی ئەمەریکا، سەرەگەورەکەی داعشیان بۆ پرسی بازرگانی نەوتی داعش، لە دێرەزور کوشت و هەموو بەڵگەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بردبوو.




هاوبەشبوونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ داعش لە خاڵی بەقاچاخبردنی نەوت و فرۆشتنی بە نرخێکی هەرزانتر، شکستێکی گەورەیە بۆ هەرێم، بۆ رێزگرتن لە سەروەری یاسا، بەرامبەر دەوڵەتانی دنیاوە، کاریگەری خراپی دیپلۆماسی و سیاسی، بۆ ئێستا و ئایندە دەبێت.
دیارە باسی کاریگەرییەکانی ئەو قاچاخچیاتییەش لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراقیش ناکەم، کە کاریگەری خراپی هەبووە و دەبێت.

- لە دادگای تەکساسەوە بۆ دادگای گەل...نەوتی کەرکوک کێ دەیبات؟!

چەند هەفتەیەک پێش ئێستا، بڕیاری دادگای باشوری تەکساسم بینی، لەوێدا، مامەڵەی فرۆشتنی نەوتی بەتاڵان براوی کوردستان رەتکرایەوە. کە ئەمە شکستێکی سیاسی و یاسایی گەورەیە بۆ بەڕێوەبەرانی سیاسەتی نەوتی لە کوردستان. ئەم شکستە ، دووبارە دەبێتەوە رەقەمێکی نەهامەتی بۆ سەر گیرفانی خەڵکی کوردستان، بەوەی پارێزەرەکانی ئەم کەیسە لە هەردولا، حسابەکەیان دەبێ خەڵکی کوردستان بیدات، ئەو دەسەڵاتە بەڵایە بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکییەوە. رەنگە میدیای چەواشەکار ئەوەش بخەنە ئەستۆی گەریلاکانی پەکەکە، وەک چۆن تەقینەوەی بۆرییەکانی نەوتی هەرێم کە بە بەتالی بۆ» ٥ رۆژ ٢٥٠ «ملیۆن دۆلار لەسەر گیرفانی خەڵکی حساب کرد؟!

- لە کۆتاییدا دەمەوێت بپرسم، کێ نەوتی کەرکوک دەبات؟

دوای ئیتفاقی نەگبەتهێن بۆ کەرکوکیەکان، لە نێوان حکومەتی عەبادی و هەرێمی کوردستان، بڕیاردار «٥٠٠ «هەزار بەرمیل نەوت بە بۆری بۆ جەیهان بچێت و پارەکەشی بدرێت بەسۆمۆ، لەوێشدا بودجەکەی کەرکوک دابین دەکرێت. لەووەتەی ئەو ئیتفاقە بووە، کەرکوک لە رەوشێکی ئابوری خراپدایە، جگە لە مووچە وەک دەسەڵاتدارانی کەرکوک دەڵێن، هیچ بودجەیەکی ئەوتۆی نییە. ئێستا حەقە بپرسین، «٣٠٠» هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک پارتی دەیبات، «١٤٠» هەزار بەرمیلیش یەکێتی بەتانکەر دەیبات، کە دەکات «٤٤٠» هەزار بەرمیل، کوا داهاتەکەی؟! ( ژمارەکان زۆر دەقیق نین، چونکە هیچ لایەنێکی چاودێری بێلایەن، یەکلای نەکردۆتەوە.

یەکێتی (سەرکردایەتییەکەی)بە پشکێکی کەم رازییە، وەک پیشەی هەموو جارانیان، بێ دەنگی لە «٣٠٠» هەزارەکەی پارتی دەکات؟!. ئەگینا دەبوو یەکێتی وەک داکۆکیکارێک لە مافی کەرکوکییەکان، بە حوکمی ئەوە دەنگی زۆرینە هی ئەوان بووە، لێنەگەرابونایە. بەلام پێدەچێت ئیتفاقێک هەبێت لە نێوان یەکێتی و پارتی بۆ بەتالانبردنی نەوتی کەرکوک.

• جێگای سەرسوڕمانە، دکتۆر نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکوک، دەنگی نییە؟!.

کەرکوک لە هەموو قۆناخەکانی بەناو شۆڕشی چەکداری، قوربانی بووە، شۆڤینی عارەب و شۆڤینی تورکمان، رێگریان لە پێکەوە ژیانی گەلان کردووە. دەسەلاتدارانی کوردیش ، دواى «٢٠٠٣» قورەکەیان خەستتر کردۆتەوە. لەسەر دەستی ئەو دەسەلاتە، یەکێتی وپارتی ، مەحالە کەرکوک خۆشی بەخۆیەوە ببینێت یا تەنانەت بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەوان کەرکوکیان بۆ نەوتەکەیە، نەوتەکەش ئەوەتە بەتالان دەبردرێت!.

ئەمە مەلەفە هەرە مەترسیدارەکەیە؛ ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمریکا، نهێنییەکی گرنگی دەدرکێنێت!.. بۆری داعشی نهێنی!




ئەندامی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە کۆنگرێسی ئەمریکا جۆن کریاکۆ ووتی؛ زۆربەی ئەو نەوتەی داعش دەینێرتە دەرەوە لە رێگەی کوردستان بۆ تورکیا رەوانە دەکرێت، ئەو ئەندامەی کۆنگرێس کە پێشتر لە دەزگای هەوالگری» CIA « کاری کردووە دەڵێ ئەم کارە بە هاوکاری دەسەلاتە لۆکاڵی یە گەندەڵەکەی کوردستان دەکرێت، ئاژانسی سبۆتنیک کە چاوپێکەوتنەکەی ئەنجام داوە ئەوەی لە زاری کریاکۆ گواستۆتەوە کە لە سنووری تورکیاش دەسەلاتەکی گەندەڵ هاوکاری داعش دەکەن و بەکورتی دەڵێ زۆر بەسادەیی هەردوولا سوودمەندن و ناتوانرێ ئەو کارە بوەستێنرێ، وەزارەتی دارایی ئەمریکا دەڵێ داعش مانگانە نزیکەی «٤٠ تا ٥٠ «ملیۆن دۆلار لەو بازرگانیەکەی لە هەناردەی نەوت سوودمەند دەبێت، لە رابردوو باس لە تیوەگلانی چەند بەرپرسێک لە هەرێم لە بازرگانیکردن بە نەوت لەگەڵ داعش دەکراو لێژنەی لێکۆڵینەوەش پێکهات، بەلام ئەنجامی نەبوو، لەو ماوەیە دیسان راپۆرتەکان باسی ئەوەیان کرد کەسانێک لە هەرێم بازرگانی یان لەگەڵ داعش کردووە لە رێگەی گۆڕینەوەی نەوت بە ئوتومبێل، بەلام ئەوەی نوێ و دانپێنانی ئەندامێکی کۆنگرێس کە لە« CIA » کاری کردووە کاریگەری لەسەر ناو و ناوبانگی هەرێم دەبێ، بۆیە ئەم بابەتە پێویستی بە بەدواچوون و یەکلاکردنەوە هەیە، چیتر خۆدزینەوە هەڵناگرێت .

• لە دواجاردا..

مەلەفی نەوت، دەبێتە فاکتەری تەدەخول وپشتیوانیکردنی تورکیا وەک دەوڵەتێکی داگیرکاری کوردستان، بۆ پشتیوانیکردنی پارتی لە مانەوەی لە سەر دەسەلات، کە ئەمەش لا دەکاتەوە لە بڵندبوونی نارەزایی خەڵکی کوردستان. نەوت فرۆشتنی سەربەخۆی باشوری کوردستان، ئێستا سودمەندی هەرە لەپێش دەوڵەتی ئەکەپەیە، بۆیە بۆ بەردەوامیدان بەو قازانجە زۆر شێلگیرانە لە دەرەوەی یاسا و پرەنسیپەکانی دیموکراسی پشتیوانی لە پارتی دەکات، رێگری کردن لە گەورەترین دەزگای شەرعی کوردستان کە پەرلەمانی کوردستانە، دیچێتە چوارچێوەی سیاسەتی تورکیا بۆ هێشتنەوەی پارتی لە دەسەلاتدا کە مەلەفی نەوتی بەدەستەوەیە.



نیـــاز حامید

# ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیا، وڵات بەرەو شەڕ بردن

رۆژی ١ی تشرینی دووەم هەڵبژاردنەکانی تورکیا دووبارە ئەنجامدرانەوە، بێگومان تا ئێستا لە مێژووی کۆماری تورکیا جاری یەکەمە دوو هەڵبژاردن لەماوەی چوار مانگ بۆ پەرلەمان ئەنجامبدرێت. بێگومان لە ٧ی حوزیرانی ٢٠١٥ بۆ هەمان مەبەست هەڵبژاردن ئەنجامدرا، بەڵام دوای تەواوبوونی ماوەی پێکهێنانی حکومەت لەلایەن لیستی براوە کە ئەکەپە بوو بە ٢٥٨ کورسی دەبوو حکومەتی هاوپەیمانی بەڕێکەوتن لەگەڵ لایەنەکان کە براوەی دووەم جەهەپە بوو بە ١٣٤ کورسی، براوەی سێیەم مەهەپە بوو بە ٨٠ کورسی و هەدەپەش براوەی چوارەم بوو بە ٨٠کورسی. ئەوەی جێگای سەرەنج بوو ئەویش سەرۆک کۆماری تورکیا دەرفەتی نەدایە براوەی دووەم کە جەهەپە بوو تا بتوانێ هەوڵەکانی بخاتە کار بۆ دروست کردنی حکومەت، هەمانکات لەسەرەتاوە هەدەپە گووتی «ئێمە لە ئۆپۆزیسیۆن دەمێنینەوە ناچینە حکومەتێک کە ئێمە لەگەندەڵیەکانی بەرپرسیارنین». جەهەپەش پاکێجێکی ١٤ خاڵی پێشکەش کرد، مەهەپەش گووتی» لەگەڵ پارتیەک ئامادەنین بچینە حکومەتەوە کە پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری پەسند دەکات». بێگومان پارتی براوەی یەکەم کە ئەکەپە بوو خودی خۆی ئامادەنەبوو تاکو حکومەتی هاوپەیمانی لەگەڵ زیاتر لەیەک پارتی دروست بکات، چونکە دەیویست حکومەتی یەک پارتی دروست بکات، لەبەر ئەوەی هێشتا هزری یەک دەوڵەت و یەک نەتەوەو یەک ئاڵا و یەک پارتی لە سەری دەخولێتەوە، هەمانکات چارەنووسی سەرۆک کۆماریش بەندبوو بەوەی پارتەکەی بەتەنها ببێتە حکومەت»ئەگەرچی کاتێک کەسێک لە تورکیا دەبێتە سەرۆک کۆمار دەبێ بێلایەن بێ و دەستبەرداری پۆستە حیزبیەکەی بێ، بەشێوەیەکی شکلیش سەرۆکی ئەکەپە ئەحمەد داود ئۆغلوە». ئەوەی ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار و پارتەکەی زۆر بێزارکردبوو ئەویش تێپەڕاندنی ڕێژەی ١٠٪ بوو لەلایەن پارتی دیموکراتی گەلان «هەدەپە»، ئەوەش بۆ جاری یەکەمبوو پارتیەک کە چارەسەری پرسی کورد و پرسەکانی تری پێ بێ و بە ڕێگای ئاشتی و بەشێوازی دیموکراتیانە، ئەو ڕێژەیە تێپەڕێنێ و بتوانێ زیاتر لە ١٣,٦٪ دەنگ کۆبکاتەوە کە دەیکردە زیاتر لە شەش ملیۆن دەنگ و کەپێوانە دەکرا بە نرخی ٨٠ کورسی پەرلەمانی، هەمانکات لە ١٤ شاری باکوری کوردستان ببێتە پارتی یەکەم. بێگومان ئەو سەرکەوتنەی هەدەپە پارتی دەسەڵاتداری لە دوو لاوە تەنگاو کردبوو، لایەکیان گۆڕینی دەستور لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی لەلایەن ئەردۆغانەوە، بۆ ئەو مەبەستە ئەردۆغان قەسرێکی ١٠٠٠ ژووری بە زیاتر لەملیارێک دۆلاری دروست کردبوو، هەمانکات ئەکەپە پرۆژەی تاکڕەوی لەدەسەڵات تاکو ساڵی ٢٠٢٣ یە، دەیویست لە ١٠٠ ساڵەی تەمەنی کۆماردا قۆناخی نوێ و مۆدێلی نوێ لە کۆماری دووەمین دەستپێبکا، خالی سێیەمیش ئەردۆغان دەیویست وەک رابردوو خۆی بتوانێ بڕیاردەری یەکەمبێ لە پرۆسەی چارەسەری پرسی کوردا کەوەک کارتێک بۆ خۆی بەکاربێنێ، هەرسێ خەونی دەسەڵاتداریەتی تاکڕەوانە لەلایەن هەدەپەوە ڕێگریان لێکرابوو. لەسەر ئەو بنەمایە سەرۆک کۆمار دوای ٤٥ رۆژ لەتەواوبوونی ماوەی پێکهێنانی حکومەت بڕیاری دا هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە، کاتەکەی ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ دیاری کرا.

- مەبەستەکانی ئەکەپە لەدەستپێکردنی شەڕ؟

ئەکەپە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ٧ی حوزیران زۆرترین پێشێلکاری کرد لەبەرامبەر کۆمەڵگای تورکیا، جاری یەکەم بوو لەمێژووی تورکیادا سەرۆک کۆمار دەرکەوێ و پڕوپاگەندە بۆ لیستێکی تایبەت بکا، زیاتر لە ١٢٦ بارەگای هەدەپە هێرشیان بکرێتە سەروو بسوتێنرێن، لە چەولیک»بینگۆل» و ئەرزرۆم و ئامەد هێرشکرایە سەر ئەندامان و لاینگرانی هەدەپە و ١١ یان لێ کوژران و بەدەیانیش برینداربوون، گەورەترین هێرشیش تەقینەوەی ٥ حوزیران بوو لە شاری ئامەد، لەناو ئاپۆڕای دوایین کۆبوونەوەی جەماوەری هەدەپە بوو لە کوردستان. کاتێک ئەکەپە لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی حوزیران نەیتوانی ڕێژەی پێویست بۆ پێکهێنانی حکومەت بەدەستبێنێ، ئەووشی لەچاوی هەدەپە دەدیت، بۆ ئەمەش هێرشەکانی بۆسەر

هەدەپە چڕتر کردەوە. لەلایەکیتر ئەکەپە لەدوای بزووتنەوە جەماوەریەکان بەناوی شۆڕشی عەرەبی، ئەردۆغان دەستی خستە ناو کاروباری ناوخۆی سوریا، خواستی لە ڕێگای ئیخوان موسلیمینەوە دەسەڵاتی ئەسەد لەماوەییەکی کەم مەودادا بڕوخێنێ. بۆ ئەمەش هێزە چەکدار و چەتەکانیان خستە سەر کار، لەسەر ئەو بنەمایە سەرەتا بەرەی نەسرە دواتریش داعش و ئەحرار شام، بوونە هاوپەیمانی ستراتیژی ئەکەپە، ئەو بینیمان یەکەمین هێرشیان بۆ سەر شۆڕشگێڕانی تورک و دۆستانی کوردبوو لە شارۆچکەی پیرسووس، ئەو گرووپە گەنجەی کەبەرەو کوبانێ بەڕێگاوە بوون بۆ بەشداری کردن لە ئاوەدان کردنەوەی کوبانێ، چونکە هەر ئەو گروپە ڕۆڵێکی بەچاویان هەبوو لە بەرخۆدانی کوبانێ و کارێکی باشیان کرد بۆ سەرخستنی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکان لە شارەکانی تورکیا، بۆیە بوونە ئامانجی یەکەم هێرشی ئەکەپە و داعش و لەکردەیەکی خۆکوژیدا




هێزانەش لە هێزی فاشیست و کۆنەپەرست و دژی کورد و نەتەوەو ئاین و ئاینزاکانی ترن. ئەوە بووە هۆکار کە دەوڵەتی تورک و هاوپەیمانەکانی هێرش بکەنە سەر دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان، بێگومان گەورەترین هێرشیان سەرەتا لە شارۆچکەی سەرێکانی بوو بەسەرۆکایەتی بەرەی نەسرە، دواتریش لە کوبانێ بەسەرۆکایەتی داعش خۆیان تاقیکردەوە، بەڵام ئەوەبوو لە هەردوو هێرشەکە بێ ئەنجامبوون، لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەتی تورکیا لە کۆبوونەوەی مانگی ١٠ی ٢٠١٤ فەرمانداریەتی گشتی بڕیاریان دەربارەی شەڕ دابوو لە باکور، بەڵام چاوەڕێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٧ی حوزیرانیان دەکرد. کاتێک ئەنجامی هەڵبژاردن بەدڵی ئەکەپە نەبوو، بۆیە یەکسەر دەستی بەسەر دەوڵەتدا گرت و هێرشەکانیان بەهاوبەشی داعش چڕتکردەوە، ٣٤ کەسیان گیانیان لەدەستداوەو بەدەیانیش بریندابوون، خەڵکی تووڕەی دەڤەری پیرسووس لە تۆڵەی کۆمەڵکوژی پیرسووس دوو پۆلیسی شارۆچکەی وێرانشەهیریان کە هاوکاری بەردەوامی چەتەکانی داعشبوون بەسزای گەلیان گەیاندن. دەوڵەتی تورک ئەمەی کردە بیانوو لە ڕێکەوتی ٢٤ی تەموزی ٢٠١٥ لە «ڕۆژی ڕێکەوتنی شوومی لۆزاندا» هێرشێکی ئاسمانی بە ٣٠ی فرۆکە کردە سەر هەرێمەکانی پاراستنی میدیا، ئەوە بووە سەرەتای دەستپێکردنی خولێکی نوێ لە شەڕ، بێگومان کۆمەڵکوژی گوندی زارگەڵیش لەبناری قەندیل پارچەیەک بوو لەو هێرشانە، ئیدی بەوشێوەیە هەڵگیرساندنی خولێکی تری شەڕ لەلایەن دەوڵەتی تورک لەبەرامبەر شۆڕشی گەلی کوردستانی دەستپێکرد.

- لە ٧ی حوزیرانەوە تاکو ١ی تشرینی دووەم:

بێگومان دەوڵەتی تورک ئەو بڕیارەی بۆ شەڕ کە وەریگرتبوو لەدژی گەلی کوردستان بەهەموو هێزیەوە دەستیپێکرد، بێگومان سەرەتا لەو خەیاڵەدابوو کە هێزەکانی هەپەگە لەبەر ئەوەی لە ڕۆژئاوا هاوکاری هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە دەکەن بۆیە ناتوانن وەک جاران شەڕ بەڕێوەببەن، هەمانکات کشانەوەی هێزەکانی هەپەگەش لە بەهاری ٢٠١٣یان وەک دەرفەت بۆخۆیان ژماردبوو، هەمانکات وەک رابردوو هێزە نێو دەوڵەتیەکانیش پشتیوانی تەواوی نەبوون، لەناوچەکەش لەدەرەوەی داعش و قەتەر و سعودیە کەسی تر هاوکاری نەکرد، بەڵام پێچەوانە دەرکەوت، گەریلا بەهێزتر و بەپیلانتر و بە رۆحێکی بەڵندتر و بە مۆراڵێکی بەهێزتر چالاکیەکانی زۆر بەکۆنترۆڵ و بە بەرنامە بەڕێوەبرد، بۆیە لەماوەیەکی کەمدا زۆربەی شارۆچکەکانی باکوری کوردستان لە وێنەی»جزیرە، نوسیبین، فارقین، گم گم، گەڤەر، شەمزینان» هەموو ڕێگا سەرەکیەکان لە شارۆچکەکان، هەروەها کۆنترۆڵی ڕێگای نێوان شارەکان و گەڕەکە دوورەکانی شار بەشەوان لەژێر دەستی گەریلادابوو. خەڵک لەناو شارەکان و گەریلاش لەشاخەکان بەگشتی کۆنترۆڵیان کەوتە دەست، لەسەر ئەو بنەمایەش خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی خەڵک لە شار و شارۆچکەکان دەستی پێکرد، بێگومان پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانە پرۆژەی ڕێبەر ئۆج ئالانە، ساڵی ٢٠٠٥ پێشکەشی رای گشتی کوردستانی کرد، ساڵی ٢٠١١ لە ١٤ی تەموز لەلایەن هاوسەرۆکانی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی»کەجەدە» ئەیسەل تۆغلوک و ئەحمەد تورک لە شاری ئامەد ڕاگەیێنرا، ئەمەش بووە هۆکار دەوڵەت ئۆپەراسیۆنی بەناوی کەجەکەی بەڕێوەبرد و نزیکەی ١٠هەزار ئەندام و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی و راگەیاندنی کوردی دەستگیرکرد، لە ئێستا خەڵکی باکور گەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە چارەسەری خۆبەڕێوەبەری لە ژێرەوە بۆ سەرەوە دەچێ و پێویستە کۆمەڵگا خۆی خاوەنداریەتی لێ بکات، چونکە بڕیارەکان لەدەستی کۆمەڵگا خودی خۆیەتی، بێگومان خۆبەڕێوەبەریەتی دیموکراتی بۆ خەڵکی باکوری کوردستان ستراتیژە نەک تاکتیک، ئەگەر کورد لە هەڵبژاردن کورسی زۆر بێنێ یان کەم خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانە ڕێگای چارەی سەرەکیە بۆ پرسە نەتەوەیی و پرسە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی. واتا جیابوونەوە نییە، بەڵکو پێکەوە ژیانێکی ئارەزوومەندانەیە، لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی دیموکراتی مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ هەموو نەتەووەکان وەک یەکتر دەبینێ.

ئەکەپە و ئەردۆغان ساڵی ٢٠٠٢ و وەکو پرۆژەیەکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەکانی تورکیا دەرکەوتنە گۆڕەپانی سیاسی، بێگومان پشتگیری زلهێزەکانیشان لەگەڵ بوو، لە ئێستا ئەکەپە و ئەردۆغان نەک تەنها چارەسەریان پێ نەماوە، بەڵکو بوونەتە قەیران و هۆکاری شەڕ و ئاڵۆزیەکان لە تورکیا، هەمانکات لە ١٣ ساڵی حکومکردنیان بەناوی بووژانەوەی ئابووری زۆرترین دزی و گەندەڵی و نادادی کۆمەڵایەتی و پارچەکردنی یەکریزی نێوان کۆمەڵگا و پەلهاویشتن بۆ حکومی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتیان پیشاندا. بێگومان چرای ئەردۆغان و ئەکەپە ئەوکاتە کوژایەوە کاتێک حیزبیە ئیخوانیەکان نەبوونە مۆدێلێک بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی

**،پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق - و باڵەکانی لە تورکیا و لە پارچەکانی تری کوردستان پشتگیری داگیرکەر بوون،**

ناوین. لەسەر ئەو بنەمایەیە لە ئێستادا ئەو هێزە «ئەکەپە» تەنها دەیەوێ تەمەنی خۆی درێژبکاتەوە جا بەهەر نرخێک دەبێ.

لە کۆتای مانگی نیسانی ٢٠١٥ دەوڵەتی تورک ڕێگای لە دیدارەکان گرت کە لە مانگی ٨ی ٢٠١٢ وە لەگەڵ ڕێبەر ئۆجەلانەوە بەڕێوەدەچوون و لە نەورۆزی ٢٠١٣ بە پەیامێکی نوسراو کەبۆ جاری یەکەم لە زیندانەوە ڕەوانەی دەرەوە بکرێ و لە ئاهەنگی نەورۆزی شاری ئامەد کە زیاتر لە دوو ملیۆن کەسی تێدا ئامادەبوون لەلایەن ئەندامانی شاندی ئیمڕالیەوە پەروین بولدان و سڕی سوریا ئۆندەر بخوێندرێتەوە، خولێکی نوێ لە دانوستان و ئاگربەست و هێزکشانەوە بۆ دەرەوەی سنورەکانی تورکیا دەستیپێکرد. بێگومان پەیامەکە وەک نەخشە ڕێگایەک بوو بۆ دەستپێکردنی قۆناخێک لە بێ

دەنگکردنی چەکەکان و هەنگاونان بۆ چارەسەری سیاسی پرسی کورد و تەواوی پرسەکانی تورکیا. دوای نزیکەی لە دوو ساڵ لە دانوستان و را گۆڕینەوەو گەلاڵەنامەی دۆڵمە باخچە، بەڵام لە کۆتایدا ئەردۆغان ئەو «مێزە دانوستانەی کە دروستکرابوو لە کۆتای مانگی نیسانی ٢٠١٤ تێکی دا، ئەو پرسەی بەناوی پرسی کوردبوو خستیە ناو بەفرگر، سەرۆکی شاندی دانوستاندنی کوردیش کە رێبەر ئۆجەلان بوو خستیە گۆشەگیری تاکە کەسیەوەو پەیوەندیەکانی پچڕاند لە گەڵ شاندی هەدەپە و قەندیل، هەتا بە خیانەت بەناوی دەکرد لەبەر ئەوەی بڕیاری داوە هەدەپە وەک لیست بەشداری هەڵبژاردنی ٧ی حوزیران بکات». بێگومان رێگری کردن لە دیدارەکان و گۆشەگیرکردنی رێبەر ئۆجەلان ئەمە خۆی لەخۆیدا بڕیاری شەڕە، چونکە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و شۆڕشی کوردستان هەڵوێستی نیشانداوەو گووتویەتی هەڵوێست بەرامبەر رێبەر ئۆجەلان هۆکاری شەڕ و ئاشتیە.

- هەڵوێستی لایەنەکانی باشوور دوای ٧ی حوزیران:

بێگومان هەڵبژاردنەکانی تورکیا جۆش و خرۆشێکی زۆری دا بەگۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان، لایەنەکان بەگشتی پشتگیری هەدەپەیان دەکرد،

بەئاشکراش باڵی تورکیا ئەوەیان نەشاردەوە، لەلایەکیتر بەپشتگیری پارتی، حیزبی دیموکراتی کوردستان/ئێران «حدکا» هەڵسا بەکردەیەکی گێرەشێوێنی لە ناوچەی کێلەشین، گوایە ئەچنەوە رۆژهەڵات دەست بەخەباتی چەکداری دەکەنەوە» بەڵام تائێستا ئەوە شەش مانگە رێگایان پێدراوە لە کەلەشین بەجێبن، بەڵام تائێستا بەردێکیشیان نەهاویشتۆتە دەوڵەتی ئێران». لەلایەکیتر یەکگرتووی ئیسلامی بەشاراوەی پشتگیری ئەکەپەیان دەکرد «گوایە هەردووکیان ئیخوانین»، کۆمەڵی ئیسلامیش بەئاشکرا پشتگیری هوداپاریان دەکرد، « هوداپاریش حیزبوڵلای سەردەمی ساڵانی ١٩٩٠ ن لای خەڵکی باکور بە حیزب و لکۆنترا بەناو دەکرێن، لەلایەن ئێرانەوە ئەجوڵێندرێن و لەئێستا وێنەی داعشی کوردی جموجۆڵ دەکەن، لەسەر دەستی حیزبوڵلا ١٧ هەزار کوردی وڵاتپارێز شەهیدبووەو تائێستا بەهەزارانیان چارەنووسیان دیارنییە». دوای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و تێکچوونی ئەکەپە، بەپیلانێک لەپێناو شکستپێهێنانی هەدەپە، سەرەتا لەباشوورەوە دەستی پێکرد، ئەویش لە مانگی ئاب تەواوی راگەیاندنەکان بانگ کران و لە ئەنقەرە لەگەڵ داود ئۆغلو کۆبوونەوە، بێگومان ئەو کۆبوونەوە بەدەستپێشخەری راگەیاندنەکانی پارتی بوو، هەر دوای ئەوەش ئەکەپە کۆنگرەی خۆی ئەنجامدا، لایەنەکانی باشوریش بەگشتی بانگ کرابوون، پێنج لایەنەکەی دەسەڵات دەرەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداری کۆنگرەکەبوون. لەلایەکیتر پارتەکانی وەک هوداپار و حەقپار و باڵی پارتی تورکیا دوای ٧ی حوزیران لەدووەم هەڵبژاردن بەپیلانی ئەکەپە و پارتی خۆیان کشاندەوە تاکو دەنگەکانیان بۆ ئەکەپە بچێ. خەڵکی باشور بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری هەدەپەی دەکرد چ لە رێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چ لە رێگای چوونیان بۆ بەشداری کردن لە هەڵمەتی پرۆپاگەندە و جێگرتن شانبەشانی هەدەپەیەکان. لاینگیرترین هەڵویست لە دوای ٧ی حوزیران پشتیوانی پارتی بوو بۆ هێرشەی فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا بۆ سەر سنورەکانی باشور و بەتایبەت لەکاتی کۆمەڵکوژی زارگەڵی و شەرمەزار نەکردنی هێرشەکانی تورکیا، لە شوێنی ئەوە گووتی» با پەکەکە لە باشوور دەرچێ»، لەکاتێکدا ئەوکاتەی داعش هاتە سەر پارتی پەکەکە پشتی گرت، بەڵام سەرەڕای داواکاریەکی زۆر لەلایەن بەرپرسانی پارتیەوە، بەڵام دەوڵەتی تورک پشتی تێکرد. لەلایەکیتر جوانترین هەڵوێست بۆ پشتگیری باکوری کوردستان و هەدەپە رزگار کردنی گرێ سپی بوو لەلایەن هێزەکانی رۆژئاوای کوردستانەوە، چەند رۆژێک دوای سەرکەوتنی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکان.

- ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ١ی تشرینی دووەم:

خەڵکی کوردستان بەگشتی تامی ئەنجامی هەڵبژاردنی ٧ی حوزیرانی نەکرد، بەڵام زۆر شانازی بەو ئەنجامانەوە کرد. دەوڵەتی تورک بۆ سەرکەوتنەوەی ئەکەپە شەڕی هەڵگیرساند، بەرێکەوتن لەگەڵ چەتەکانی داعش ئەنجامدانی تەقینەوە لە کۆبوونەوە جەماوەریەکانی هەدەپە، ئەوەشیان لەیەکەم کۆبوونەوەی جەماوەری لە ئەنقەرە ئەنجامدا، ئەو تەقینەوەیە گەورەترین تەقینەوەیە کە لە پایتەختی دەوڵەتی تورک دوای دروست بوونی کۆمارەوە ئەنجامدرابێ، بۆ خولی دووەم فاشیستە تورکەکان هاندرانەوە لە رێگای وتارەکانی سەرۆک کۆمارەوە بۆ سوتاندنی بنکەو بارەگاکانی هەدەپە لە شارەکانی تورکیا، دەستگیرکردنی زیاتر لە پێنج سەد کەس لە چالاکوانانی

هەدەپە و هاوسەرۆک شارەوانیانی دەبەپەیی، ئابلۆقەدانی هەموو ئەو ناوەند و باژێڕانەی کە دەنگی زۆرینەی هەدەپەیان هەیە، هەموو هێزە سەربازی و ئەمنیەکان خستنە جوڵە بەبەرنامە، دەتوانرێ بگوترێ هەڵبژاردنی ١ی تشرینی دووەم لەژێر لولەی چەکەکانی دەوڵەتی تورک بەڕێوەچوو، لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەیانگووت گوایە پەکەکە شەڕی دەستپێکردوە، بەڵام پەکەکە قۆناخی بێ چالاکی ڕاگەیاند، لە هەمانکاتدا دەوڵەت تەقینەوەی ئەنقەرەی بە ڕێگای داعشێکەوە ئەنجامدا و زیاتر لە سەد کەس شەهید بوون و بە سەدانیش بریندار. واتا دەرکەوت تورکیا شەڕی دەستپێکردووە دەیەوێ ئەنجامەکانیش بەشەڕ یەکلای بکاتەوە. لەگەڵ چڕبوونەوەی شەڕ لەبەرامبەر دەنگدەرانی هەدەپە، بۆیە هەدەپە بڕیاری دا کۆبوونەوە جەماوەریەکانی بوەستێنێ، باوەڕی وابوو کە ئەو دەنگانەی لە ٧ی حوزیرانی هێنابوو هەمان دەنگ لە ١ی تشرینی دووەمیش بهێنێتەوە، بەڵام ئەکەپە و دەوڵەت ئەو شەڕەیان بۆ ئەوە دەستپێنەکردبوو تاکو هەدەپە هەمان دەنگەکانی بێنێتەوە، بۆیە دەکرێ لەو لایەنە هەدەپە ڕەخنە بکرێ کە تاکتیکی دوای ٧ی حوزیرانی چ وەک دروشم بۆ کۆکردنەوەی دەنگدەرانی، چ وەک شێوازی کارکردن بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانی شەڕی ئەکەپە وەک پێویست نەبوو، زیاتر هەدەپە وەک نێوەندگیری نێوان شۆڕش و دەوڵەت دەرکەوت، لە ڕاستیدا ئەرکی هەدەپە ناوەندگیری نەبوو، بەڵکو لایەنی گەل گرتن بوو، هەڵوێستێکی ڕادیکاڵتر پێویست بوو، هەمان پەیامی ڕادیکاڵی ٧ی حوزیران بۆ ١ی تشرینی دووەمی نەبوو. لەلایەکیتر ڕێکەوتنەکانی فرەوانتر نەکرد، چونکە ئەکەپە کۆمەڵێک ڕێکەوتنی ئەنجامدا بەتایبەت ڕێکەوتن لەگەڵ هوداپار و مەهەپە و چەندین هێزو لایەنی تری بەپارە و بەترسان کڕی. ئەوە هەڵسەنگاندنێکی هەڵەیە گوایە لەبەر ئەوەی پەکەکە خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی ڕاگەیاندوە بۆیە هەدەپە دەنگی کەمکردوە، چونکە ئەو شوێنانەی خۆبەڕێوەبەری تێدا ڕاگەێنراوە دەنگی تەواوی لێهاتووە. لەبنەڕەتدا هەدەپە سەرکەوتووە سەرەڕای ئەوەی دەنگی کەمکردوە، چونکە هەدەپە پرۆژەیەکە لەماوەی ٥ مانگدا دووجار ڕێژەی ١٠٪ دەبڕێ و لەبنەڕەتیشدا ڕێژەی حەقیقی دەنگی هەدەپە ٧ی حوزیرانە نەک ١ی تشرینی دووەم.

- بۆیە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین ئایا هەدەپە دەتوانێ بە ٥٩ کورسی پەرلەمان چی بکات، هەمانکات ئەکەپە بە٣١٧ کورسی دەتوانێ چی بکات؟؟

ئەنجامی هەڵبژاردنی کۆتایی دەریخست کە هەدەپە زیاتر لە پێنج ملیۆن دەنگی جێگیری هەیە کەدەکا پارتی سێیەم لە پەرلەمان، واتا سەرەڕای هەموو شەڕ و گرتن و کۆمەڵکوشتنێکیش دەنگی خۆی دەداتە ڕێباز و بەرنامەی هەدەپە، ئەو دەنگانە زۆر بەنرخن، ئەگەر کەشێکی ئاشتی و ڕووەو چارەسەریش هەبێ دەکرێ دەنگی خۆی تاکو ٨ بۆ نۆ ملیۆن بەرز بکاتەوە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی ٢٠٪ لەدەنگی گشتی تورکیا، هەمانکات ئەوەش دەرکەوت کە ڕێباز و هزری پێکەوە ژیانی فەلسەفەی ڕێبەر ئۆج ئالان سەرکەوتووەو ئەنجامی هەیە و پرسی کورد لە چەقبەستبوون ڕزگار دەکات، ئەوەی سەرەکیە ئەویش پێویستە ئەندام پەرلەمان و بەپرسانی هەدەپە لەناو شۆڕشی گەلانی تورکیا دابن لەدژی دیکتاتۆریەتی ئەردۆغان، هەمانکات پێویستە ڕۆڵی پارتی یەکەم ببینێ لە ئۆپۆزیسیۆن بوونی سیستەم، بۆ ئەمەش شەقام لە دەسەڵات داگیربکا، چونکە ئەزمونی ڕابردووش دەریخست بە ٢١ کورسی دەتەپە و بە ٣٠ کورسی بەدەپە، ئاستێکی فرەوان لە تێکۆشانی دیموکراتی نیشاندرا، ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە بە ٥٩ پەرلەمانتار نەهێڵن دەسەڵاتی شەڕفرۆشی دیکتاتۆری ئەردۆغان ئۆخەی لەسەرکەوتنە ساختەکەی بکات.

ئەکەپە گوایە سەرکەوتووەو ئەتوانێ حکومەت بەتەنها دروست بکات، بەڵام بە ٣١٧ کورسی پەرلەمانی ناتوانێ نە دەستور بخاتە ڕیفراندۆمەوە، چونکە پێویستی بە ٣٣٠ کورسی هەیە، نەدەتوانێ دەستوریش لەپەرلەمان بگۆڕێت، چونکە پێویستی بە٣٦٧ کورسی هەیە، دیسان دەبێ ڕێکەوتن بکات. ئەوەشمان بینی بەتایبەت مەهەپە تەنها لەیەک کاتدا پشتگیری ئەکەپە دەکات ئەویش بۆ بڕیاری شەڕ و کۆمەڵکوژی وەکوتر بەردەوام دژبەرێکی نێگێتیفە، نمونەی شەڕەنگێزی دەسەڵاتەکانی پێش ئەکەپە لە تورکیا تاقیکراونەتەوە، بەڵام ئەنجامەکەیان تێکچوون بوو. ئەوەش دەبێ
> بزانرێ ئەو دەسەڵاتەی دوژمنایەتی شۆڕشی کوردستان بکات تەمەنی کورتە.



سەردار ستار

# تورکیا و پرسی هەڵبژاردن مێژوو و سیستەم هەڵبژاردنەکانی تورکیا

ئەڵێن هەر هەڵبژاردنێکی نویێ لە ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەر جیهاندا دەهێنی، وەهەروەها هەر هەڵبژاردنێک لە تورکیا هیچ نەبێت لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕان کاری بەسەر پرسی کورد لە باکوری کوردستان و کوردستانی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنی، ئەگەر ئەو پرۆسەیە لە ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕاست بێت ئەوە هەڵبژاردنەکانی تورکیا کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر کوردستان دەبێت. وەک ئەبینین لەم ساڵا نەی دوایی هەنگاو بە هەنگاو لە باکور پێگەی یاسایی و سیاسی کورد زیاتر دەچەسپێ و پێشدەکەوێت، لەلایەکی تریشەوە پیلانگێڕی ئەوان لەسەر پارچەکانی تری کوردستان بەرەو لاوازبوون دەچێت. بابێینەوە سەرباسەکەی خۆمان سەرەتا با هەڵوەستەیەک بکەین لە سەر مێژووی خولەکانی پەرلەمان و هەڵبژاردن لەو وڵاتە.

مێژووی پەرلەمان و هەڵبژاردن لە تورکیا:-

١- پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا واتا لەکاتی عوسمانیکاندا یەکەم ئەنجومەنی هەڵبژاردن بەناوی (ئەنجومەنی گشتی) عوسمانی دامەزرا لە ١٨٧٧/٣/١٩ وەک پەرلەمانێکی ئەوکاتی ئیمپراتۆری عوسمانی کە نوێنەرایەتی هەموو ولایەتەکانی عوسمانی تێدا بوو، ئەو پەرلەمانە دوو ئەنجومەنی هەبوو (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی دامەزراوان) بە پێی کار ڕایەکانی هەڵبژاردنی ئەو کات تەنها ئەو کەسانە مافی دەنگدانیان هەبوو کە ئاستی داراییان تا سنورێک باش بوو، هەمانکات باجیان دەدایە دەوڵەت تەمەنیشیان دیاری کراو بوو لە نێوان ٢٥ تا ٣٠ ساڵ، تەنها پیاو مافی دەنگدانی هەبوو.

٢- پەرلەمانی تورکیا پاش دامەزراندنی تورکیای نویێ (کۆمەڵی نیشتمانی مەزن) دامەزرا کە پەرلەمانی تورکیا ئەویش تاکە دامەزراوەیە کە دەسەڵاتی یاساداناں و هەموارکردنی دەستوری تورکی هەبوو، یەکەمجار لە ئەنقەری پایتەخت دامەزرا، لە بەرواری١٩٢٠/٤/٢٣ وە ئەو کۆمەڵەیە بەردەوامەو لە ئێستادا ٥٥٠ ئەندام لە خۆ ئەگرێت هەر پێنج ساڵ جارێک لە لایەن دەنگدەری تورکیەوە هەڵدەبژێردرێت.

ئەو ڕاستیەش ئەبێ بزانین کە لە خولی هەشتەمینی پەرلەمانەوە لە دوای ساڵی ١٩٤٦وە هەڵبژاردن وەک کێبرکێی ڕاستی لەنێو زیاتر لەپارتێکی سیاسی چووە بواری جێبەجێکردنەوە لەپێش ئەو مێژووە وە تاکە پارتی سیاسی لە گۆڕەپانەکدابوو ئەویش پارتی کۆماری ( CHP ) بوو. شایانی باسە کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکییەوە تا ئەمساڵ ٢٤مین خولی پەرلەمان لەو وڵاتەدا ئەنجامدرا بوو.

- هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ :

هەڵبژاردنەکانی خولی ٢٥ مینی پەرلەمانی تورکی لە بەرواری ٢٠١٥ /٦/٧ لە ناوخۆی وڵات دەستی پێکرد، کۆی ژمارەی دەنگدەران ٥٦،٧ ملیۆن دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەبوو کە ٢،٨٧٦ ملیۆن دنگدەری تورکی لەدەرەوی وڵات مافی دەنگدانیان هەبوو ٥٣،٧٦٥ ملیۆن لەناوەوەی تورکیایە ئەو مافەیان هەبوو، بەپێی خشتەی کاتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە٢٠١٥/٥/٨ دەنگدان لەدەروە دەستپێ کردوە لە کۆنسولو بالیۆزخانەکانی تورکیا تا کۆتای مانگی (ئایار) بەردەوامی هەبوو وە لە دەروازە گومرگیە سنورییەکان تارۆژی هەڵبژاردن بەردەوام بوو لەم هەڵبژاردنە ٣١حیزبی سیاسی تۆمارکرا بوو، گرنگ ترینیان ئەمانەن:

* پارتی دادو گەشەپێدان( AKP ) میرات گری حیزبی رفایە پاش دابرانی هەندێ لە سەرکردانی ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوە براوەی یەکەمی هە ڵبژاردنەکان بووە و توانویەتی لە ماوەی ١٣ساڵی پێش ئێستاوە بە تەنها حکومەت پێک بهێنێ پاش ئەوەی ئۆردوگان بوو بە سەرۆک کۆمار ئێستا ئەحمەد داود ئۆغلو سەرۆکی ئەو حیزبەیە.

* پارتی گەلی کۆماری ( CHP) ساڵی ١٩٢٣ مستەفا کەمال ئەتاتورک دایمەزراندوە تا ساڵی ١٩٥٠ تاکە حیزبی براوەی سەرگۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتە بووە، ئێستا دووەم براوەی هەڵبژاردنە پارتێکی سکویلار نەتەوە پەرستە،

ئێستا کەمال کلیچدار ئۆغلو سەرۆکی ئەو حیزبەیە.

* پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی ( MHP ) لە ساڵی شەستەکانەوە دامەزراوە تا هەڵبژاردنەکانی ٧ی حوزیران دووەم پارتی ئۆپۆزسیۆن بووە پارتێکی توندڕەوی ڕەگەزپەرستی تورکە لە ئێستادا دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی حیزبە.

* پارتی دیموکراتی گەلان ( HDP ) میراتگری پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیە، پاش ئەوەی دادگای دەستوری ئەو حیزبەی قەدەغە کرد لە ساڵی ٢٠١٢وە هەدەپە دامەزراوە لە ئێستا بە پەیڕەوی هاوسەرۆکی بەڕێوە دەچێ هەر دوو بەڕێزان سەلاحەدین دەمیرتاش و خاتوو فیگان یوکسەکداغ سەرکردایەتی ئەو حیزبە ئەکەن، لە ئێستادا دووەم حیزبی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە.

**هەڵبژاردنە پێشوەختیەکەی ٢٠١٥/١١/١**

پاش ئەوەی کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هاوینی رابردوو راگەێنرا بەپێی ئەو دەرئەنجامە پارتی یەکەمی هەڵبژاردن ئەکەپە یە، ئەوەندە کورسی نەهێنا کەبتوانێ بە تەنیا خۆی حکومەت پێکبهێنێ، هەروەها لەگەڵ پارتە سیاسیە براوەکانیش نەسازا تا حکومەتی هاوپەیمانی پێکبهێنێ لە ماوەی دیاریکراوی دەستوریدا بۆیە بڕیاری دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن درا لە١/١١دا.

هەڵبژاردنی پێشوەختی رۆژی ١ /١١ی ئەمساڵ (دەورەی ٢٦ ) مین، ژمارەی دەنگدەر لەناوەوەی تورکیا ٥٤ ملیۆن و ٤٩ هەزار و ٩٤٠ دەنگدەربوو، کۆی دەنگدەرانی تاراوگە ٢ ملیۆن و ٨٩٥ هەزار و ٨٨٥ دەنگدەر ە لە ٥٤ دەوڵەتدا و لە ١١٣نێردراوی دبلۆماتی دەنگدرا، ژمارەی پارتە سیاسیە بەشداربووەکان ١٦ پارتی سیاسی بوو وە هەروەها ٢١ کاندیدی سەربەخۆ ئەچنە کێبرکێی هەڵبژاردنەوە بەهێز ترین پارتی سیاسی ئەم خولەش هەر ئەو چوار پارتانەی سەرەوەبوون کە دەرئەنجامەکانیش بەم شێوەیەبوو.

* ئەکەپە براوەی یەکەم بوو ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی لە ٢٥٨ وە بەرزبووە بۆ٣١٧ ئەندام.

* جەهەپە براوەی دووەمەو ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی زیادی کردوە بووە بە ١٣٤ ئەندام.

* مەهەپە زەرەر مەندترین لیست بوو لەم هەڵبژاردنی پێشوەختەداو لە٨٠ ئەندام پەرلەمانەوە بو بە ٤٠ ئەندام، براوەی سێیەمە بە دەنگ، بەڵام بە کورسی لیستی چوارەمینە.

* هەدەپە توانی بەربەستی ١٠٪ تێپەڕێنێت لەسەر ئەو هەموو گوشار و پلانگێڕییەی لە سەریان بوو بەڵام ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی لە ٨٠ وە دابەزی بو بە ٥٩ ئەندام.

**(سیستەمی هەڵبژاردن لە تورکیا )**

لەجیهاندا سێ جۆر سیستەمی هەڵبژاردنی سەرەکی پەیڕەو دەکرێ ئەوانیش ( زۆرینەو ڕێژەیی و تێکەڵاو ) لەتێکەڵاوێکەیشا بەجیاواز جاری وایش هەیە بە شێوەی هاوتەریب پەیڕەو ئەکرێ. لە ئێستادا ٢١٠جۆر لەو تێکەڵاوکردنە بوونی هەیە لە جیهاندا.

* لەوڵاتی تورکیا هەڵبژاردن بە پێی سیستەمی فرە بازنەیی بەڕێوەدەچێت کە ژمارەیان ٨٥ بازنەی هەڵبژاردنە لە هەموو پارێزگاکانی ئەو وڵاتە کە ٨١ پارێزگایە هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەڵبژاردنە تەنها ئەستەمبول نەبێت کە دابەش بۆتە سەر سێ ٣ بازنەی هەڵبژاردن،



هەروەها ئەنقەر و ئەزمیرش هەریەکەو دوو ٢ بازنەی هەڵبژاردنی بۆ دیاری کراوە لەبەر چڕی دانیشتوانی ئەو سێ شارە.

• سیستەمی ڕێژەیی پەیڕەو ئەکرێ، واتا پارتە سیاسیە براوەکان کورسیەکانیان بەسەردا دابەشدەکرێ بەڕێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناون لە پرۆسە هەڵبژاردنەکاندا، بۆ نمونە پارتێکی سیاسی بەشداربوو ئەگەر ١٥٪ دەنگەکانی هێنابێ ئەوا بەو ڕێژەیە کورسی پەرلەمانی بەرئەکەوێ. ئەم سیستەمەش لە زۆر وڵاتاندا پەیڕەو ئەکرێ وەک وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، خوارووی ئەفریکا، عێراق، پەرلەمانی ئەورووپی ..... هتد.
• دەنگدان ڕاستەوخۆیە و دەنگدەر کاندیدەکان ڕاستەوخۆ لەبازنەکانی هەڵبژاردنەوە بەربژێر ئەکات.
• مافی دەنگدان بۆ هەموو کەسێکە کە تەمەنی ١٨ساڵی تەواوکردبێ ڕەگەزنامەی تورکی هەبێ.
• لیستی حیزبەکان داخراوە واتا دەنگدەر لیست هەڵەبژێرێ نەک کاندیدێکی دیاری کراو.
• مەرجەکانی کاندید / ئەبێ کاندید خاوەنی ڕەگەزنامەی تورکی بێت، تەمەنی ٢٥ساڵ بووبێت لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا مەرجی تەمەن ٣٠ ساڵ بوو لەم هەڵبژاردنەدا کەمکرایەوە، و بڕوانامەی سەرەتایی هەبێ و مافە مەدەنییەکانی پەیڕەو بکات و ڕاژەی سەربازی تەواو کردبێ حوکمی دادگای بەسەرا نەدرابێت بەهۆی تاوانێکی دیاری کراو بەپێی دەستور وە پێویستە بڕە پارەیەکیش بدرێت لەکاتی تۆمارکردنی کاندیدەکان.
• بەدوو جۆر کاندید ئەتوانێ خۆی ناونوس



بکات یەکەمیان لە ڕێگای لیستی پارتە سیاسیەکانەوە دووەمیان وەک کاندیدێکی سەربەخۆ.
• لە پێش هەڵبژاردنەکان هاوپەیمانی لە وپرۆسەیەدا ناکرێ بەڵکو لکاندنی پارتیەکی سیاسی بە پارتیەکی ترەوە گونجاوە.
• بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان سیستەمی هوندت بەکاردێ ئەویش یەکێکە لە میتۆدە پەیڕەوکراوەکان لە جیهاندا .

تێپەڕاندنی ڕێژەی ١٠٪ دەنگەکان (عتبە ) واتە هەموو حیزبێکی سیاسی پێویستە ١٠٪ ئەودەنگانەی کە لە هەڵبژاردنەکەدا دراوە بەدەستی بهێنێ ئەگینا هەموو ئەو دەنگانەی بەدەستی هێناوە بەفیڕۆ ئەچێ، بۆ نمونە ئەگەر ڕێژەی دەنگدان ٥٠٪ بێ، واتا ئەبێ پارتە بەشداربووەکان دوو ملیۆن و نیو دەنگیان هێنابێ، هەروەها ئەگەر دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دەنگ بەدەسبێنێ هیچ کورسییەکی نابێ لە پەرلەمان، ئەمەش بەکردە ڕوویدا، ئەوەبوو پارتی ڕێگای ڕاست لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ ڕێژەی ٩،٥٪ بە دەسهێنا بەهیچ ئەندامێ نەچووە پەرلەمان. ئەمەش وەک بەربەستێکی یاسایی بەمەبەستی سیاسی بەکاردێت بۆ دوورخستنەوەی پێکهاتەیەک یان پارتێکی سیاسی نەویستراو لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ئەم بەربەستەش لە هەندێ وڵاتی تریش پەیڕەو ئەکرێ هەر یەک بەمەبەستێک وەک؛

- ئیسرائیل بەڕێژەی ١،٥٪ وەک بەربەستێک لەڕێگای ڕێکخراوە توندڕەوەکان

دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین ٢٪.

- ( ئەلمانیا، نیوزلندا، ڕوسیا) بەڕێژەی ٥،٠٪ ئاشکرایە کە ئەڵمانیا بۆ دوورخستنەوەی نازییەکانە لە دەسەڵات.
- وڵاتی سیشیل بەڕێژەی ١٠٪ بەکاردێت.

شایانی باسە کە بەربەستی ١٠٪ لە دوایی کودەتای ١٩٨٠ بەپاساوی سەقامگیری سیاسی چەسپا ئەوەش ڕێژەیەکی

زۆر بەرزەو هەموو کات جێگای نیگەرانی زۆر لە پارتە سیاسیەکان بووە، بەڵام کێن ئەوانەی کە بەرهەڵستی لابردنی ئەوە ئەکەن کە نەهێڵن ئەو ڕێژە بەرچاوە لابرێ یان هیچ نەبێ کەمکرێتەوە، ئەو لایەنانە (پارتی دادو گەشەپێدان، دامەزراوە سەربازییەکە، پارت و کەسە ناسیۆنالیستە تورکەکان) ئەو بەربەستەش بە پلەی یەکەم بۆ دژایەتی کورد بەکار هێنراوە، بۆیە کورد لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا هیچ کات وەک پارتێکی سیاسی بەلیست نەچۆتە هەڵبژاردنەکانەوە لەترسی بەهەدەردانی دانگەکانیان وەک فۆبیایەک لە تێنەپەڕاندنی ئەو ڕێژە بەرزە لە سەرئاستی وڵاتەکە. بەڵام لە پرۆسەی ئەمجارەدا وەک سەرکێشییەک لە لایەن بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش و پارتەکەی پارتی دیموکراتی گەلان ( HDP ) ئەو ترسە شکێنراو ئەم پارتە وەک بڕوا بەخۆبوونێک ئەگەرچی ڕیسکیکی (مجازفە) ترسناک بوو، بەڵام دەرکەوت کە بڕوایان بەوە هەبوو کە ئەتوانن ئەو بەربەستە بشکێنن و بۆ هەتاهەتایە کوردیش ببێتە کوتلەیەکی کوردی بەهێز لەو دامەزراوە گرنگە. ئەوە بوو سەرکەوتنە مەزنەکە بەدەسهات و ڕێژەکە تێپەڕێنرا.

- بینیمان ڕێژەی ١٠٪ تێپەڕێندرا، بەربەستەکە شکێندرا لە هەڵبژاردنی ٧/ ٦ و پاشان هەڵبژاردنی ١ /١١ی پێشوەختیش، ئایە ئەم ئەنجامە چی دەگۆڕی ؟

- ئەبن بە هێزێکی گەورە لە پەرلەمانی ژمارەی کورسیەکانیان ٥٩ کورسیە بەو پێگەیەیان بەهێز ئەبێ، ئەبن بە کوتلەیەکی کاریگەر لە ناوەندی بڕیاردان.
- کاریگەریان ئەبێ لە سەر پرۆسەی ئاشتی و دەسپێکردنەوەی دانوستانەکان، بڕوام وایە کە ئەچێتە قۆناغێکی نوێوە ئاستی بنمیچەیی داواکاریەکانی کورد بەرزتر ئەبێتەوە.
- هێزی چەپ و چەپڕەوەکانی کورد و تورک بەهێزتر دەبێ.
- پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) ئەتوانێ هاوپەیمانی تری بەهێز ببەستێ لەگەڵ کوتلە سیاسیەکانی تری ناو پەرلەمان و بەو شێوەیە پێگەیان بەهێز تردەبێ.

ئەگەر خوانەخواستە ڕێڕەوی پەیوەندییەکانی کورد و حکومەت بە ئاراستەیەکی خراپدا بڕوات پرۆسەی ئاشتی ئەکەوێتە مەترسیەوە،

کورد ناچارە پەرلەمانێکی خۆجێی لە باکور پێکبهێنی وەک پێویستیەکی قۆناغەکە. بۆیە بەڕاستی دەرهاویشتەی ئەم هەڵبژاردنە زۆر چارەنوسساز و جمگەیی و سوپرایز ئامێز دەبێ، فاکتەری بەهێزی HDP بۆ سەرکەوتن لە پەرلەمانی تورکیا ئەوەیە کە ئەو پارتە هەرچەندە جێگرەوەی پارتی ئاشتی و دیموکراتییە، بەڵام سنوری بەرتەسکی ناوچەیی تێپەڕاندووە وەک پارتێکی پێشڕەوی سەرتاسەری تورکی مامەڵەدەکا، بۆیە بووەتە جێی متمانەی چەپڕەوەکان لە سەر ئاستی وڵاتەکە بە کورد و تورکییشەوە لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کرانەوەی ئەو پارتە بەرووی ژنانەوە بەهۆی بڕوابوون و کارکردنییان بۆ یەکسانی ژن و پیاو وایکردوە کە سرنجی زۆر لە ژنانی تورکییش بەلای خویدا رابکێشی، ئەمەش دەبێت بە باگراوندێکی بەهێزی لەناو پەرلەماندا.

پرسە گرنگەکانی پاش هەڵبژاردن لەلایەن ئەکەپەوە:

*گۆڕانی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی و هەموارکردنەوەی دەستور وەک ئەوەی لە بەرنامە هەڵبژاردنی

پارتـی دادو گەشەپێداندا هاتـووە، ئەگـەر ئـەو پارتـە ٣٣٠کورسی بهێنابا ئەیتوانی دەستور هەموار بکاتـەوە لـە رێگای راپرسیوە، هەمانکات ئەگەر٣٦٧ کورسی هەبوایـە ئـەوا بـۆی هەبـوو دەسـتور هەمـوار بکاتـەوە بـێ گەڕانـەوە بـۆ راپرسی گشتی و خەڵـک، بـەڵام ئێستا دەرکـەوت پـاش راگەیاندنی دەرئەنجامەکان ئەکەپە کە ٣١٧ کورسی هێناوە ئەو ژمارەیە تەنها ئەتوانێ حکومەت پێکبهینێ بەتەنها وە ناتوانێ خەونەکانی تری ئەردۆغان بینێتـەدی، بۆیـە پێویسـتی بەهاوپەیمانـی لەگـەڵ یەکـێ لـەو سـێ حیزبـە براوەکـەی تـر دەبـێ.

*پرسـی ئاشـتی و کێشـەی کـورد ئەمـەش یەکێـک ئەبـێ لـەو پرسـە گرنگانـەی کـە چاوەڕوانـی چارەسـەرەو چـی دی دواکەوتـن هەڵناگـرێ وە گەڕانـەوە بـۆ ئاسـایی بوونـەوەی دۆخـی ئاشـتی لـە ژێـر بەرپرسـیاریەتی حکومەتەدایـە.

بـۆ چـی مەهەپـە (MHP) رێـژەی ١٢٪ بـە سـەرەوەی هێنـاوە ژمـارەی کورسیەکانی ٤٠ کورسیە و کەچـی هەدەپـە ( HDP) رێژەی ١٠٪ هێنـاوە و بـەڵام ٥٩ کورسـی هێنـاوە ؟ ئـەم پرسـیارە زۆر جـار لەلایـەن خەڵکـەوە ئەکـرێ وەڵامەکەشـی ئەمەیـە؛

جیاوازی سیستەمی هەڵبژاردن شتی سەیرو سەمەری لێدێتە ئەنجام دوو هـۆکاری سـەرەکی هەیـە پێکـەوە وایانکردووەکـە ئـەو جیاوازیە دورستببێت.

هۆکاری یەکـەم: سیستەمی فرەبـازنەیـی واتـە هەمـوو وڵاتکـە یـەک بازنـە نـی یـە، بەڵکـو (٨٥) بازنـەی هەڵبـژاردن بوونـی هەیـە و دەنگـدەری هـەر پارێزگایـەک دەنـگ دەدات بـۆ لیسـتێکی دیاریکـراو لـە پارێزگاکـەی خـۆی، هەروەهـا لە سەر ئاستی ئەو پارێزگایـدا دەنگەکان هەژمار دەکرێت بـۆ لیسـتی قـەوارە سیاسیەکان، جـاری وا هەیـە لیسـتێک پێوستی بـە دەنگێـک یـان چەنـد دەنگێـک ئەبێت تابـگات بـە نرخـی کورسیەک، کاتێـک کـە ئـەو دەنگـە پێویسـتە نـی یـە بۆیـە هەمـوو دەنگەکانـی بەفیـڕۆ دەڕوات، ئەمـە ئەگەر وڵاتەکە هەمووی یـەک بازنـە بوایـە ئـەوا بـێ گومـان ژمـارەی دەنگەکانـی هـەر بارێزگایـەک ئەوانـی تـری تـەواو دەکـرد وە ئـەو دەنگـە کەمانـەی پـڕ دەکـردوە بەکورسـی هەژماردەکرا، لـەو حاڵەتـەدا دەنگەکان بەفیـڕۆ نەدەچوو. سروشـت و تایبەتمەنـدی حیزبـی مەهەپـە وایـە کـە لـە زۆربـەی شـارە تورکییـەکان لایەنگری هەیـە بـە رێژەیەکـی دیـاری کـراو زۆر جـار نرخـی کورسیەکان تـەواو نـاکات لـە سـەر ئەوەشـەوە کـە ژمـارە دەنگەکانیشـی زۆرە.

هۆکاری دووەم: پەیڕەوکردنـی رێگـای مامۆسـتای ماتماتیـک (فیکتـۆر دی هونـدت) بـۆ هەژمـار کردنـی دەنگـی دەنگـدەران خـۆی ئـەم رێگایـە لـە بەرژەوەنـدی لیسـتە گەورەکاندایـە، لەبـەر ئـەوە لیسـتە پەرتـەوازەکان زەرەرمەندئەبـن لـەم میتـۆدەدا ئەمشـێوەیە لـە جیاکردنـەوەی دەنگـەکان دێتـە ئەنجامـدان سـەرەتا ریزبەندیـەک دەکرێـت بـۆ لیسـتەکان بەگوێـرە ژمـارە دەنگـی بەدەسـهاتوو لـە بەهێزتریـن لیستەوە دەسپێ ئەکەیـن دا ئەبەزیـن بـۆ بچوکتریـن لیست لەسـەر ئاسـتی هـەر بازنەیەکـی هەڵبـژاردن بەجیـاواز هەنگاوی دووەم دەسپێئەکەین، بەدابەشکردنی دەنگەکانی هەمـوو لیسـتەکان بەسـەر ژمـارە ١و٢و٣و٤ وە٥ پاشـان ئەگەڕیـن بـەدوای گەورەتریـن ژمـارە لـە دەرئەنجامـی ئـەو دابەشـکردنە ئەوەنـدە ژمـارەی گـەورە دیاریدەکـەی بەگوێـرەی کورسـیە دیاریکراوەکانـی بازنـەکان واتـە شـارەکان شـایانی باسـە جگـە لـە دی هۆنـدت میکانیزمـی تـر زۆر بـۆ جیاکردنـەوەی دەنـگ لـە هەڵبژاردنەکانـدا لـە جیهـان وەک رێـگای کۆڵکـەی هەڵبـژاردن، هەروەهـا سانت لبگۆ .... هتد هـەر بـۆ زانیـاری خوێنەرانـی هێـژا ئێمـەی کـورد قوربانـی سیسـتەمی پەیـڕەو کراویـن لـە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەوەش بە پەیڕەوکردنی سیستەمێکی فێڵ ئامێز چ وەک بازنـەی هەڵبـژاردن یـان وەک میکانیزمی جیاکردنـەوەی دەنگەکان رونکردنـەوەو وردو درشتی ئەو بابەتـە لـە نوسینێکی تـردا بـە درێـژی باسـدەکەین.



عبدوالرحمان خەلیفە
پسپۆر لەبواری هەڵبژاردن

# ((ئێوه چی لەدیموکراسی دەزانن جگە لەناوەکەی))؟؟

دیموکراسی خۆی لەخۆیدا سەرەخۆرەی بیری تاکڕەویە، پاوانخوازی بەرەو زبڵدانی مێژوو گلۆر دەکاتەوە، قۆرخ کاری بێزراوترین دەستەواژەیە لەفەرهەنگیدا، یاسا سەروەری کۆڵەکەو پایەی سەرەکی دیموکراسیە، بیری ئازاد سەرچاوەی ئیلهامی زیندوومانەوەی کۆمەڵگەیە، بەڵێن بۆ داهاتوویکی پڕ لەخزمەت پێوەری ڕاستگۆییە نەک خەباتی ڕابردوو... کورسی دیموکراسی لەدووجار زیاتر دەمووچاوێکی قبوڵ نی یە بیبێتە سەرنشینی،...

ئێستا کاتی وەڵامدانەوەی ئەم هەموو چەمکەی دیموکراسیە لەلایەن ئێوەی سیاسی و ئاشقانی مانەوە لەشانۆی سیاسیدا، بەڵام سەیری سەرکردەی دیموکراسی بکەن.

کاتێک دیموکراسی ئاواکرا لە وڵاتانی ئەوروپا، ئیتر پیرۆزییێک نەما بۆ قەشەو پاپاو قەیسەر و فەرمانڕەوا، لەبری ئەوان یاساو دەستور هاتنە مەیدان، بەجۆرێک تاک تەنها پێوەر بۆ هاووڵاتی بوونی دڵسۆزی و بەرگریکردنە لەنیشتمان، نەک پێگەی ئاینی و سیاسی بنەماڵە و خێزان، بەجۆرێک خاکی بەریتانیا موڵکی ئەلیزابێسە، بەڵام



بچوکترین ڕۆڵی نیە لە داڕشتنی یاساو دەستور و پەرلەمان، (دیڤید کامیرۆن) پزیشکێک سەرزەنشتی دەکات لەسەر سەرپێچی لەڕێنمای تەندروستی لە نەخۆشخانەیکدا، (بیل کلنتۆن) سەرۆکی زلهێزترین وڵاتی دونیا ڕووبەڕووی دادگا دەکرێتەوە زۆر بەئاسانی، (فرانسوا میتران)ی سەرۆکی پێشووتری فەرەنسا لێکۆڵینەوە لە فاتوورەی ژمێک خواردنی دەکرێت کە بڕی پارەی دیاری کراوی تێپەڕاندووە (ئۆباما)ش نمونەی سەرکردەی پابەند بەدەستور و یاسای وڵاتەکەی دەڵێت یاسا لە ئەمریکا لە سەرۆک گەورەترە بۆیە ناتوانم خۆم هەڵبژێرمەوە، وابزانم کورد وتەنی (مشتێک نمونەی خەرواریکە) بۆیە نمونەی ئەرێنی سەرکردەکان دونیای دیموکراسی کۆتا پێ دێنم....

ئێستا باسەرێک لە(دیواخانی سیاسی) خۆمان بدەین بزانین چەندە نزیکین لەدونیای دیموکراسیەوە، بۆ ئەوەی

ستەمیش لە دیموکراسی نەکەین....
پێش هەموو شتێک دەبێت ئێمە خاوەنی دەستورێک بین ئەوکات دەتوانین باس لەدیموکراسی بکەین، بەڵام بەداخەوە هەر لەیەکەم هەنگاودا ئێمە لەدەرەوەی بازنەکەین، دواتر دەبێت ڕۆڵی تاک بەهەند وەرگرین لەکۆمەڵگەدا، بەڵام ئەمیشیان نیە چونکە تاک کاتێک قبوڵکراودەبێت کە(کۆیلە)ی حزب بێت، بۆیە کۆمەڵگەش لەتاک پێکدێت کە ئەم بوونی نەبوو کەواتە کۆمەڵگەیێکیش لەگۆڕدا نابێت تا لە دیموکراسی بگات...
بۆیە ئەوەی دەگوزەرێت لێرە تەنهاو تەنها خۆسەپێنی حزبیە نەک کۆمەڵگەی دیموکراتیک، کاتێک ئەنجامی هەڵبژاردن پەیوەست کرا بەخەبات و پێگەی سیاسیەوە ئیتر ئومێدێک بۆ دیموکراسی بەدی ناکرێت بۆیە ئەرکی هەموو کەسانی ئازادیخوازە کە قۆناخی هۆشیارکردنەوەی تاک بەرێ بخەن، بۆ زیندووکردنەوەی کۆمەڵگە، ئەم هەنگاوەش بە هەموو پیرۆزیە دەستکردەکانی بیری تاکڕەوی و قۆرخکاری دەورە دراوە، بۆیە هەنگاوەکان ڕووبەڕووی بەربەست و ئاستەنگی بەرژەوەندی خوازان دەبنەوە....
لێرە ئەگەر لێپێچینەوە لەسیاسیەکان بکرێت ئەوا تەنها لەسەر زۆری کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانیان و زۆری بەفیڕۆدانی بەنزین لەهەر سەردانێکیاندا دەبێت لەزیندان توند بکرێن، ئەگەر دۆسیەی بەهەدەردانی سامانی گشتی لەلایەن بەرپرسەکانەوە بکرێتەوە، بێگومان سزای ناپاکی گەورە دەیانگرێتەوە....
باشوور چارەکە سەدەیێکە خاوەنی خۆبەڕێوەبەرییێکی حزبی و کلاسیکیە  بۆیە کۆتا ساڵەکانی تەمەنی بەپێشێل کردنی یاساو، قەرزی دەرەکی و قەیرانی دارایی و سیاسی و چاو سوور کردنەوە نمایش دەکات، هەموو ئەم قەیرانانەش بۆیە هاتونەتە بوون چونکە خاوەنی ئیرادە نین بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و گەندەڵی سەرتۆپە لەکاردا....
مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لۆگۆی پێنج هەزار شەهیدی نەتەوەیەک (لەبەر نەبوونی سایلۆ) گەنمی تیا عەمبار دەکرێت، سەیرە ئەم حکومەتی کوردیە لەبری دروستکردنی سایلۆیێک بۆ شارەکە خودی مۆنۆمێنتی شارەکەی کردووەتە سایلۆ؟؟؟ شارەزووری بەپیت لەبری ئەوەی بکرێتە (سەبەتەی خواردنی هەرچوارپارچە) لەبەرووبومی کشتوکاڵیدا، ئێستا لە وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە تەماتە و پەتاتە و خەیار و میوەی بۆ دێت، لەکاتێکدا یابانیەکان(ژاپۆنیەکان) لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، وتبویان هەموو یابان لەسەر ئەم دەشتە دەژین و پێویستیان بەهیچ بەروبوومێکی کشتوکاڵی نابێت...
لەبواری ئازادیدا کوشتن و گرتن و تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و دەنگی ئازاد لەئاستێکی مەترسی داردایە، بەجۆرێک لەسەر نوسین، یان هەڵواسینی وێنە تووشی لێپێچینەوەو زیندان دەبیتەوە جێ دەستی دەزگا ئەمنیەکانی حزب دیارە لەم بوارەدا، بۆیە پێویست بەنمونەو سمپڵ ناکات.
لەڕووی پێکەوە ژیان و فرەیی سیاسی، شەرمە وشەی دیموکراسی بەکاربهێنرێت، چونکە کلتووری (یەکترسڕینەوە) پیادە دەکرێت لە سەدەی بیست و یەکدا، یاسا بەپێی ویستی لایەنێک دەبڕێت و دەدورێت بەجۆرێک کاتێک لایەنێک بوونی دەبێت کە بەیعەتی دابێت بە هێزی یەکەم و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بێت..
لەدونیای دیموکراسیدا (خیانەت) بە (دەسکەوت) ئەژمار ناکرێت، (خۆسەپێنی) بە (شەرعیەت) لە قەڵەم نادرێت، (دزی و گەندەڵی) بە (ئابوری سەربەخۆ) ناوزەد ناکرێت، (خەبات) بە (پیرۆزی) سەیرناکرێت، (چینایەتی) بە (پلەبەندی) ئەژمار ناکرێت، لە دیموکراسیدا تەنها لە ئەرکدا بەرپرس بوونی هەیە نەک (ئمتیاز).
بۆیە دەڵێم(ئێوە چی لەدیموکراسی دەزانن جگە لەناوەکەی)؟؟؟



کامەران گوڵپی

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

| ژمارە | رێکەوت |
|---|---|
| 111 | 2015/11/16 |

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( ئازادی کۆمەڵگە ) مانگانەیەو خاوەن ئیمتیازی ( محمد کیانی عبدالرحمن ) و سەرنووسەرەکەی ( گوران علی حسن )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( 111 ) تۆمارکرا.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

Azadî Komelge

**Govarêkî Syasî, Hzrî, Cvakîye**

## لەگەڵ سوپاس و ڕێزی بێپایانمان بۆ هەموو ئەو کەسانەی هاوکارمان بون